تۆماس پین

# عەقڵی سەلیم

پێشڕەو حسێن
کردویەتی بە کوردی

**سەرچاوە فارسییەکە**

عقل سلیم، تام پین

با مقدمه وویرایش ایزاك كرامینك

ترجمه رامین مستقیم

انتشارات نقش جهان 1381

## لەم کتێبەدا


دەربارەی سەرچاوەی حکومەت بەشێوەیەکی گشتی، لەتەك چەند رونکردنەوەیەك لەمەڕ سیستمی حکومڕانی بەڕیتانیا 5
دەربارەی پاشایەتیو جێنشینی میراتی 16
کۆمەڵێك بیروڕا سەبارەت بەبارودۆخی حاڵی حازری ئەمریکا 32
دەربارەی توانایەکانی حاڵی حازری ئەمریکا، لەگەڵ چەند قوڵبونەوەیەکی لاوەکی 60
پەیوەست 76
ژیانو پیشەی تۆماس پین. 98
لەبەرگ دورینەوە تاشۆڕشگێڕیی 98
(بەڵگەکانی ئەقڵی سەلیم) 117
رادیکالزمی بورژوازیی ـ ئایدۆلۆژیای تۆماس پین. 129
ـ تۆماس پینو دووسەد هەمین ساڵڕۆژی ئەمریکا ـ 144

## دەربارەی سەرچاوەی حکومەت بەشێوەیەکی گشتی،
## لەتەك چەند رونکردنەوەیەك لەمەڕ سیستمی حکومڕانی بەڕیتانیا

هەندێك لەنووسەرانی ئەمڕۆ، بەجۆرێك کۆمەڵگاو حکومەت تێکەڵاو دەکەن کە هیچ جیاوازیەك لەنێوانیاندا ناهێڵنەوە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە کۆمەڵگاو حکومەت جگەلەوەی کە جیاوازن، سەرچاوەی درووستبونیشیان یەکێك نیە.

پێویستیەکانی ئێمە کۆمەڵگا دروست دەکاتو، شەڕانگێزیەکانیشمان حکومەت دروست دەکات.

کۆمەڵگا بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ، بەدروستکردنی هەستی خوگرتن بەبەرامبەرەوە، لەنێوان مرۆڤەکاندا خۆشبەختی دەخولقێنیو، حکومەتیش بەشێوازێکی نێگەتیڤ، لەرێگەی مەهارکردنی شەڕانگێزیەکانەوە خۆشبەختی دەخولقێنێ. کۆمەڵگا دەبێتە هۆی بەهێزکردنی هەستی ئاوێتە بوونو گفتوگۆ[1]، حکومەتیش جیاوازیەکانمان گەشە پێدەدات. یەکەمیان پاڵپشتیو دووەمیان سیاسەت[2] دەکات.

لەهەموو بارودۆخێکدا کۆمەڵگا بەرەکەتو، حکومەت لەباشترین بارودۆخەکاندا شەڕێکی پێویستەو لەخراپترینیاندا، شتێکە کە تەحەمولکردنی

[1] - Intercourse
[2] - سیاسەت بەپێی مانا کۆنەکەی هۆشیارکردنەوە.



مەحاڵە، لەبەر ئەوەی ئەوکاتانەی روبەڕوی ستەمکاری دەبینەوە، یاخود بەئامادەبوونی حکومەت روبەڕوی هەمان ئەو مەینەتیانە دەبینەوە کە بەئامادەنەبوونی حکومەت روبەڕوی دەبینەوە، بەدبەختیەکانمان بەقوڵبونەوەمان دەربارەی ئەوەی کە خودی خۆمان ستەم لەخودی خۆمان دەکەین، دەگاتە لووتکە.

حکومەت وەك کۆمەڵگا، ئاماژەیەکە بۆ پاکیزەیی بەباچووی مرۆڤایەتی، کۆشکی پادشاکان لەسەر وێرانە کوخەکانی[3] بەهەشت دروستکران، لەبەر ئەوەی گەر مرۆڤ بەردەوام گوێ لەدەنگی ناخو ویژدانی راستەقینەی خۆی بگرێتو بەبێ هیچ بەرهەڵستەیەك پەیڕەویی لێ بکات، پێویستی بەیاسا دانەر نابێت، بەڵام گەر بەو جۆرە نەکات (گوێ لەدەنگی ویژدانی نەگرێت)، بیر لەوە دەکاتەوە کە بۆپاراستنی بەشێك لەسامانو دارایەکەی پێویستە بەشێکی تەسلیم بکات. بەم شێوەیە، بەحوکمی ئەوەی مرۆڤ زیاتر بیر لەبەرژەوەندیەکانی دەکاتەوە، وەکو ئەودوای کارەکانی تری، لەنێوان خراپو خراپتردا، خراپ هەڵدەبژێرێت. هەر لەبەر ئەمەشە کەحکومەت ئاسایش دەکاتە ئامانجو[4] و نیەتی راستەقینەی خۆیو، رونو ئاشکرایە کە حکومەت لەهەر فۆرمێکدا خۆی بنوێنێ دەیەوێت دڵنیامان بکات، کە بەکەمترین بودجەو زیاترین سود، لەفورمەکانی تر، لەپێشترە.

بۆ ئەوەی بەجوانی لەنیەتو ئامانجی حکومەت تێبگەین، مۆڵەت بدەن وای دابنێین کە ژمارەیەکی کەمی خەڵکیی، لەخاڵێکی دوری زەوی، بەبێ هیچ

[3] - Bowers
[4] - Design

جۆرەپەیوەندیەك بەخەڵكانی سەرزەویەوە، ژیان دەبەنەسەر. ئەوژمارەیەش دەكرێت نوێنەری یەكەمین دانیشتوانی سەرزەوی بن. لەم دۆخەدا كەئازادیی سروشتی بوونی هەیە، دروستكردنی كۆمەڵگا، یەكەمین شتە كەزەینی ئەو خەڵكانە داگیر دەكات. لەوحاڵەتەدا هەزاران خەیاڵ مرۆڤەكان دەبزوێنێ، توانستی مرۆڤێك لەتەك پێداویستیەكانیدا یەكسان نیەو، زەینی ئامادەیی گۆشەگیریەكی هەمیشەیی نیەو ئەومرۆڤە زۆر بەزوویی ناچار دەبێت دەستی یارمەتیخوازیش‌و هاوكاری بۆ بەرامبەرەكانی درێژبكات، كە هاوكات بەرامبەریش پێویستی پێی دەبێت. چوار یان پێنج كەس دەتوانن لەنێو سروشتی وەحشیدا ژیان بەسەرببەن، بەڵام تاكە مرۆڤێك پاش تەمەنێك كاركردن‌و مەینەتی چەشتن هیچی لەژیان دەست ناكەوێت. ئەو كاتەی مرۆڤێك بەتەور درەختێك دەبڕێتەوە، دواتر ناتوانێت هەر بەتەنها ئەو درەختە بجولێنێ‌و تەنانەت پاش جولاندنی، ناتوانێت بەشێوەیەكی توندوتۆڵ بەرپای بكاتەوە: لەتەك ئەوەشدا برسی دەبێت‌و دەبێ دەست لەكاركردن بكێشێتەوەو دواجار یەك بەیەكی پێویستیەكانی تری، زەین‌و هۆشی بەملاو بەولادا دەبەن. نەخۆشی‌و هەندێك جار كارەساتە سروشتیەكان، مرۆڤ روبەڕوی مەترسی مەرگ دەكەنەوە، ئەگەر نەخۆشی‌و كارەساتەكان نەبنەهۆی مردنی مرۆڤ دەبنە هۆی لەپێخستنی مرۆڤی تەنهاو، ئەگەر یەكسەر نەیكوژن، وردەوردە لەتواناییەكانی كەم دەكەنەوەو، بەكەلاكی دەیخەن.

لەم ڕوەوە، پێویستی (زەرورەت)، وەكو هێزێكی راكێشەر، كۆچبەرەتازەكان لەقاڵبی كۆمەڵگایەكدا كۆدەكاتەوە، پاڵپشتی بەرامبەربەیەكی تاكەكانی ئەوكۆمەڵگایە جێگەی دوژمنایەتیەكان دەگرێتەوەو بەڵێندەرایەتی یاسایی دروست دەكات‌و لەبەر ئەوە، لەوچوارچێوەیەشدا، ئەندامانی كۆمەڵگا لەڕووی دادپەروەری‌و ئینسافەوە لەگەڵ یەكتری رەفتارو مامەڵە دەكەن، بوونی حكومەت پێویست نابێ، بەڵام لەوڕوەوە كە هەمووكەسێك جگە لەخودا قابیلی هەڵكردنەو، بەناچاریی تارادەیەك بەسەر گرفتەكانی كۆچبەریدا زاڵ دەبن كەهۆی سەرەكی دروستكردنی پەیوەندیی نێوان ئەندامانی كۆمەڵگایە، ئەوان وردە وردە لەبەرامبەر جێبەجێكردنی ئەركەكانیاندا كەم تەرخەمی دەنوێنن‌و تۆڕی پەیوەندیی‌و موحیبەت باریكتر دەبێتەوەو، ئەو كەمتەرخەمیەش پێویستی‌و زەڕورەتی دامەزراندنی جۆرێك حكومەت بۆ رێگەگرتن لە كەموكوڕیە ئەخلاقیەكان، دێنێتە ئاراوە.

درەختێك لەنزیك ئەو كۆمەڵگا گریمان كراوەی ئێمەوە وەكو دار الحكومە تەماشا دەكرێت‌و لەژێر لق‌و پۆپەكانی ئەودرەختەدا سەرجەم دانیشتوان كۆدەبنەوە، بۆ ئەوەی سەبارەت بەبابەتە گشتیەكان گفتوگۆ سازبكەن‌و رابگۆڕنەوە.

زۆر چاوەڕوان كراوە كە ناونیشانی یەكەمین یاساكان تەنها ئەو فرمانە دیاریكراوانە بێت كە گرنتی پراكتیزەكردنیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كەسی تاوانبار لەلایەن هەموانەوە بەكەسێكی سوك لەقەڵەم بدرێت‌و لەیەكەمین پەرلەمانیشدا، هەموو تاكێك بەحوكمی ئەو مافە سروشتیەی خۆی دەبێتە خاوەنی كورسیەكی پەرلەمان.

بەڵام زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان دەبێتە گرفتێكی تری كۆمەڵگاو، دواجار دوریی شوێنی نیشتەجێبوونی تاكەكان، كۆبونەوەی جار ناجارەی ئەندامانی كۆمەڵگا قورس دەكات. زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان‌و

دورکەوتنەوەی تاکەکان لەیەکتر دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی قایلبن بەوەی ئەرکی یاسادانان بدەنە دەست کۆمەڵێك کەسی هەڵبژێردراو، ئەوانیش کەدەبنە یاسادانەر، هەر ئەوەندە گرنگی بەوبابەتانەدەدەن کە پەیوەندیان بەهاوڵاتیانەوە هەیە، کە ئەگەر خۆیان بونایە هەرئەوەندە گرنگیان پێدەدا. گەر زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوانی کۆمەڵگا گریمانیەکەی ئێمە درێژە بکێشێت‌و، لەهەمانکاتدا بەرژەوەندیی هەموو بەشێکی کۆمەڵگا رەچاوبکرێت، باشتر دەبێت کە ئەوژمارە زۆرەی دانیشتوان بەسەر چەند بەشێکی گونجاوتردا دابەش بکرێت‌و، هەربەشەش ژمارەی گونجاوی خۆی بەجۆرێك هەڵبژێرێت کە (هەڵبژێردراوەکان) هەرگیز نەتوانن بەبێ رەچاوکردنی بەرژەوەندیی (ئەوانەی هەڵیان بژاردون، دەنگدەر) کارێك ئەنجام بدەن. بەرژەوەندیی‌و دوربینی بەباشی دەزانێت کەماوە ماوە هەڵبژاردن دوبارە بکرێتەوە. لەبەر ئەوەی تازەکردنەوەی هەڵبژاردن جارێکی تر هەڵبژێردراوەکان روبەڕوی دەنگدەرو جەماوەر دەکاتەوەو، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەڵبژێردراوەکان بیر لەوە بکەنەوە کە گەرهەڵبژێردران نابێت لەلبادی خەڵکی کڵاو بۆخۆیان بدورن. ئەم ئاڵوگۆڕە بەردەوامە دەبێتە هۆی دەستە بەرکردن‌و دابینکردنی بەرژەوەندیی تاك بەتاکی کۆمەڵگاوتاکەکانیش لەبەرامبەر یەکترو بەشێوەیەکی سروشتی پاڵپشتی یەکترن‌و لەسەرئەم بنەڕەتە (نەوەکو بەناوی پادشاوە) دەسەڵاتی حکومەت‌و خۆشبەختی جەماوەر جێگیر دەبێت. کەواتە سەرچاوەو سەرهەڵدانی حکومەت لاوازیی کردەوە ئەخلاقیەکانە لەبەڕێوەبردنی جیهانداو، هەرلێرەشدایەکە ئامانج‌و نیەتی حکومەت (ئازادیی‌و ئاسایش) خۆی حەشار داوە. هەرچەندە سپیەتی بەفر چاوەکانمان نوقمی تەماشا دەکات، یاخود دەنگی بەرز فیڵ



لەگوێچکەکانمان دەکات‌و، رقوکینە درك‌و تێگەیشتنمان تاریك‌و لیڵ دەکات، بەڵام بانگەوازی سروشت‌و دانایی پێمان دەڵێت: ئەوەی گوتمان ڕەوایە.

بیرکردنەوەی من دەربارەی فۆرمی حکەومەت سودی لەبنەمایەکی سروشتی وەرگرتووە کە موو بەنێوانیا تێ پەڕنابێ. بەپێی ئەوبنەمایە هەرچەندە شتێك سادەتربێت، کەمتر ئەگەری خراپ بوونی دەکرێت‌و، گەرشتێکی سادە خراپ ببێت زۆر ئاسانتر چاك دەکرێتەوەو، بەسەرنجدان لەو بنەما باوە، هەندێك رونکردنەوە دەربارەی سیستمی حکومڕانی بەریتانیا پێشکەش دەکەم. لەڕاستیدا ئەوسیستمە حوکمڕانیە بۆ سەردەمی تاریکی‌و کۆیلایەتی زۆر پێویست‌و گرنگ بوو. ئەودەمەی جیهان لەژێرپێی ستەمکاریدا بوو، ئەوە بچوکترین کارێك بوو کەدەکرا ئەنجام بدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بەئاسانی دەتوانین ئەوە بسەلێنین کە ئەوسیستمە، سیستمێکی ناتەواوی حکومڕانی بووە: حکومەتێکی لاواز کە بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێنەکرد.

حکومەتە رەهاکان (هەرچەندە نەنگیە لە رەسنی مرۆڤدا) خاوەنی ئەوتایبەتمەندیەن کەحکومەتێکی ساکارو سادەن، ئەگەر خەڵکێك مەینەتی دەبینێ، دەزانێت کەسەرچاوەی مەینەتیەکانی چییەو، هەر لەبەرئەمەش چارەسەری مەینەتیەکانیشی بەباشی دەناسێ. بەڵام سیستمی حکومڕانی بەریتانیا ئەوەندە قوڵ‌و تەم‌و مژاویە کەخەڵکی پاش چەندین ساڵ مەینەتی، ناتوانێت ئەوە بدۆزێتەوە کە گرفتەکە لەکوێی سیستمەکەدایە، هەندێك کەس گرفتەکانی ئەو حکومەتە لەشتێك‌و هەندێکی تر لەشتێکی تردا دیبیننەوەو، هەرپزیشکێکی سیاسی پێشنیاری دەرمان‌و چارەسەرێکی دیاریکراو دەکات.

دەزانم کەرێگەگرتن لەڕەگەزپەرستیە ناوچەییو دێرینەکان کارێکی دژوارە، بەڵام گەر زەحمەتی لێکدانەوەی بەشەجیاوازەکانی سیستمی حکومڕانی بەریتانیا بەخۆمان بدەین، تێدەگەین کەئەوبەشانە، بەجێماوەکانی دووستەمکارییو جەباریەتی کۆنن کە لەگەڵ پێویستیەکانی سیستمی نوێی کۆماریدا تێکەڵاو کراون:

یەکەم: پاشماوەکانی جەبەروتی پادشایەتی لەنێوکەسایەتی پادشادا بەرجەستە دەبێت.

دووەم: پاشماوەکانی جەبەروتی ئەشرافی، لەنێو ئەندامانی ئەنجومەنی ئەشرافی.

سێهەم: پێویستیەکانی کۆماریی نوێ، کەهەمان ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانینو، ئازادیی بەریتانیا لەسەر رەفتارو هەڵسو کەوتی ئەوان وەستاوە.

بەشی یەکەمو دووەم لەبەر ئەوەی بەمیراتی دەمێننەوەو لەخەڵکی جیابونەتەوە، لەبەر ئەوەی لەڕوی سیستمی حکومڕانیەوە لەمەڕئازادیی وڵات هیچ کارێك بەڕێوە نابەن.

گەر لەوباوەڕەداین کەبنچینەی حکومەتی بەڕیتانیا بەهۆی یەکگرتنی سێ هێزی کاریگەر لەسەر یەکتری، دروست بووە، قسەو باوەرێکی پێکەنیناویە. یان ووشەکان مانایان نییە یاخود ناکۆکیان لەنێواندایە. گەرپێمان وابێت ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی چاودێریی کارو بارەکانی پادشا دەکەن، لەسەر دوگریمان وەستاوە:



یەکەم/ ئەوەی کەناکرێت لەپادشا بگەڕێینو متمانەی پێبکەین، یان بەواتایەکی تر، شەهوەتی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی رەها، نەخۆشیەکی سروشتی پادشاکانە.

دووەم/ ئەوەیە کەئەندامانی ئەنجومەنی گشتی لەبەر ئەوەی دەستنیشانکراون (لەلایەن خەڵکەوە) بەمەبەستی چاودێری کردنی کاروباری پادشا، رەنگە داناترین لەپادشا، یاخود بکرێت متمانەیەکی زیاتریان پێ بکەین.

بەڵام هەمان ئەو سیستمەی کەتوانای ئەوە دەبەخشێتە ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی کەبەبڕینی موچە دیاریکراوەکەی، کارەکانی پادشا رابگرن، هەمان هێزیش دەبەخشێتە پادشا کەبەڕەتکردنەوەی لیستەکانو بەبیانوی ناشایستەییانەوە رکێفی ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی بەدەستەوە بگرێتو، بەم شێوەیە دەبێ وای دابنێین کەپادشا لەوکەسانەی کەبڕیار بوو لەوداناترین، داناتر دەبێتو ئەمەش کارو هاوکێشەیەکی بەتاڵو پووچە!! لەنێوبنەڕەتەکانی پادشایەتیدا شتێکی زۆر گاڵتەجاڕ بوونی هەیە: یەکەمجار لەڕێگەی وەرگرتنی زانیاریەوە مرۆڤەکان رەت دەکاتەوەو دواتر توانای ئەوەش دەداتە پادشا کەبڕیار لەسەرکارێك بدات کەبڕیاردان لەسەری پێویستی بەبڵندترین دادپەروەرییو بڕیاردان هەیە.

بارودۆخی پادشا، لەجیهانو شتەکانی ناوجیهان دایدەبڕێتو لەگەڵ ئەمەشدا، کاری پادشا پێویستی بەوەیە کەئاگاداری بارودۆخی جیهانو دەوروبەرەکەی بێت. هەرکاتێك بەشەجیاوازەکان بەشێوەیەکی ناسروشتی

دژایەتی یەکتر بکەنو یەکتر لەناو ببەن، ئەوە دەسەلمێت کەیەکەی گشتی ئەوبەشانە شتێکی بێکەڵكو بێ سودە.

هەندێك نوسەر بەم شێوەیە باس لەحکومەتی بەریتانیا دەکەن: پادشا بابەتێکی جیاوازەو خەڵکی شتێکی جیاواز ترە، ئەوان دەڵێن ئەندامانی ئەنجومەنی خانەدانان لەلایەن پادشاوە دەستنیشان کراونو، ئەندامانی ئەنجەمەنی گشتی لەلایەن خەڵکەوە. بەڵام ئەنجومەنی گشتی سەرجەم ئەو تایبەتمەندیانەی هەڵگرتوە کەدژی خۆی دوچاری تەفرەقەو لێك دورکەوتنەوە بووەو، هەرچەندە بەباشترین شێوە وەسفبکرێت، پاش لێوردبونەوەی دەردەکەوێت کەشتێکی تەمو مژاوییو بێ کەڵکە. لەبەر ئەوەی ئەم رونکردنەوەیە هەمان ئەوپرسیارەی پێشوو هەڵدەگرێتەوە، کەچۆن پادشا دەگاتە دەسەڵاتێك کەخەڵکی دەترسن متمانەی پێبکەنو هەمیشە ناچارن بەلەکارخستنی ئەو دەسەڵاتە؟ دەسەڵاتێکی لەوجۆرە ناکرێت خەڵاتێك بێت کەلەلایەن خەڵکی داناوە پێشکەشکرابێتو، دەسەڵاتێك کەپێویستی بەرێگە لێگرتن هەبێت ناکرێت لەلایەن خوداوە پێشکەش کرابێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ناوەرۆکی یاسای بنەڕەتی (دەستور)و بنەڕەتی حکومەتی بەریتانیا لەوباوەڕەدایە کە ئەگەری دروست بوونی دەسەڵاتێکی لەوجۆرە بوونی هەیە.

بەڵام ئەم پێشەکیە تەواوو بەس نیە بۆ مەبەست. ئامڕاز ناتوانێت بمان گەێنێتە ئامانجو، سەرجەم ئەوکارە تێکدانی مەبەستو خۆکوژیە[5]، لەبەر ئەوەی هەمیشە بارەسووکەکان لەسەر پشتی بارگرانەکانە، هەروەکوچۆن سەرجەم چەرخەکانی ئامێرێك بەهۆی چەرخێکەوە دەجولێن، دەبێ تەنها لەوەتێبگەین

Felodese- [5]



کەکام دەسەڵات لەچوارچێوەی سیستمی حکومڕانیدا قورسترینو بارگرانترینیانە، لەبەر ئەوەی هەمان ئەو دەسەڵاتە بارگرانەیە کەحکومڕانی دەکاتو، دەسەڵاتەکانی تر رەنگە رێگربن، یان بەواتایەکی تر، ببنە هۆی خاوکردنەوەی خێرایی بزاڤی ئەو دەسەڵاتە. لەگەڵ ئەمانەشدا، مادام ناتوانن ئەو دەسەڵاتە رابگرن، هەوڵەکانیان کاریگەریی نابێت، دواجار دەسەڵاتی کاریگەر رێگەی خۆی دەدۆزێتەوەو ئەوەی پێویستی دەبێ خێرایی یە، کەئەوەشی لەگەڵ تێپەڕینی کات چنگ دەکەوێ.

ئاشکرایە کەپادشا دەسەڵاتی زاڵو کاریگەری یاسای بنەڕەتی بەریتانیایەو ئەم دەسەڵاتەش لەوێوە دێت، کەپادشا پلەو پایەو پۆستەکان دیاری دەکات. بەم شێوەیە، هەرچەندە ئێمە وەکو پێویست ئەو ئەقڵەمان هەبوو کەدەرگا بەڕووی دەسەڵاتی رەهای پادشایەتیدا دابخەین، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەوەندەش نەزان بووین کەکلیلی دەسەڵاتی رەهامان خستە بەردەست پادشا. دەمارگیریی بەریتانیەکان سەبارەت بەپادشاو خانەدانو نوێنەرانی ئەنجومەنی عەوام، زیاتر لەوەی لەڕوی زاناییەوە بێت، جۆرێك لەخۆبایی بوونی نەتەوەییە.

گومان لەوەدانییە کە لەبەریتانیا ئاسایشی تاکەکان زیاترە لەولاتانی تر، بەڵام ئیرادەی پادشا لەبەریتانیا یەکسانە بەیاسا لەفەڕەنسا، بەو جیاوازیەی کە لەباتی ئەوەی ئەم ئیرادەیە راستەوخۆ لەلایەن پادشاوە رابگەینرێت، لەفۆرمی یاسایێکی ترس خولقێنەری پەرلەمانیەوە بەسەر هاولاتیاندا دەسەپێندرێت.

لەبەر ئەوەی چارەنوسی چارلزی یەکەم[6] ، پادشاکانی زیرەکتر کرد نەوەکو دادپەروەرتر.

کەواتە، بەهەڵپەساردنی هەموو جۆرە هەستێکی نەتەوەپەرستیو غرورێکی نەتەوەیی سەبارەت بەروخسارو شێوازەکان، دەتوانین ئەو راستیە روونە ئاشکرا بکەین کەپێکهاتەی گەلی بەریتانیا، نەوەکو سیستمی حکومڕانی ئەو وڵاتە، دەبێتە هۆی ئەوەی لەبەریتانیا پادشا نەتوانێت ئەوەندەی سوڵتانێکی عوسمانی[7] ستەمکار بێت.

لەئێستادا، پشکنینو لێکدانەوەی هەڵەکانی سیستمی حکومڕانی لەفۆرمە بەریتانیەکەی حکومەتدا، زۆر پێویستو گرنگە، لەبەر ئەوەی ئێمە ناتوانین لەکاتێکدا کە لەژێر کاریگەرییە بەرچاوەکاندایین، دەربارەی بەرامبەرەکانمان دادپەروەریی رەچاو بکەینو، هەروەها ناتوانین لەبەرامبەر خودی خۆشمان، کە لەژێر فشاری دەمارگیر یەکانماندایین، دادپەروەربین. ئەمەش وەکو ئەوپیاوەی کەئارەزووی سۆزانیەك دەکاتو هەر لەبەر ئەوەش ناتوانێت کەسێکی شایستە بێت بۆ هەڵبژاردنەکانی هاوسەر، کەواتە هەر جۆرە بڕیاردانێکی پێشوەخت سەبارەت بە فۆڕمی ڕزیوی حکومەت، دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە نەتوانین جۆرێکی باشو تەندروستی حکومەت دەستنیشان بکەین.

---

[6] - چارلزی یەکەم (1649-1600) پادشای بەریتانیا، لەسەردەمی شەڕی ناوخۆیی، بە بڕیاری پەرلەمان لە سێدارە درا.

[7] - لەو رۆژگارانەدا، وڵاتەکان بەسەر ئازادو کۆیلە دابەش دەکران، ئیمپراتۆریی عوسمانی بەکۆیلە لەقەڵەم دەدرا.



## دەربارەی پاشایەتیو جێنشینی میراتی

لەبنەڕتدا مرۆڤەکان یەکسانو بەرامبەر دروستبوون، بەڵام بارودۆخەکانی دواتر ئەو یەکسانیە لەناو دەبەن. جیاوازیی نێوان دەوڵەمەندو هەژارەکانیش تاڕادەیەکی بەرچاو دەبێتە هۆی لەناوبردنی یەکسانی بنەڕەتی مرۆڤەکان. بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکانو بیانووهێنانەوە بۆ نایەکسانی نێوان مرۆڤەکان پێویست ناکات پەنا بۆ ووشەگەلی وەکو زوڵمو ستەمو خۆ دەوڵەمەندکردن ببەین، لەبەر ئەوەی زۆرجار زوڵمو ستەم دەبێتە هۆکار نەوەکو ئامرازی دەوڵەمەند بوون. هەرچەندە تەماحو کۆکردنەوەی سامان دەبێتە هۆی ڕێگری کردن لەهەژار کەوتنی مرۆڤەکان، بەڵام بەگشتی، کەسی تەماحکار ئەوەندە ترسنۆك دەبێت، کەتوانای دەوڵەمەند بوون لەدەست دەدات.

لەگەڵ هەموو ئەم نایەکسانیو جیاوازیانەشدا، جیاوازییەکی گرنگی تر لەنێوان مرۆڤەکاندا هەیە، کەناتوانین هیچ جۆرە بەڵگەیەکی سروشتی یاخود ئاینی بۆ داتاشینو، ئەوجیاوازیەش دابەشکردنی مرۆڤەکانە بۆ: پادشاو رەعیەت[8] .

سروشت جیاوازیی نێوان ژنانو پیاوان دیاری دەکاتو، خودا جیاوازیی چاکەکارو خراپەکار دەستنیشان دەکات، بەڵام گەر بمانەوێت لەوەتێبگەین کەچۆن گروپێك یان دەستەیەك مرۆڤ ئەوەندە مەزنو پایەبڵندتر لەدایك دەبن، وەکو ئەوەی رەگەزێکی نوێ بن، پێویستی بەلێکدانەوە هەیەو، دەبێ لەوەش تێبگەین کە ئایا ئەوگروپو دەستەمەزنترە (پادشاکان) ئامڕازی خۆشبەختی مرۆڤەکانن، یاخود هۆی بەدبەختیان.

---

[8] - Subject

بـەپێی ئـەوەی لـەکتێبی پـیرۆزی عـەهـدی عـەتیقـدا هـاتوە، لەسـەردەمە سـەرەتاییەکانی جیهانـدا، پادشـا نـەبوەو لەئـەنجامی ئەمەشـدا جـەنگ نـەبووە. پاشاکانن دەبنـەهۆی بەدبـەختیو فـەنابوون[9]ی مرۆڤـەکان. لەسـەدەی رابـردودا، هۆڵەنـدا بـەبێ پادشـا، زۆر زیـاتر لەهـەر حکومـەتێکی تـری پادشـایەتی لەئەوروپادا، لەئاشتیو ئارامیدا ژیاوە. عەهدی عـەتیقیش پاڵپـشتی لەهـەمان حاڵەت دەکـات. لەبـەر ئـەوەی ژیـانی سـادەو هـێمنو گوندنـشینانەی سـەرۆکی خێڵەکان لەعەهدی عەتیقدا خۆشبەختی بۆ فەراهەم دەکـردن، کەلەتـەك هـاتنی پادشا یهودیەکاندا، ئەو خۆشبەختیە لەناو دەچێت.

بۆ یەکەمینجار کافرەکان حکومەتی پادشایەتیان دامەزرانـدو دواتـر بـەنی ئیسرایلیەکان لاساییان کردنەوە. حکومەتی پاشایەتی سەرکەوتوترین داهێنانی شەیتان بوو کەبۆبەپەرەپێدانی بت پەرستی دروسـتیکرد. کافرەکـان پلەوپایـەی ئاسـانیان دەبەخـشیە پادشـا کۆچـکردەوەکانیانو، جیهـانی مەسـیحیەکانیش بەپەرستنی پادشا زیندوەکان درێژەی بـەوکارە دەدا. بێـدینی لەمەگـەورەتر، کـە لەقەبی (گەورەی پیرۆز) لەکەسێك بنێن، کە لەوپەڕی گـەورەیی خۆیـدا خەریکـە دەبێتە تەپوو تۆز.

هەروەکو چۆن ناکرێت لەسەر بنەڕەتی یەکسانی مافەسروشـتیەکان، بیـانوو بۆ مـەزنیو گەورەیی مرۆڤێك بەسەر ئەوانیتردا بهێنینەوە، بـەپێی نوسـراوەکانی کتێبی پیرۆزیش ناتوانین بەرگری لێبکەین. لەبەر ئەوەی جەدعونو ئیـسماعیلی نەبی بانگەشەی ئەوەدەکەن کەخودا دژی حکومەتی پادشاکانە. لەکتێبی پیرۆزدا

---

9 - Confusion



چـاو لـەو بەشـانە دەپۆشـنو گـوێی خۆیـانی لێ کەڕدەکـەن، کـەدژی سیـستمی پاشایەتیە.

بەڵام بێ گومان ئەو بەشانە بۆ ئەو وڵاتانـەی هێـشتا حکومـەتیان بۆخۆیـان پێك نـەهێناوە جێگـەی بایەخـە (کـاری قەیـسەر بـسپێرە قەیـسەر) بۆچـونێکی دەرباریانەیـە لـەکتێبی پـیرۆزو، لەگـەڵ ئەمەشـدا ئەوەپاڵپـشتی کـردن نیـە لەحکومەتی پاشایەتی، لەبـەر ئـەوەی لەوسـەردەمانەدا یەهودیـەکان پادشـایان نەبوو، بەڵکو باجدەری رۆمیەکان بوون.

بەپێی گێڕانەوە عیبریەکان[10]و سفری سەرهەڵدانی تەورات، سێ هەزار سـاڵ تێپەڕی تاوەکو گەلی یەهود بەپێی دێوانە بـونێکی نەتـەوەیی، داوای پادشـایان کـرد. تائـەوکات، فـۆرمی حکومـەتی یەهودیـەکان (جگەلـەو دۆخەکاتیانـەی کەخودا بەشداریی دەکرد) جۆرێك کۆماریی بوو، کە لەلایەن قازیو ریش سـپی خێڵەکانەوە بەڕێوە دەبرا.

تـاپێش ئەودێوانەییـە، هـیچ پادشـایەکیان نەدەناسـیو تەنانـەت بـەتاوانیان دەزانـی کەجگەلـە(یـەهوە)[11]ی خـودا سـەر بۆکەسـی تـر دانـەوێنن. ئەودەمـەی مرۆڤێك بەشێوەیەکی بت پەرستانە رێز لەپادشاکان دەگرێت، دەبێ ئەوە بزانێت کە خـودای مـەزن بـۆ گـەورەیی خـۆی رەقیـب دروسـت ناکـاتو دژی هـەرجۆرە حکومـەتێکە کەمافی سنوردارو تایبەتی ئەو لەبەرچاو نەگرێت.

---

10 - Mosiac
11 - Lords of Hosts

**لەکتێبی پیرۆزدا، پاشایەتی یەکێکە لەتاوانەکانی قەومی یەهودو لەبەر ئەو تاوانەش بەنەفرەت کران، مێژووی ئەنجامدانی ئەوتاوانەو، بەگیان کڕینی ئەونەفرەتە لەلایەن یەهودیەکانەوە، جێگەی سەرنجە.**

**(مێدیان)[12] بەسەر بەنیئیسرائیل دا سەرکەوت‌و، جێدعون بەسوپایەکی کەمەوە هێرشی کردەسەر مێدیان‌و توانی بەیارمەتی خودا بەسەریدا سەربکەوێت. یەهودیەکان کەبەهۆی ئەو سەرکەوتنەوە خۆشحاڵ بون، ئەوسورکەوتنەیان بۆ ئازایەتی جێدعون گەڕاندەوەو وتیان بیکەن بەپادشا:**

**((کەواتە پیاوانی جێدعون پێیان ووت: ببەپادشای ئیمە، هەم کوڕەکەت‌وهەم کوڕی کوڕەکەت، لەبەر ئەوەی ئێمەت لەدەست مێدیان رزگار کرد))[13] لێرەدا هاندان‌و وەسوەسەکە زۆر بەهێز بوو[14]:**

**بەڵام جێدعون کە کەسێکی زانابوو لەوەڵامی ئەواندا ووتی: من‌و کوڕەکەم نابینە پادشای ئێوە، خودا دەبێتە پادشاتان[15].**

**ووشەکان دەربڕی تەواوی راستیەکانن، جێدعون شانازیی پاشایەتی رەت ناکاتەوە، بەڵکو بەنی ئیسرائیل بەخاوەنی ئەوپلەیە نازانێت کەئەو ئەرکەی پێ ببەخشن‌و، هەروەها لەبەر ئەوپێشنیارەیان سوپاسی بەنی ئیسرائیل ناکات، بەڵکو بەئاهەنگی نهێنی ئامێزی پەیامبەرانە روولە بەنی ئیسرائیل دەکات‌و دەڵێت: خودا دەبێتە پادشای ئێوە.**

12 - Medianites

13 - سفری داوەران، بابی هەشتەم، ئایەتی 22

14 - بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێرەوە سەر سفری داوەران، عەهدی عەتیق.

15 - سفری داوەران، بابی هەشتەم، ئایەتی 23



**نزیکەی سەدوسێ ساڵ دوای ئەمە، بەنی ئیسرائیل جارێکی تر ئەو هەڵەیە دوبارە دەکاتەوە. ئارەزوی یەهودیەکان بۆ بت بەرستی وەسف ناکرێت. ((بەڵام بەوجۆرە بوو کەسمۆعیل پیر دەبێ‌و کوڕەکانی خۆی دەکاتە دادوەرو بڕیاردەری بەنی ئیسرائیل. ناوی کوڕی یەکەم یوعیل‌و دووەمیان ئەبیا بوو کە دادوەری بیرشەبەع بوون. بەڵام کوڕەکانی لەسەر رێگەی ئەورەفتاریان نەدەکرد، بەڵکو لەپارە دەگەڕان‌و بەرتیلیان وەردەگرت‌و دادوەر یکردنیان راست نەبوو. هەربۆیە سەرجەم شێخەکانی ئیسرائیل کۆبونەوەو چونە (رامە) بۆلای سمۆعیل‌و پێیان ووت: تۆ پیربوویت‌و کورەکانت ئێستا بەرێگەکەی تۆدانارۆن، کەواتە ئێستا پادشایەکمان بۆ دیاری بکە تاوەکو گەلانی تری دونیا حکومڕانیمان بکات))[16].**

**لێرەدا دەبینین کە نیەتی بەنی ئیسرائیل خراپەو دەیانەوێت وەکو گەلانی ترو وەکو کافرەکان بن، لەکاتێکدا کەمەزنی راستەقینە لەوەدابوو کەوەکو گەلانی تر نەبن. درێژەی بابی هەشتەم دەخوێنینەوە: ((ئەم داواکاریە لەلای سمۆعیل بەکارێکی خراپ لەقەڵەم درا، لەبەر ئەوەی پێیان ووت پادشایەکمان بدەرێ بۆ ئەوەی حوکمڕانیمان بکات، سمۆعیل لەخودا پارایەوە. خودا بەسمۆعیلی ووت گوێ لە گەلەکەم بگرە لەبەر ئەوەی تۆیان جێ نەهێشتوە بەڵکومنیان رەت کردەوە کە پاشایانم. وەکو ئەو رۆژەی کەئەوانم لەمیسر رزگارکردو ئەوان منیان لەیادکردو خودای تریان پەرست، لەگەڵ تۆش**

16 - کتێبی پیرۆز، کتێبی یەکەم سمۆعیل، بابی 8 ئایەتی 1 تا 6.

بەوشێوەیە ڕەفتار دەکەن. ئێستاش گوێیان لێ بگرە بەڕاستی شایەتیان لابدەو باسی ئەو پادشایەیان بۆبکە کەحکومڕانیان دەکات))[17].

مەبەست پاشایەکی تایبەتی نەبوو، بەڵکو وێنەی گشتی پاشایەتی سەرزەوی کەبەنی ئیسرائیل بەتاسەوەیە بۆ لاسایی کردنەوەی. لەوکاتەدا سەرباری مەودای زەمەنی عەهدی عەتیق لەگەڵ حاڵی حازردا، سیماو روخساری پاشایەتی هەمان ئەوشتانەی پێشووەو نەگۆڕاوە. درێژەی ئایەتەکە: ((سمۆعیل سەرجەم وتەکانی خودای بۆگەلەکەی گێڕایەوە، کەداوایان لێ کردبوو پاشایەکیان بۆ دەستنیشان بکاتو، ووتی وێنەی ئەو پاشایەی کەحکومڕانیتان دەکات ئەوەیە کەئەوکوڕەکانتان لێ وەردەگرێو سواری گالیسکەو ئەسپەکانی خۆی دەکاتو لەپێش عەرەبانەکانیەوە رادەکەنو دەیانکاتە سەرداری هەزارەو پەنجاییو هەندێکیان بۆکێلانی زەویو دورینەوەی بەروبومەکانو دروستکردنی ئامێرەکانی جەنگو شتو مەکی عەرەبانەکانی دیاری دەکاتو، کچەکانیشتان بۆچێشت لێنانو نان دروستکردنی لێ وەردەگرێت. [ئەم وەسفانە خۆشگوزەرانیو زوڵمو ستەمی پادشاکان دەردەخات]و مەزراو بێستانە باشەکانتان لێ وەردەگرێو دەیبەخشێتە خزمەتکارەکانی خۆی. بەرهەمی مەزراو بێستانەکانتان دەبات (فەسادو جیاوازیی خوازیی پاشاکان دەردەخات) وولاخەکانتان دەباتو کاریان پێ دەکات، بەرهەمی مەڕو ماڵاتەکانتان دەباتو، ئێوە دەبنە غولامی پادشا. لەوکاتەدا ئێوە لەدەست ئەو پادشایەی کەخۆتان دروستان کردووە نارەزایی دەردەبڕنو، خوداش لەوکاتەدا گوێتان لێ

17 - کتێبی پیرۆز، کتێبی یەکەم سمۆعیل، بابی 8 ئایەتی 7 تا 10.



ناگرێت[18]. ئەمەش ئەوەمان لەلاڕوون دەکاتەوە کەبۆچی پاشایەتی درێژەی کێشاو، دەکرێت بڵێین کەڕەفتاری چەندپاشایێکی چاکەکار باری تاوانی ئەو کەسانە پاك ناکاتەوە کەیەکەمجار پاشایەتیان دامەزراند. ئەوستایشەی لەداوود دەکرێت، لەبەر ئەوەنییە کەپادشابوو، بەڵکو وەکو کەسێك کەڕۆحی خودای تێدا دەرکەوت رێزی لێ دەگیرێت.

درێژەی ئایاتەکە لەبابی هەشتەمی کتێبی یەکەمی سمۆعیلەوە ((بەڵام گەلەکەی گوێیان بەقسەکانی سمۆعیل نەداو ووتیان دەبێت یەکێك ببێتە پادشای ئێمە، بۆ ئەوەی ئێمەش وەکو گەلانی تربینو پادشاکەمان ببێتە داوەری ئێمەو لەجەنگەکاندا جەنگمان بۆ بکات))[19].

سمۆعیل لەدرێژەدا چەند رونکردنەوەیەکی تری پێشکەشکردن بەڵام نەگەیشتنە ئەنجام، ناشکوریەکانیانی بیرخستنەوە، زۆربێهودە هەوڵیداو دواتر کەبینی ئەوان بێ ئاگایانە لەسەر داواکاریەکانیان پێدادەگرن، هاواری کرد:

((کەواتە ئێستا راوەستنو ئەم کارە گەورەیەی خودا ببینن. ئایا ئەمڕۆ رۆژی دورینەوەی گەنم نییە، داوا لەخودا دەکەم کەدابکاتە بارانو هەورەتریشقەکانی بنێرێت بۆ ئەوەی بیبیننو بزانن کەچ شەڕانگێزیەك لەوداواکاریەتاندا هەیە. سمۆعیل لەخودا پاڕایەوەو لەهەمان رۆژدا هەورە تریشقەو باران دەستی پێ کردو گەلیش داوایان لەسمۆعیل کرد لەلای خودا بۆ بەندەکانی بپاڕێتەوە

18 - کتێبی پیرۆز، کتێبی یەکەم سمۆعیل، بابی 8 ئایەتی 11 تا 19.
19 - ئایەتەکانی 19 تا 21.

تالەمردن رزگاریان بکاتو لەگوناهەکانیان خۆش بێت کە ئەم داوای دیاریکردنی پادشایەتیەشی دەچێتە سەر))[20].

ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز روونو ئاشکرایە. پێکهاتەی رستەکانی ئایەتەکە مانای دووهەمو نهێنیان لەپشتەوەنیە. حەقیقەت ئەوەیە کەخودا دژی حکومەتی پاشایەتیە، گەر ئەمە وانەبێت، دەبێ بڵێین کەدەقی نوسراوەی کتێبی پیرۆز هەڵەیە. مرۆڤ بۆی دەردەکەوێت کەپادشاکانیش وەکو قەشەکان لەو وڵاتانەدا کە لەژێر دەستی پاپای گەورەدابوو، بەزۆرزانیەوە کتیبی پیرۆزیان لەبەردەستی خەڵکیدا دوردەخستەوە. لەبەر ئەوەی کەسیستمی پاشایەتی هەمان حکومەتی پاپاکانە.

روخسارێکی خراپی تری حکومەتی پاشایەتی ئەوەیە کەبەمیراتی بەجێ دەمێنێو، گەرحکومەتی پاشایەتی سوکایەتی پێ کردنە بەئێمە، ئەوا میراتی بوونی ئەو دەسەڵاتە ستەمو سوکایەتی پێ کردنە بەنەوەی داهاتوو، لەبەر ئەوەی سەرجەم مرۆڤەکان لەبنەڕەتدا یەکسانو بەرابەرنو، کەس ناتوانێت لەبەر ئەوەی لەخێزانی پادشایەکدا لەدایك بووە مافی خێزانەکانی تر لەژێر پێی بنێتو، تەنانەت ئەگەر کەسێك لەسەردەمی خۆیدا هەندێك شانازیی بۆ خۆی بەدەست بهێنێت، بەجێماوەکانی ئەومافەیان نابێت کە ئەوشانازیەیان بەمیراتی بۆ بمێنێتەوە.

یەکێك لەبەهێزترین بەڵگە سروشتیەکانی گێلانە بوونی مافی میراتگیریی پادشا ئەوەیە کەسروشت پاڵپشتی لەو دۆخەناکات، گەرنا شێر ولاخی نەدەخستەوە[21].

20 - کتێبی یەکەمی سمۆعیل، بابی دوانزە، ئایەتی 16 تا 20.



دوهەم، لەبەر ئەوەی هیچ مرۆڤێك لەسەرەتاوە جگە لەو شانازیانەی پێی دەبەخشراخاوەنی هیچی تر نەبووە، کەواتە شانازیی بەخشەکان مافی ئەوەیان نیە توانای لێکدانەوەی داهاتوو لەبەرچاو نەگرن، هەرچەندە رەنگە بڵێین، (ئێوە دەکەینە سەروەری خۆمان) بەڵام هەر ئەوان بەبەخشینی ئەوپلەو پایەو شانازیە بەمناڵەکانیان کارێکی نادادپەروەرانەیان ئەنجامدا، ئەوکاتەی دەیان ووت: مناڵەکانی تۆو مناڵەکانتان بۆ هەتاهەتایە حکومڕانیمان بەسەردا دەکەن. لەبەر ئەوەی پەیمانێکی[22] نائاساییو نائەقڵانیو نادادپەروەرانەی لەوجۆرە، رەنگە لەسەردەمی حوکمڕانی جێنشینەکانی داهاتوی حکومڕانیدا، گەل بخاتە ژێر حکومڕانی کەسێکی گێل یان سەخیفەوە.

زۆربەی خەڵکە ئاقڵو زاناکان مافی میراتی بوونی پاشایەتی بەکارێکی خراپو قێزەون دەزاننو، پاشایەتی یەکێکە لەوخراپەکاریانەی کە گەر رۆژێك دابمەزرێت بەئاسانی هەڵناوەشێتەوە: لەبەر ئەوەی لەودەمەدا ژمارەیەکی زۆر لەترسا تەسلیم دەبن، هەندێکی تر لەڕووی خورافاتەوە مل کەچ دەبنو خەڵکە بەهێزو دەسەڵاتدارەکانیش بۆتالانکردنی خەڵکی، دەبنە هاوبەشو هاودەستی پادشا.

خەڵکی لەوباوەڕەدان کەنەوەی حاڵی حازری پادشاکانی جیهان سەرچاوەیەکی پڕ لەشانازیان هەیە. ئەمەش لەکاتێکدایە کەڕەنگە گەربتوانین نهێنیەکانی سەردەمانی کۆن ئاشکرا بکەینو بگەڕێنەوە بۆلای یەکەمین پادشا، ئەوەمان بۆڕون دەبێتەوە کەسەری ئەوزنجیرەی پاشایەتیە سەرکردەی کۆمەڵێك

21 - ئاماژەیە بۆ ئەو شازادە گێلو نەزانانەی کە نەوەی پادشا ئازا و زاناکانن.

22 - Compact

چەتە بووە کەبەشێوەیەکی وەحشیانە یاخود بەفێڵو تەڵەکە لەنێوان چەتەکانی دەوروبەریدا پلەی سەرکردەی بەدەست هێنابێت. ئەم سەرکردە تالانکەرە وردە وردە بەهێزتر دەبێتو پەرەبەهێرشو داگیرکاریەکانی دەداتو خەڵکەترساوەکە ناچار دەکات لەپێناوی پاراستنی ئاسایشو هێمنیدا باجی پێ بدەن، دواتر ئەوکەسانەی ئەوسەرکردە چەتەیە هەڵدەبژێرن، مەبەستی ئەوەیان نیە کەمافی میراتی بوونی ئەوسەرکردایەتیە قبوڵ بکەن، لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتە هۆی زەوت کردنی هەمیشەیی دەسەڵات لەلایەن ئەوسەرکردەیەوە، کەئەمەش ژێر پێ خستنی ئەوبنەماو ئازادیە بێ سنورانەیە کەئەوان لەچوارچێوەی ژیانی خۆیاندا خویان پێوەگرتوە. لەم ڕووەوە، جێنشینی میراتگریی سەردەمە سەرەتایەکانی سیستمی پاشایەتی، وەکو مافێکی ڕەها[23] نەبەخشرا، بەڵکو وەکو موجامەلەکردنێکی سەرپێیی بوو[24]، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ سەنەدو بەڵگەیەکی ئەوسەردەمانە لەبەردەستدانیە، کەواتە مێژوو نەریتێکی پڕئەفسانەیە. پاش تێپەڕینی چەند نەوەیەك، زۆر ئاسان بوو کەچیرۆکە خورافیەکان لەبەرژەوەندیی پاشاکانی قۆناغە زەمەنیە جیاوازەکان هەڵبەسترێن. وەکو هەندێك لەپەیڕەوانی موحەمەد کەپاش ئەوە توانیان مافی میراتگریی حکومەت بەسەرخەڵکیدا بسەپێنن[25]. لەسەرەتای سیستمی تاك سەرکردەیدا، لەوانەیە مەترسی بێ بەندوباری هەبێو بەمردنی سەرکردە ئەو مەترسیە بێتەدیو (لەبەر ئەوە لەنێو چەتەو سەخیفاندا ناکرێ چاوەڕێی هەڵبژاردنێکی ڕێكو پێك بکرێ) سەرەتا دروستبوونی بارگرژیو قەیران لەبەرژەوەندیی لایەنگرانی حکومەتی میراتگریی

23 - Claim
24 - Casual Compliment
25 - نوسەر خولەفای بنی ئومەیەو بەنی عەباس بەپێوەری حکومەتی ئیسلامی دادەنێت.



پاشایەتی کەوتەوە. هەربۆیە ئەودۆخەی کەوەکو بەرژەوەندیی گشتی لەبەرچاو گیرابوو، دواجار وەکو مافێکی ڕەها خۆی سەپاند.

بەریتانیا لەسەردەمی داگیرکردنەوە تائێستا، زۆرکەم پاشایەتی باشی بەخۆیەوە بینیوەو، لەژێر دەسەڵاتێکی خراپەکاردا هاواری گەیشتۆتە ئاسمان، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هیچ مرۆڤێکی بەئاگا لەقەبی ولییامی سەرکەوتوو[26] بەلەقەبێکی شەریفانەو پڕلەشانازیی نازانێت. ویلیام کەدایك سۆزانەیەکی فەرەنسایی بوو، لەتەك کۆمەڵێك چەتەو تاوانباری چەکدار، لەکەناری بەریتانیا دادەبەزێتو بەپێچەوانەی ئارەزووی خەڵکەوە بانگەشەی پاشایەتی بەریتانیا دەکات. ویلیام نمونەیەکی پێشکەوتووی چەتەکارو تاوانبارانە کەگەشیتبێتە پلەی پاشایەتی. بەدڵنیایەوە هیچ روخسارێکی ئیلاهی لەوپاشایەدا بوونی نەبوو. بەهەرحاڵ پێویست ناکات لەمەزیاتر لەمەڕ گێلیەتی مافی میراتگریی پادشایەتی کاتی خۆمان بەفیڕۆ بدەین. ئەگەر کەسێك هەیە ئەوەندە لاوازە کەباوەڕی بەوە هەیە، بابۆخۆی ولاخی شێرزادە بپەرستێ.

من نەلاساییی ئەو سوکایەتیەی ئەوان دەکەمەوەو، نە دەمەوێ ڕێگری ئەو پەرستنە گێلانەیەی ئەوان. بەڵام دڵم خۆش دەبێت کە بزانم ئایا بەباوەڕی ئەوان یەکەمین پادشاکان چۆن گەیشتنە دەسەڵات؟

ئەم پرسیارەش سێ وەڵام دەدرێتەوە: یان بەڕاکێشان، یان هەڵبژاردن، یاخود داگیرکاریی. ئەگەر یەکەمین پادشا بەڕاکێشانو قورعە دەسەڵاتی چنگ

26 - ویلام یەکەم پادشای بەریتانیا، کوڕی ناشەرعی ڕۆبێرت بۆدابل، Le Diable دۆقی نۆرمەندیی بوو، ساڵی 1066 ی میلادی بەریتانیای داگیرکردو پاش سەرکەوتنی لە جەنگی هیتینگیز، تەختی پاشایەتی داگیرکرد.

کەوتبێ، ئەوا پادشایی دوای ئەو، بەهۆی میراتی مانەوەی دەسەڵاتەوە نابێتە دەسەڵاتدار. (شائول)[27] بەڕاکێشان (قورعە) بوو بەپادشاو جێنشینەکەی بەمیراتی نەمایەوە. هەروەها لەوباوەڕەدانیم کەدەقی کتێبی پیرۆزی عەهدی عەتیق باس لەوەبکات کەئامانجی سەرەتایی پاشایەتی میراتگریی ئەوە بووبێت، ئەگەر لەولاتێکدا بەهەڵبژاردن یەکەمین پادشا دیاری کرابێت، بۆ پادشای دواتر ببێتە بیانوو کەئەویش لەنەوەی پادشای هەڵبژێردراوە. گەر بەوجۆرەبێت، ئەوا یەکەمین پادشا بۆ سەرجەم نەوەکانی داهاتوو هەڵدەبژێردرێت، بەواتایەکی تر مافی سەرجەم نەوەکانی داهاتوو لەسەر هەڵبژاردن زەوت دەکرێتو لەبەرچاو ناگیرێت. ئەم هەڵبژاردنەی، کەجگە لەپادشا خێزانی پادشا تاهەتایە دەبێت حکومڕانی گەل بکەن، لەهیچ دەقێکی پیرۆزدا نەهاتووە، جگە لەنێو بیروباوەڕی (گوناهی یەکەم)[28] دا نەبێت. بەپێی بیروباوەڕی یەکەمین گوناه، ئیرادەی ئازادی هەموو مرۆڤەکان بەهۆی گوناهی (ئادەم) باوکی مرۆڤەکانەوە، لەدەست چوو. بەپێی ئەم لێکدانەوەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کەجێنشینی میراتی هیچ مەزن نیە. لەبەر ئەوەی ئێمە هەموومان کەبەشێکین لەبوونی ئادەمو گوناهبارین بەگوناهی ئادەمی ئەبولبەشەر، هەروەها لەبەرئەوەی بەشێك بووین لەو کەسانەی کەیەکەمین پادشایان هەڵبژاردو مل کەچی بوون، هەروەکو چۆن ئێمەی ئادەمی ملکەچی شەیتان بووین، لەوڕوانگەیەوە کەوەکو بەشێك لەبوونی ئەوانەی پێش خۆمان ملکەچی پادشایەك بووینو پاکیزەیمان لەگوناهی یەکەمی خۆماندا تواندەوە، پایەبڵندیی مرۆڤ بەهۆی هەڵبژاردنی یەکەمین

27 - کتێبی یەکەم سمۆعیل، بابی نۆهەم ئایەتی 16.

28 - Ovginalsin



پادشاوە تێکشکا. ئەودوو حاڵەتە بوونە هۆی ئەوەی کەئێمە بگەڕێنەوە سەر دۆزوو پلەو پایەی سەرەتایی خۆمان، کەواتە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کەیەکەمین گوناه و جێنشینی میراتی پاشایەتی، هەردوو گوناهێکن وەکو یەك.

زیرەکترین سەفسەتەکەر ناتوانێت لێکچوونێکی لەمە راستو دروستر بدۆزێتەوە. ئێستا دەربارەی پاشایەتی داگیرکراو، دەبێ بزانین کەهیچ مرۆڤێك ئەوەندە بێ مێشك نیە کەبەرگری لەمجۆرە بەدەسەڵات گەیشتنە بکات، کەواتە ویلیامی سەرکەوتوو بێ هیچ گومانو شکێك پادشایەکی داگیرکەربوو. لەڕاستیدا مێژووی پاشایەتی بەریتانیا توانای ئەم لێکدانەوانەی نیە.

لێرەدا دەبێ بڵێین کە ئەوە بێ هودەییو پوچی جێنشینی میراتگریی نیە کەدەبێتە هۆی نیگەرانی مرۆڤایەتی، بەڵکو روخساری ئەهریمەنانەی ئەوکارە جێگەی نیگەرانیە. ئایا ئەوکەسەی پاشایەتی بەمیراتی بۆ دەمێنێتەوە دەتوانێت گرنتی ئەوەمان بداتێ کەنەوەیەك مرۆڤی زاناو پاك رەوشتو خاوەن پلەوپایەی ئیلاهی پۆستی پاشایەتیان بۆ دەمێنێتەوە، بەپێچەوانەوە پاشایەتی رێگە بۆ بەدەسەڵات گەیشتنی گێلو نەزانو زۆردارەکان خۆش دەکاتو رێگەیەکە ستەمو زوڵمی تێدا حەشار دراوە. ئەومرۆڤانەی کەهەر لەساتی لەدایك بوونیانەوە خۆیان بەحکومڕانو خەڵکیش بەرەعیەت دەزانن، زۆر زوو دەبنە کەسانێکی ناشیرینو بێ شەرمو، لەبەر ئەوەی خۆیان بەکەسێکی جیاوازو تایبەتی لەقەڵەم دەدەن، زەینیان ئالودەی خۆپەرستی دەبێتو ئەوجیهانەی کەبۆخۆیانی درووست دەکەن زۆر جیاوازە لەجیهانی راستەقینەی دەرەوەی ئەوجیهانەی خۆیانو، دەرفەتێکی کەمیان لەبەر دەستدادەبێت تاوەکو بەتەواوەتی لەمانای راستەقینەی رێگیریەکانی جیهانی دەرەوەیان تێ بگەنو، ئەودەمەی ئەوجۆرە

کەسانە دەگەنە پلەو پایە، دەبێ بزانین کەنەزانترین‌و ناشایستەترین کەس دەبێتە پادشا.

روخسارێکی ناشیرینی تری پاشایەتی میراتگری ئەوەیە کە رەنگە کەسێکی کەم تەمەن لەسەر تەختی پاشایەتی دابنیشێت. ئەوکەسە کەم تەمەنە کەشازادەی وڵاتە وەکو پادشا رەفتار دەکات‌و پڕە لەئەنگێزەی خیانەت کردن لەمتمانەی خەڵکی. هەروەها ئەودەمە کەپادشایەك دوچاری لاوازی جەستەیی‌و پیریی دەبێت هەمان ئەوکارەساتە نەتەوەیی یە روودەدات. لەهەردوو حاڵەتەکەدا، خەڵکی دەبنە قوربانی ئەوکەسانەی کەبەوپەڕی سەخافەتەوە پاڵپشتی لەو پادشا پیرو شازادە نەزان‌و گێلانە دەکەن‌و بۆ مەبەستی خۆیان بەکاریان دەهێنن.

ئائێستا تەنها بەرگریکردنێکی پەسەند لەجێنشینی میراتگریی کرابێت ئەوەیە، ئەوجۆرە حکومەتە گەل لەمەترسی شەڕە ناوخۆیی یەکان دوردەخاتەوە، ئەگەر ئەمە بەڵگەیەکی راست بێت دەبێ شایەتی لەپاڵدا بدرێت، بەڵام ئەوەش ریاکاریەکی ئاشکرایەو مێژوی بەریتانیا ئەو ریاکاریە رەت دەکاتەوە. سێ پادشاو دوو شازادەی کەم تەمەن لەسەردەمی داگیرکردنی بەریتانیاوە حکومڕانی ئەو وڵاتە بارگرژیان کردوە، کەهەر لەوماوەیەدا هەشت شەڕی ناوخۆ (شۆڕشی 1688)و نۆزدە یاخی بوون رویداوە. کەواتە پادشاکان‌و جێنشینەکانیان لەباتی بەرپاکردنی ئاشتی دەبنە هۆی بەرپاکردنی ئاگری جەنگ.

جەنگ‌و ناکۆکی نێوان خانەدانەکانی یۆرك‌و لێنگستەرەکان[29] لەسەر کورسی پاشایەتی‌و جێنشینی پاشایەتی ساڵهای ساڵ ئەو وڵاتەی کردە پانتایی

29 - یۆرك‌و لێنگستەر دوو خانەدانی ئەشرافی بوون کە ناکۆکی نێوانیان لەمەڕ تەختی پاشایەتی بەریتانیا شەڕی ـرۆزەکانـی لێ کەوتەوە، نیشانەی خانەدانی یۆرك (رۆزی



خوێنڕشتن‌و کوشتن. دوازدە جەنگ سەرباری هەندێك بەریەككەوتن‌و ئابڵوقەدانی زۆر لەنێوان (هێنری) و (ئێدوارد) رویاندا. دووجار هێنری لەلای ئێدوارد زیندانی کراوەو بەپێچەوانەشەوە.

ئەودەمەی بەرژەوەندیی تاکەکەسی دەبێتە هۆی هەڵگیرساندنی جەنگ، چارەنووسی جەنگ‌و روحیەتی گەل نادیارو وونە، بەومانایەی کە هێنری بەهۆی سەرکەوتنی لەجەنگدا لەزیندانەوە دەچێتەوە کۆشکەکەی‌و ئێدواردیش لەکۆشکەوە ناچار بەراکردن دەبێت بەرەو سەرزەمینێکی بێگانەو، لەگەڵ ئەمەشدا دەزانین کەرۆژگار تائەبەد بەشێوەیەك نامێنێتەوە، هەربۆیە دواجار هێنری لەسەر کورسی پاشایەتی لادەبرێت‌و ئێدوارد جێگەی دەگرێتەوەو پەرلەمانی بەریتانیاش هەمیشە لایەنگری بەهێزترەکان بوو.

ئاگری ئەوناکۆکی‌و جەنگانە لەسەردەمی حکومڕانی هێنری شەشەمدا دەستی پێکردو تاسەردەمی هێنری حەوتەم کەئەشراف زادەکان لەدەوری کۆبونەوە، درێژەی کێشا. ئەوجەنگانە 67ساڵ بەردەوام بوو. (لەساڵی 1422 وەتا 1489ی میلادی)[30].

بەکورتی، پاشایەتی‌و جێنشینی میراتگریی سەرجەم جیهانی دووچاری جەنگ‌و ماڵوێرانی کرد. ئەوجۆرەی حکومەت لەلایەن خوداوە بەنەفرەت کراوەو حکومەتێکی خوێنڕێژە.

سپی)و نیشانەی خانەدانی لێنگستەر (رۆژی سور) بوو. ئەو پادشایانەی کە تۆماس پین باسیان دەکات هێنری شەشەم (سەردەمی پاشایەتی ، 1422-1561)و ئێدواری چوارەم (سەردەمی پاشایەتی ، 1461-1483).

30 - هێنری حەوتەم ساڵی (1485 تا 1509) پاشایەتی کردووە.

ئەگەر لەکاروباری پادشاکان بکۆڵینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە لەزۆربەی وڵاتەکاندا، پاشاکان هیچ کارێکیان نیەو، پاش ئەوەی لەنێو ژیانێکدا دەخولقێنەوە کەهیچ چێژێکی ژیانی راستەقینەی نیەو، نەبەکەڵکی خۆیانو گەلەکەیان نایێن، دواجار دەمرنو هەمان ژیانی پوچو بێ مانا بۆ جێنشینەکانیان بەجێ دەهێڵن. لەپاشایەتی رەهادا، سەرجەم بەرپرسیاریەتیەکانی سوپاو دەوڵەت لەئەستۆی پادشایە: بەنی ئیسرائیل کەخوازیاری پادشابوون دەیان ووت: ((وەکو گەلانی تر دەبێ پاشایەکمان هەبێت حکومڕانیمان بکاتو دەبێ بچێتە جەنگەکانمانو جەنگمان بۆ بکات)).

بەڵام لەوڵاتێکدا کەپادشا نەقازیەو نەجەنگاوەرو نەگەورەی سوپاولەشکر، وەکو وڵاتی بەریتانیا، مرۆڤ سەری لەوە سوڕ دەمێنێ کەئایا لەو ووڵاتە کاری پادشا چیە؟

تا حکومەت لەسیستمی کۆماری نزیکتر بێتەوە، کاروباری پادشا کەمتر دەبێتەوە. قورسە لەئێستادا ناوێك بۆحکومەتی بەریتانیا بدۆزینەوە. سێرڤیلیام مێریدیت[31] پێی دەڵێت کۆماریی، بەڵام لەم حاڵەتەی ئێستادا ئەو ناوە پڕبەباڵای ئەو وڵاتەنیە، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی پادشاو داگیرکردنی سەرجەم پلەو پایەکان، بەشێوەیەك دەسەڵاتی قوت داوە کەپایەبڵندیی ئەنجومەنی گەل (بەشی کۆماریی لەسیستمی حکومەتدا) لەنێو گەدەی دەسەڵات خوازی پادشادا تواوەتەوەو حکومەتی بەریتانیا هێندەی ئیسپانیاو فەرەنسا پاشایەتیە.

مرۆڤەکان لێرەدا روبەڕوی ئەو ناوانە دەبنەوە کە گوزارشت لەهەڵگرەکانیان ناکەن. لەبەر ئەوەی بەشە کۆماریەکەی دەسەڵاتی بەریتانیایە، کە لەلایەن گەلی

---

31 - Siv wiliam Meredith کە لە ساڵی 1890 کۆچی دوایی کرد، فەرماندەی گشتی سەرجەمی هێزی دەریایی بەریتانیا. خاوەنی چەند بەرهەمێکی سیاسیە.



بەریتانیاوە شانازیی پێوە دەکرێت، نەوەکو پاشایەتی، کەئەویش ئازادیی هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەنجومەنی گەلە لەنێو خودی هاوڵاتیاندا - و ئالێرەوە بەئاسانی ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کەهەر کاتێك پایەبڵندیی کۆماریی پاشەکشێ بکات، کۆیلایەتی پێش دەکەوێت - بۆچی سیستمی حکومڕانی بەریتانیا نەخۆشە؟ ئایا جگەلەوەیە کەپادشایەتی، کۆماری بوونی ئەو حکومەتەی دوچاری ژەهراوی بوون کردوەو پادشا ئەنجومەنی گەلی خستۆتە ژێر رکێفی خۆیەوە؟

لەبەریتانیا، پادشا جگە لەهەڵگیرساندنی جەنگو بەفیڕۆدانی زەویەکانی وڵات هیچ کارێکی تری نیە: کە بەزمانێکی سادە، ئەمە دەبێتە هەژارکردنی هاوڵاتیان. بەڵام لەڕاستیدا لەلای خودا، مرۆڤێکی چاکەکار لەهەموو ئەو تاجدارە خراپەکارانەی تائێستا لەسەر زەوی ژیاون، نرخی زیاترە.

## کۆمەڵێك بیروڕا سەبارەت بەبارودۆخی حاڵی حازری ئەمریکا

لەلاپەڕەکانی تردا جگە لەهەندێك راستی سادەو بەڵگەی رونو ئاشکراو ئەقڵی سەلیم چی تر پێش کەش ناکەمو هیچ پەیمانو بەڵێنێك لەتەك خوێنەردا گرێ نادەم، جگەلەوەی کەدەخوازم زەینی خۆیان لەبڕیاری پێشوەختو رەگەزپەرستانە پاك بکەنەوەو لێگەڕێن بیروهۆشیان بڕیاربداتو زانایی بکەنەبەری مێشکیانو، دیدگاکانیان بەرەو ئاسۆی داهاتوو پەرە پێ بدەن.

دەربارەی ململانێو کێشمەکێشی نێوان بەریتانیاو ئەمریکا گەلێك بابەتو کتێب نوسراوە. خەڵکی چینە جیاوازەکان بەئەنگێزەی جیاوازو نەخشەی جیاوازەوە باسی ئەو بابەتەیان کردوە، بەڵام هیچیان کاریگەریان نەبوەو، لەئێستاشدا سەردەمی باسو گفتوگۆی ئەو بابەتانە بەسەرچووە. چەك وەکو دواهەمین چارەسەر، چارەنووسی ئەو جەنگە دیاریی دەکاتو، پادشا جگە لەوە

چارەیەکی تری نەهێشتەوەو کیشوەری ئەمریکاش بەناچاریی ئەو چارەسەرەی قبوڵ کردوە.

دەگێڕنەوە ئەوکاتەی لەئەنجومەنی گشتیدا بەجەنابی پێلهام[32]ی کۆچکردو دەوترێت کاروبارەکانی بەشێوەیەکی کاتین، لەوەڵامدا وتویەتی: (ئەم کارانە بەشی تەمەنی من دەکەن) گەر ئەو ئەندێشە نامرۆڤانەیە لەبەرهەڵستی حاڵی حازردا وەکو مۆتەکەیەك بەسەر موستەعمەرەکاندا خۆی بسەپێنێ، نەوەی داهاتوو بەقێزەوە باسی باو باپیرانیان دەکەن.

هەرگیز ئامانجێکی لەمە بڵندترو مەزنتر بەدی نەکراوە. ئەمە ئامانجی شارێك یاخود وڵاتێکە یان ئامانجی کیشوەرێك، ئەمە بابەتی ڕۆژو ساڵو سەردەمێك نیە. لەڕاستیدا، نەوەکانی داهاتوو لەو بەرهەڵستیەدا بەشدارنو تاڕادەیەك، تاکۆتایی ژیان، ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت کاریگەری لەسەر قەدەری داهاتوو دەبێت. بۆیە هەر کاریگەریەك لەئێستادا بەجێی بهێنێت وەکو هەڵکۆڵینی ناوێکە لەسەر بەرویەکی بچوك کەدواتر ئەو هەڵکۆڵراوە لەتەك بەرووەکەدا گەورەدەبێتو نەوەکانی داهاتوو ئەوناوە لەسەر بەڕویەکی گەورەو مەزن دەخوێننەوە.

ئەوکاتەی بیروڕا گۆڕینەوە دەگۆڕێت بۆ بەکارهێنانی چەك، جۆرێکی نوێی بیرکردنەوەی مرۆیی سەرهەڵدەدات. سەرجەم بەرنامەو پێشنیارو گوتارەکان تا

32 - ئاماژەی تۆم بین تەمو مژاویە، ڕەنگە مەبەستی هێنری پێلهام (1695-1754) یان تۆماس پێلهام –هۆلز (1693-1768) بێت.



پێش نۆزدەی نیسان[33]، پێش سەرهەڵدانی دوژمنایەتیەکان وەکو ساڵژمێری ساڵی ڕابردووە، کەهەرچەندە لەکاتی خۆیدا گونجاو بوو، بەڵام ئێستا مێژوەکەی بەسەر چووەو کەڵکی لێ وەرناگیرێت. سەرجەم ناکۆکی نێوان لایەنگرانی هەردوو لایەنی جەنگەکە لەخاڵێکدا گەیشتە کۆتایی، کەئەوەش یەکگرتن بوو لەگەڵ بەریتانیای گەورەداو، لەو دەمەدا تەنها ناکۆکی نێوان دووبەرەی جەنگەکە، شێوەی ئەو یەکگرتنە بووە یەکێك پێشنیاری بەکار هێنانی هێزی دەکردو، لایەنێکیش پێشنیازی ئاشتی. بەڵام تائێستا بەجۆرێك بووە کەشێوەی یەکەم سەرکەوتوو نەبوەو شێوازی دووهەمیش کاریگەریی نەماوە.

گەلێك قسەو باس لەسەر تایبەتمەندیە باشەکانی ئاشتی کراوەو تائێستاش ئەو قسانە هیچ گۆڕانێکیان لەباری ژیانی ئێمەدا درووست نەکردوە. ئاشتی ڕێگە چارەیەکی دروست نیەو، دەبێت ئەوسەری دارەکەشمان لەبیر بێتو لەو زیانانە وردبینەوە کەوڵاتە کۆلۆنیالیەکان بەهۆی وابەستەییان بە بەریتانیاوە دوچاری بوون. پێویستە لەمەڕ لێکدانەوەو خوێندنەوەی دوبارەی ئەو جۆرە پەیوەندییو وابەستەییە، پشت بەبنەماسروشتییەکانو ئەقڵی دروست ببەستینو ئەگەردواجار هەر وابەستەییمان هەڵبژارد، دەبێ بزانین چ جۆرە ژیانێك چاوەڕێمان دەکات.

هەندێك کەس دەڵێن: ئەمریکا لەبەر ئەوەی لەڕابردودا بەهۆی پەیوەندیەوە لەگەڵ بەریتانیا گەشەی سەندوەو پێشکەوتوە، لەداهاتوشدا ئەو ئەو پەیوەندیە دەبێتە هۆی خۆشبەختکردنی ئەمریکا، ئەمە سەفسەتەیە. ئێمەش دەتوانین

33 - یەکەمین جەنگی نێوان میلیشیا چەکدارە ئەمریکەکانو هێزەکانی بەریتانیا لە لیکسنگتن.

بلێین لەبەر ئەوەی منداڵێك بەشیری دایكی گەورە بووە، چیتر پێویست ناكات گۆشت بخوا، یاخود دەبێ بیست ساڵی یەكەمی ژیانمان لەسەربیست ساڵی داهاتووكۆپی بكرێتەوە. تەنانەت ناكرێت لەو باوەڕەدابین كەئەمریكا لەپەیوەندیدا لەگەڵ بەریتانیا گەشەی كردبێت: لەبەر ئەوەی ئەگەر هیچ هێزێكی ئەوروپایی پەیوەندیی لەتەك ئەمریكادا دروست نەكردبا، رەنگە زیاتر گەشەی بكردبا. ئەو كەسبو كارەی بوە هۆی دەوڵەمەندیی ئەمریكا، پێویستیە سەرەتاییەكانی ژیانن‌و، تاخواردنی پاش نەریتی ئەوروپییەكان بێت، بازاڕی ئەوكەسبوكارە هەمیشە خۆش دەبێت. هەندێكی تر دەڵێن بەریتانیای گەورە پاڵپشتی كردوین. راستە كەبەریتانیا گرنگیی زۆری بەئێمە داوەو راستە كەبەبودجەی ئەمریكا بەرگری لەئەمریكا كردوە. بەڵام هەر بەهەمان مەبەست بەریتانیا دەیتوانی لەباتی ئەمریكا، بۆ پاراستنی بازرگانی‌و پایەبڵندیی خۆی بەرگری لەتوركیاو دەوڵەتی عوسمانی بكات.

بەداخەوە، رەگەز پەرستیە كۆنەكان گەلێك ساڵە ئێمەیان گومڕاكردوەو خورافات بۆتە هۆی ماڵوێرانیمان. ئێمە شانازیی بەپاڵپشتی بەریتانیاوە دەكەین‌و، ئاگامان لەوەنیە كەبەریتانیا مەبەستی بەرژەوەندیەكانی خۆی بوە نەوەكو پاراستنی پەیوەندیەكانمان‌و، نەمانەدەزانی كەبەریتانیا لەبەر خۆمان لەدەست دوژمنەكانمان نامان پارێزێت، بەڵكو لەبەر پاراستنی خۆی لەدەست دوژمنەكانی ئەمەدەكات. بابەریتانیا دەست لەپاڵپشتی كردنی ئەمریكا هەڵبگرێت، یاخود ئەمریكا دەستبەرداری وابەستەیی خۆی ببێت بەو وڵاتەوە، ئەوكات دەبینین كە لەكاتی جەنگی فەرەنساو ئیسپانیا لەتەك بەریتانیادا،



ئەمریكا لەئاشتیدا دەژی. دەبێت كارەساتەكانی هانۆر[34]ی ساڵی رابردو، ببێتە دەرسی عیبرەت دژی وابەستەیی ئەمریكا بەبەریتانیاوە.

لەم دوایاینە لەپەرلەماندا قسە لەسەر ئەوەكراوە كە كۆلۆنیالیەكان پەیوەندیان بەیەكترەوەنیە، بەڵكو تەنها لەرێگەی وڵاتی دایكەوە لەتەك یەكتری پەیوەندی دروست دەكەن. بۆنمونە (پێنسلڤانیا)و (جێرسی)و ئەو دوای كۆچبەرنشینەكان[35] لەرێگەی بەریتانیاوە پەیوەندیی دەبەستن‌و دەبنە دەستە خوشك[36]. ئەمەش بۆ جێگیركردنی دۆستایەتی، رێگەیەكی ناراستەوخۆیەو، ئاسانترین‌و نزیكترین رێگەی چەسپاندنی دوژمنایەتیە.

دوژمنایەتی فەرەنساو ئیسپانیا لەتەك ئێمەدا هەرگیز لەبەر ئەوەنیە كەئێمە ئەمریكاین، بەڵكو لەبەر ئەوەیە كەئێمە بەوابەستەی بەریتانیای گەورە دەزانن.

هەندێك كەس دەڵێن هەرهیچ نەبێت بەریتانیا وڵاتی دایكە، ئەگەر وابێت ئەوا رەفتاری ئەو دایكە پڕ لەشەرمەزاریە. تەنانەت درندەكانیش منداڵەكانی خۆیان ناخۆن‌و مرۆڤە وەحشیەكانیش لەدژی خێزانەكانیان ناجەنگن، بەڵام دایكایەتی بەریتانیا بەوجۆرەیەو پڕە لەنەنگی. ووشەی وڵاتی دایك لەلایەن پادشاو لایەنگرەكانیەوەو بەپەیڕەوی كردن لەپاپای گەورە بەكارهێنراوە، بۆ ئەوەی دەست بەسەر زەینی لاوازو سادەی ئێمەدا بگرن، بەڵام لەڕاستیدا

34 - ئاماژەیە بۆ جەنگی حەوت ساڵەی (1751-1763) فرێدریكی دوهەمی ئیمپراتۆری پرۆس لە دژی نەمسا، لەگەڵ رۆسیاو فەرەنسا، و لەو جەنگەدا (هانۆر) كەوتە بەر پەلامارو تاڵانكاریی فەرەنسیەكان.

35 - لەو دەمەدا، ئەو ناوچانە هەرێم نەبوون.

36 - ئەم قسەوباسانە لەكاتی قسەكردن لەسەر رەت كردنەوەی یاسای پوول لە پەرلەمانی بەریتانیا، هاتە ئاراوە.

ئەوروپا نەوەكو بەریتانیا. ولاّتی دایكی ئەمریكایە . ئەو جیهانە نوێیە (ئەمریكا ) پەناگەیەك بوو بۆ سەرجەم ئەوكەسانەی كە لەژێر گوشاری راوەدونانی ئازادیە مەدەنیو مەزهەبیەكاندا لەملاولای ئەوروپاوە پەنایان بۆ هێنابوو. ئەو پەنابەرانە لەئامێزی دایكێكی میهرەبانەوە نەهاتوون، بەڵكو لەترسی دەسەلاّتی ئەژدیهائاسای ولاّتەكەیان بەرەو ئەمریكا هەلاّتوون. ئەمە حەقیقەتە كەهەمان ئەو بەریتانیا زۆردارەی كەیەكەمین پەنابەرانی لەولاّتەكەی خۆیان وەدەرنا، ئێستا دەست لەسەری نەوەكانیان هەڵناگرێت.

لەم سەرزەمینە گەورەیەدا، ئێمە پانتایی بەریتانیا فەرامۆش دەكەینو لەپانتایەكی گەورەتردا بیر لەدۆستیو هاورێیەتی دەكەینەوە، ئێمە لەتەك مەسیحیەكانی ئەوروپا پەیمانی برایەتی گرێ دەدەین.

مایەی شادومانیە كەتازیاتر جیهان بناسین، لەرەگەز پەرستیە ناوچەیەكانمان كەم دەبێتەوە، ئەو مرۆڤەی كە لەشارۆچكەیەكی بەریتانیادا لەدایك دەبێت، ئاشكرایە كە لەگەڵ زۆربەی خەڵكانی گەرەكەكەیاندا هەڵسوكەوت دەكات لەبەر ئەوەی (لەزۆربەی بوارەكاندا بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە)و بەم شێوەیە لەژێر ناونیشانی دراوسێدا خۆی لەوانی تر جیا دەكاتەوە. دواجار ئەگەر ئەو مرۆڤە دورتر لەگەرەكو ماڵەكەی خۆیان دراوسێكەی ببینێت، چیتر بیر لەشەقامو گەرەكە بچوكەكەی خۆی ناكاتەوەو لەژێر ناوی هاوشاریدا هەڵسو كەوتی لەگەڵ دەكات، هەروەها ئەگەر ئەو مرۆڤە لەپارێزگاكەی خۆی بچێتەدەرەوە هەمان دراوسێی خۆی ببینێت، ئیدی دابەشكاریە بچوكەكانی گەرەكو شەقامو ناوچەو شار فەرامۆش دەكاتو وەكو هاولاّتیەك هەڵسو كەوتی لەگەڵ دەكات. دواجار ئەگەر ئەو دووكەسە لەدەرەوەی ولاّت یەكتربببینن



وەكو دوومرۆڤی بەریتانی روبەرووی یەكتر دەبنەوە، هەر لەبەر ئەمەیە كە ئەوروپاییەكان لەدەرەوەی ولاّتەكەیان، یاخود لەئەمریكا یەكتر دەبینن، خۆیان بەهاولاّتی یەكتر دەزانن. ماوە ئەوە بڵێین ئەم دابەشكاریانە بۆ ئەوكەسانەی بەپێوەرێكی كیشوەریی بیر دەكەنەوەو زۆر بچوكترن. هەرلێرەدایە كەدەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بكەمەوە كەیەك لەسەرسێی دانیشتوانی ئەو پارێزگایە بەریتانین. كەواتە بەتەواوەتی ووشەی (ولاّتی دایك) رەتدەكەمەوە كە بۆبەریتانیا بەكار دەهێنرێت، لەبەر ئەوەی ئەوو وشەیە بەدرۆیەكی رووتو خۆوویستانەو بیرتەسكانە دەزانم.

بەلاّم گەر ئیمە ئەوە قبوڵ بكەین كە بەرەگەز بەریتانین چی لەمەسەلەكە دەگۆڕێت؟ هیچ. بەریتانیا دوژمنێكی ئاشكرایەو هەرجۆرە ناونیشانێكی تر رەت دەكاتەوەو: ئەگەر بڵێین ئەركی ئێمە بەرپاكردنی ئاشتیە، ئەوە قسەیەكی بێ مانایە. سەری زنجیری پاشایەتی ئێستای بەریتانیا ولیامی داگیركەری فەرەنسایی بوو، نیوەی ئەشرافیەكانی ئەو ولاّتەش فەرەنسی بوون، كەواتە ئەگەر ئەو قسەیەی سەرەوە راست بێت، دەبێت فەرەنسا حكومڕانی بەریتانیا بكات.

گەلێك قسە دەربارەی یەكگرتنی موستەعمەرەكانی بەریتانیا گوترا، گوایە گەر ئەمە روبدات لەجیهاندا دەبنە هێزێكی گەورە كەكەس توانای روبەروبونەوەیانی نابێت.

لەراستیدا ئەمە تەنها گریمانێكی مەحاڵە. لەبەر ئەوەی چارەنوسی جەنگ نادیارەو ئەم یەكگرتنەش بێ مانایە. لەبەر ئەوەی كیشوەری ئەمریكا بۆ پاڵپشتی كردن لەسوپای بەریتانیا لەئاسیاو ئەفریقاو ئەوروپا، خۆی لەدانیشتوانی خۆی بەتاڵ ناكاتەوە.

هەروەها، چ بایەخێکی هەیە هاوار بکەین، کێیە ئەوەی دەتوانێ روبەڕومان بێتەوە؟ خواستی ئێمە دروستکردنی مامەڵەو بازرگانییە لەتەك هەموو جیهانداو، ئەگەر ئەوەش بەباشی جێبەجێ بکەین ئەوا ئاشتیو ئاسایشو دۆستیەکی سەرجەم ئەوروپامان بۆخۆمان مسۆگەکردوە، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیی سەرجەم ئەوروپا لەوەدایە کەئەمریکا بەندەرێکی ئازاد[37] بێت، بازرگانیومامەڵەکردن هەمیشە پاڵپشتی ئەمریکابووەو، لەبەر ئەوەی ئاڵتونو زیوی تێدانیە مەترسی هێرشی داگیرکەرانی لەسەر نیە.

من دژی لایەنگرانی ئاشتیم لەتەك بەریتانیا. ئەوان دەیانەوێت باسی ئەوە بکەن کە وابەستەبوونی ئەو کیشوەرە بەبەریتانیاوە بەرژەوەندیی تێدایەو، منیش دیسانەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە ئەووابەستەیە تاکەیەك سودی تێدانیە. گەنمەشامی ئێمە لەهەر شوێنێك بمانەوێت دەفرۆشرێتو، هاوردەکانیشمان لەهەر شوێنێکەوە بمانەوێت دەکڕدرێت. بەڵام ئەو زیانانەی بەهۆی پەیوەندیمانەوە لەتەك بەریتانیا لێمان دەکەوێت بێ ئەژمارەو، بەرپرسیارێتی ئێمە لەبەرامبەر نەوەکانی داهاتوو ئەوە دەخوازێت کە ئەوپەیوەندیەمان بپچڕێنێن. لەبەر ئەوەی هەرجۆرە تەسلیم بوونو وابەستەیەکی ئەمریکا بەبەریتانیاوە، دەرگیرکردنی ئەمریکایە بەجەنگو ناکۆکیە ئەوروپیەکانەوەو، ئەگەر ئەو پەیوەندیە نەبێت، ئەمریکا ڕوبەڕوی ئەو وڵاتانە نابێتەوەو دەبێتە دۆستیان، ئێمە بۆخۆمان هیچ گلەییو ناڕەزاییو

37 - پین خوازیاری ئازادیی بازرگانیو مامەڵەی دەرەکیە. بەپێی یاسای دەریاوانی بەریتانیا، بازرگانەکانی ناوچە کۆچبەرنشینەکان تەنها ڕێگەیان پێ درابوو شتو مەك بنێرنە بەریتانیاو گەر بۆ وڵاتێکی تر شتو مەکیان بناردبا دەبوو باج بدەن.



دژایەتیەکمان لەتەك ئەوروپادا نیە، لەبەر ئەوەی ئەوروپا بازاڕی بازرگانی ئێمەیەو نابێت لایەنی هیچ وڵاتو بەرەیەکی ئەوروپایی بگرین، بەڵکو بەرژەوەندیی راستەقینەی ئەمریکا لەوەدایە کە لەجەنگو ناکۆکیو دژایەتیەکانی ئەوروپادا بەشداری نەکات، کە ئەگەر وابەستەی بەریتانیا بێت، ئەوا ناتوانێت بەوجۆرە رەفتار بکات. بەریتانیا، ئەمریکا بۆ بارسەنگی سیاسی خۆی بەکار دەهێنێت.

لەبەر ئەوەی سیستمی پاشایەتی لەئەوروپادا زۆر بەدی دەکرێت، ئاشتی لەئەوروپا زۆر درێژە ناکێشێتو هەرکاتێکیش جەنگێك لەنێوان بەریتانیاو هێزێکی تر روبدات، ئابوریی ئەمریکا بەهۆی پەیوەندیی بەو وڵاتەوە وێران دەبێت. رەنگە جەنگەکان لەیەك نەچنو، لەوکاتەشدا لایەنگرانی ئەمڕۆی ئاشتی لەتەك بەریتانیا، دەبنەخوازیاری جیابوونەوە لەو وڵاتە، لەبەر ئەوەی لەوحاڵەتەدا ئەمریکای بێ لایەن ئاسایشێکی زیاتری دەبێت. ئالێرەداکەسەرجەم شتەکان داوای جیابوونەوەی ئەمریکا لەبەریتانیا دەکەن. خوێنی کوژراوەکانو دەنگی ناڵە ناڵی سروشت ئاوازی جودایی هەڵ دەدەنو دەڵێن: کاتی جیابوونەوەیە لەبەریتانیا.

ئەو مەودایەی کەخودا لەنێوان ئەمریکاو بەریتانیا دروستی کردوە،شایەتی ئەو راستیەیە کەخواستی خودا ئەوەیە ئەودوو لایەنەکەسیان بەسەر ئەوی تریاندا سەرنەکەوێت.

تەنانەت سەردەمی دۆزینەوەی کیشوەری ئەمریکاو شێوەی نیشتەجێبوونی خەڵکی لەو کیشوەرەدا، پاڵپشتی ئەو قسەیەی ئێمە دەکەن. چاکسازیە ئاینیەکان لەپاش دۆزینەوەی ئەمریکا دەستی پێکرد، وەکو ئەوەی خودای

گەورە بیەوێت پێشوەخت پەناگەیەك بۆ مەینەتی بینیوەکانی داهاتوو فەراهەم بکات، بۆ ئەوەی کاتێك نیشتیمان دەبێتە شوێنێکی پڕلەئاژاوەو نامیهرەبان، بەرەو ئەو وڵاتە ڕابکەین.

پایەبڵندیی‌و هەژمونی بەڕیتانیا لەسەر ئەو کیشوەرە بەجۆرێکە، کەزوو یان درەنگ دەبێت بگاتە کۆتاییی‌و، مرۆڤی ئاقڵ لەبارودۆخێکی لەوجۆرەدا بەتێڕوانینێکی داهاتو بینانە بۆی دەردەکەوێت ئەوەی پێی دەوترێت (سیستمی حکومڕانی) بەتەنها سیستمێکی کاتیە. ئێمەش وەکو دایك‌و باوکان شادومان نین کەتێدەگەین ئەم حکومەتە ئەوەندە درێژە ناکێشێت کەبتوانین بیر لەداهاتووی نەوەکانمان بکەینەوە: هەر لەبەر ئەم بەڵگە سادەیەش، ئێمە جگە لەقەرزاربارکردنی نەوەی داهاتوو، دەبێت کارێکیان بۆ ئەنجام بدەین. گەر بەو جۆرەنەبێت ئەوا سەروسامانی نەوەی داهاتوومان بەفیڕۆ داوە.

هەرچەندە من بەتوندیی خۆم لەسوکایەتی پێ کردن دور دەخەمەوە، بەڵام لەو باوەڕەدام کەسەرجەم لایەنگرانی بیری ئاشتی بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێن: ئەوانەی لەودۆخە سودیان پێ دەگات، ئەوکەسانەی کەنابێت متمانەیان پێ بکرێت، ئەو عەقڵ لاوازانەی کەناتوانن تێ بگەن، ئەو ڕەگەز پەرستانەی تێ ناگەن، کۆمەڵێك خەڵکی کورت بین کەزیاتر لەخۆی بایەخ بەجیهانی ئەوروپا دەدەن‌و، ئەمانە زۆر زیاتر لەوانەی تر دەبنە هۆی نەگبەتی‌و کارەسات بۆ ئەمریکا.

هەندێك خەڵك ئەوەندە خۆشبەختن کەبەدور لەدیمەنە مەرگەساتبارەکان دەژین‌و، تائێستا ئەو هەریمەنە ئەوەندە لەدەرگاکانیان نزیك نەبۆتەوە، تاوەکو هەست بەو مۆتەکەیە بکەن کەخەریکە سواری سەروماڵ‌و ژیانی سەرجەم



ئەمریکا دەبێت. بالێرەدا بەباڵی خەیاڵ چەندساتێك بەرەو (بۆستن)[38] بفڕین. بۆستن ئەو شوێنەکارەسات بارەیە کەئێمە بەئاگا دەهێنێتەوەو فێرمان دەکات ئەو هێزە ڕەت بکەینەوە کەباوەڕمان پێی نیە، دانیشتوانی ئەو شارە کەتا چەند مانگێك پێش ئێستا بەخۆشی‌و هێمنی دەژیان ، ئێستا جگە لەهەژاریی‌و برسیەتی‌و سواڵکەریی، ڕێگەچارەیەکی تریان بۆژیان نەماوە. ئەگەر لەشارەکەی خۆیاندا بمیننەوە ئاگری هاوڕێکانی خۆیان دەیانسوتێنێ‌و، گەر شارەکەش بەجێ بهێڵن، سەربازەکان بەتاڵانیان دەبەن[39].

لەم بارودۆخەی ئێستادا، خەڵکی ئەوشارە بەبێ ئەوەی ئومێدی رزگار بونیان هەبێت لەزینداندا دەژین‌و ئەگەر هەڵمەتێك بۆهاوکاریکردنیان ئەنجام بدرێت، دەیانخاتە بەردەم تووڕەیی هەردوو بەرەی جەنگەوە.

خەڵکی خلەفێندراو بەچاوی ئومێدەوە لەهێرشەکانی بەڕیتانیا دەڕوانن‌و هێشتا چاوەڕێی روداوی باش دەکەن حەزدەکەن هاوار بکەن (هێی ئینگلیزیەکان وەرن بادیسانەوە هاوڕێ‌و دۆستی یەکتربین) گوێ لەهەست‌و رۆحیەتی مرۆیی بگرین. با بەپێی سروشتی مرۆیی بیر لەئاشتی بکەینەوە. ئایا دەکرێت لەتەك هێزێکدا کە ئاگری لەژیانتان بەردا، بەمیهرەبانی رەفتار بکەن‌و بەشانازی‌و وەفاوە باسی بکەن؟

---

38 - ساڵی 1774 بڕێکی زۆر چای هاتوو بۆ بەڕیتانیا لەلایەن خەڵکانی _بۆستن_ەوە لەناوبراو ئەو روداوە ناونرا (میوانداریی چای بۆستن). پاش ئەو روداوە بەڕیتانیا گەلێك یاسای قورسی بۆ سزادانی موستەعمەرە ئەمریکییەکان داڕشت و ئازادیی چالاکی ئەوانی سنوردارتر کرد.

39 - سەربازەکانی بەڕیتانیا لە مانگی 1775 بۆستینان گەمارۆداو جەنگی بانکێرهێڵ لە حەڤدەهەمی 1775 روی دا.

ئەگەر ناتوانن بەوجۆرەبن، کەواتە فێڵ لەخۆتان دەکەن‌و بەم کارەشتان نەوەی داهاتوو دوچاری فەنابوون دەکەن، پەیوەندیی ئێوە بە بەریتانیایەکەوە، کەنەدەتوانن خۆشتان بوێت‌و نەدەتوانن شانازی پێوەبکەن، ناسروشتی یەو لەبەرئەوەی لەئێستادا پەیوەندیەکی بەرژەوەندیی خوازانەیە، لەداهاتوودا دەبێتە کارەساتبارترین چارەنووس. بەڵام گەر ئێوە لایەنگرانی ئاشتی پێتان وایە دەکرێت لەگشت ئەو تاوانانەی بەریتانیا چاو بپۆشین، ئەوکات من دەبێت لێتان بپرسم: ئایا تائێستا ماڵەکەتان لەبەرچاوی خۆتان گڕی تێ بەربوە؟ ئایا لەبەرچاوی خۆتان، سەرجەم بوون‌و نەبونتان بەتاڵان براوە؟ ئایا ژن‌و منداڵەکانتان بێ بەش کراون لەوەی شوێنێکیان بۆ حەوانەوە هەبێت؟ ئایا دایك‌و باوك یان منالەکانتان بەدەستی بەریتانیا کوژراوە؟

ئەگەر ئەم بەڵایانەتان بەسەردا نەهاتوە، کەواتە ئێوە ناتوانن ببنە شایەتێکی باش. ئەگەر ئەوکارەساتانەتان بینیوەو دیسانەوە لەگەڵ ئەو تاوانبارانەدا دۆستایەتی دەکەن، چیتر شایستەی هەڵگرتنی ناوی هاوسەر، باوك، هاوڕێ‌و عاشق‌و شایستەی هیچ پلەوپایەکی ترنین، لەبەر ئەوەی ترسنۆکن‌و ڕۆحی میکرۆبێکی جاسوستان هەڵگرتوە.  ئەمە زیادەڕەویکردن نیە، ئەگەر سروشتی مرۆیی لەوهەست‌و سۆزانە بەتاڵ بێتەوە، مرۆڤ لەتوانایدا نابێت کاروبارە کۆمەڵایەتیەکانی جێبەجێ بکات‌و لەبەهرەو جوانیەکانی ژیان بێ بەش دەبێت. من نامەوێت لێرەدا پاڵ بەهەستی تۆڵەسەندنەوە بنێم، بەڵکو مەبەستی من بەخەبەرکردنەوەمانە لەخەوێکی گەورەو، دەمەوێت دوای ئامانجێکی دیاریکراو بکەوین. ئەگەر ترسنۆکی‌و سستی ئەمریکا نەبێتە هۆی شکست خواردنی، ئەوا بەریتانیاو ئەورووپا هەرگیز ناتوانن ئەو کیشوەرە داگیر بکەن. ئەگەر



هەرلەئێستاوە دەست پێ بکەین ئەوەندەی سەدەیەك نرخ‌و بەهای هەیەو، ئەگەر خافڵ‌و بێ ئاگاش بین ئەوا سەرجەم کیشوەرەکەمان دوچاری کارەسات دەبێت.

مرۆڤێکی زانا دەبێ بەباشی درك بەوەبکات کەبەپێی سەرجەم ڕوداوە مێژوویەکان ناکرێت بیر لەوە بکەینەوە کەڕەنگە ئەم ولاتە بەرفراوانە جارێکی تر بەهۆی کەم تەرخەمی ئێمەوە، بکەوێتەوە ژێر دەسەڵاتی هێزە دەرەکیەکان. لەبەر ئەوەی لەئێستادا خوێنمژترین مرۆڤی بەریتانی بیر لەوەناکاتەوە.

لەحاڵی حازردا، مرۆڤی زانا جگە لەجیابونەوە بەهیچی تر ڕازی نابێت، کەئەمەش هەر هیچ نەبێت ئاسایشیساڵێك بۆ ئەم کیشوەرە فەراهەم دەکات. ئاشتی خەونێکی درۆزنە. سروشت ئەوجۆرە پەیوەندیە رەت دەکاتەوەو لەچوارچێوەی زانستیشدا جێگەی نابێتەوە. وەکو ئەوەی کە (ملیتۆن) بەداناییەوە باسی کرد: لەشوێنێکدا کەبرینە قوڵەکانی رەق‌وکینە ئەوەندە رۆچوبنە قوڵایی، هەرگیز ئاشتی ناڕوێتەوە[40].

تائێستا سەرجەم رێگە نهێنیەکانی دابینکردنی ئاشتی، کاریگەریان نەبووە. دوعاکانمان نەهاتونەتەدی‌و ئەوەشمان لەلاسەلماوە کەهیچ شتێك کە ئەوەندەی کڕوزانەوەی بەردەوامی گەل، خۆپەرستی‌و ئینکاریی پادشاکان بەهێزناکات ـ ئەوکڕوزانەوانە بوون کەپادشاکانی ئەورووپایان کردە موستەبیدو فەرمانڕەوای رەها: پادشاکانی سویدو دانیمارك شایەتی ئەم نمونەیەن.

کەواتە، لەبەرئەوەی جگە لەبەرهەڵستیکردن هیچ رێگەچارەیەکی ترمان نیە. لەبەر خاتری خودا بابۆجیابونەوە بجەنگین‌و، تەنها لەبەر ئەوەی دایك‌و باوکی نەوەی داهاتووین، نەیان دەینە دەست تاوانباران‌و خوێنمژان.

Parodise lost'IV'98-99 - [40]

گەر بڵێین چیتر بەریتانیەکان دوچاری بەڵامان ناکەن، خەیاڵێکی پوچە. ئێمە لەسەردەمی بەتاڵکردنەوەی (یاسای پوول)[41] هەر ئەوخەیاڵەمان لەسەردابوو، بەڵام پاش یەك دووساڵ بۆمان دەرکەوت کەفێڵمان لێ کراوە. خودی منیش یەکێك بووم لەو فریوخواردوانە. ئێمە واماندەزانی کە گەلە شکست خواردوەکان جارێکی تر جەنگ بەرپاناکەنەوە.

لەڕوانگەی فۆڕمی حکومەتەوە، لەم کیشوەرەدا جێبەجێکردنی دادپەروەریی لەژێر دەستی بەریتانیادا نیە: بەومانایەی کە بەمزوانە ئەوەندە بازاڕی کاروبارو مامەڵەی بازرگانی لەم وڵاتەدا گەشەدەکات، کە هێزێکی ئەوەندە دوورو بێئاگا لەئێمە، ناتوانێت بەشێوەیەکی گونجاو حکومڕانی ئێمە بکات. لەبەر ئەوەی گەر نەتوانن کیشوەرکەی ئیمە داگیر بکەن، ئەوا ناتوانن حکومڕانیمان بکەن. ئێمە بەردەوام لەمەودایەکی سێ یان چوار هەزار مایلیەوە بەناردنی راپۆرت یان ناردنی عەرزی حاڵی خۆمان، کەدەبێت چوار پێنج مانگێك چاوەڕێی وەڵامەکانیان بکەین، بەڕێوەدەبرێین. جگەلەمەش، ئەوکاتەی وەڵامەکانمان پێدەگات چوارپێنج مانگی تری پێ دەچێت تائێمە دەتوانین شیان بکەینەوەو چەند ساڵێکیش دوای ئەوە بۆمان دەردەکەوێت کەبنەڕەتی وەڵامەکە گێلانەو منالانەبووە.

لەسەردەمێکدا دەکرا ئەوشێوە حکومەتە حکومڕانی بکات، بەڵام لەئێستادا کاتی ئەوەهاتوە جێبەجێکردنی ڕابگیرێت.

---

41 - ساڵی 1765 بەریتانیا یاسای پوولی پەسەند کرد کە بەهۆیەوە سەرجەم رۆژنامەو پاسپۆرتو سەندە پاشاییو رەسمیەکان دەبوو باجی پوول بدەن، ئەمە لەلای کۆچبەرەکانی ئەمریکا زۆر قورس دەکەوتەوە.



ئێستا دورگە بچوکەکان ناتوانن پارێزگاریی لەخۆیان بکەنو، شوێنێکی گونجاون بۆ ئەوەی سیستمی پاشایەتی بیانخاتە ژێر باڵی خۆیەوە.

لەبەرامبەردا، زۆر بێ مانایە گەر لەوباوەڕەدابین دورگەیەك دەتوانێت تاهەتایە حکومڕانی کیشوەرێك بکات. سروشت هەرگیز مانگێك گەورەتر لەهەسارەکەی دروست ناکات، بچوکی دورگەی بەریتانیاو گەورەیی کیشوەری ئەمریکا پێچەوانەی ئەوسیستمە سروشتیەیە. رونو ئاشکرایە کەئەودوولایەنە سەربەدوو کۆمەڵەی جیاوازن، بەریتانیا سەربەکۆمەڵەی ئەوروپایەو ئەمریکاش سەر بەخۆیەتی.

خۆبەگەورەزانینو رقوکینە، یاخود بێزاریی، هۆی لایەنگری کردنی من نین لەبیری جیابوونەوە. من زۆر ئاشکرا، ئاگایانەو لەڕووی ویژدانەوە ئەوەم لەلا سەلماوە کەبەرژەوەندیی راستەقینەی ئەوکیشوەرە لەسەربەخۆیدایەو، جگە لەسەربەخۆیی سەرجەم شتەکانی تر هەڵبەستراوو درۆیە - یان باشتروایە بڵێم شمشێرەکان دەدەینەدەست نەوەی داهاتوومانو لەشوێنێکدا پاشەکشێ دەکەین کە ئەگەر لەوکاتەدا کەمێك زیاتر هەوڵمان بدابا، ئەمریکامان دەکردە شکۆمەندی زەوی.

وەکو ئەوەی تائێستا بەریتانیا هیچ ئاماژەیەکی بۆئاشتی لەخۆی دەرنەبڕیوە، دەتوانین دڵنیاش بین کەهیچ بەڵێنێکی بەکەڵك بۆئەم کیشوەرە نادەنو هەرگیز رێگەچارەیەکی هاوتای ئەوخەباتو خوێنەی بەخشیومانە، پێشکەشە ناکەن.

هەمیشە دەبێت ئەو ئامانجەی کەخەباتی لەپێناودا دەکەین، هاوتای قوربانیە بێت بەهایەبێت کەپێشکەشی دەکەین.

لەسەرکارلابردنی ژەنەراڵ (فرێدریك نۆرت)[42] یاخود رەت کردنەوەی سەرجەم سیستمی حکومڕانی بایەخی ئەو هەموو دولارەی نیە کەئێمە سەرفی دەکەین. وەستانی کاتی مامەڵەو بازرگانیش کێشەیە، لەبەرئەوەی گەر ئەویاسا بازرگانیانەی کەئێمەیان وەستاندووە رەت بکرێتەوە، دیسانەوە هەرئێمە زەرەر دەکەین، گەرمرۆڤێك دەتوانێت سەربازێك بێت، کەواتە هیچ سودێکی بۆ ئێمەنیە کە لەدژی لەسەر کاردانراوێکی بەریتانیایی بجەنگێن، گرفتەکەی ئێمە خودی بەریتانیایە. ئێمە بۆهەڵوەشاندنەوەی یاسا سەپێنراوەکانی بەریتانیا، قوربانیەکی زۆرگەورە پێشکەش دەکەین. لەبەر ئەوەی گەرئامانجی ئێمە لەجەنگی بەریتانیادا تەنها هەر ئەوەبێت، ئەوا شێتیەکە قوربانیدانی جەنگی (بانکەر ـ هیڵ)[43] تەنها لەپێناوی لابردنی یاسایەك یان بەدەستهێنانی پارچەزەویەکدا بێت. وەکو ئەوەی هەمیشە بیرمان لێ‌کردۆتەوە، ڕاپەڕینو سەربەخۆیی، ئەو حەقیقەتەیە کەدرەنگ یان زوو رودەداتو، بەلەبەرچاوگرتنی خێرایی گەشەکردنی ئەم کیشوەرە، چیتر سەربەخۆیی دورنیە. کەواتە لەکاتی سەرهەڵدانی دوژمنایەتیەکانو ناکۆکیەکانمان، بایەخی ئەوەی نەبووە کە لەسەر بابەتێك ناکۆك بین کە دواجار زەمانە بۆخۆی چارەسەری دەکات.

---

42 - لۆرد فرێدریك نۆرت سەرەك وەزیرانی بەریتانیا لەکاتی شۆڕشی ئەمریکا. زۆربەی ئەمریکیەکان لەو باوەڕەدا بوون کە لابردنی لۆرد نۆرت کە داری دەستی پادشا بوو، کۆتایی بە زوڵمو ستەم دەهێنێت کە دواجار ئەمە بەو جۆرە نەکەوتەوە.

43 - تەپۆڵکەیك لە چاراتۆن کە کەوتۆتە ماسا چومتو یەکەمین جەنگی گرنگی شۆڕشی ئەمریکا لە 1775 لە نزیك ئەو تۆپۆڵکەیە رویدا، بەریتانیا لەو جەنگەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڵام گەلێك زیانی پێ گەیشت.



تاپێش رووداوی شومی نۆزدەهەمی نیسان[44]ی ساڵی 1755، کەس ئەوەندەی من لایەنگری ئاشتی نەبوو، بەڵام هەرئەوەندەی ئەو رۆژە ئەوکارەساتە ڕویدا، ئیتر من بۆهەمیشە ئەوفیرعەونە بێ رەحمەی بەریتانیام بەنەفرەت کرد، تەواو بێزار بووم لەوپیرەمێردە سەخیفەی خۆی بەباوکی خەڵك لەقەڵەم دەدات. ئەو پیاوە سەخیفەی کەبەبێ گوێدانە ناڵەی خەڵکی، زۆر دڵڕەقانەو بەدڵنیایەوە چاو لەوخوێنە دەپۆشێت کە داوێنی گرتوە.

ئەی ئەگەر ناکۆکیەکان چارەسەر بکەینو ئاشتی دروست بێت، ئەو ئاشتیە دەبێت بەچی؟ دەبێتە وێرانی کیشوەری ئەمریکاو ئەمەش بەڵگەی ئەم قسەیە:

یەکەم: هێزە جێبەجێکەرەکانی دەسەڵات لەژێر دەستی پادشادا دەهێڵێتەوەو، هەروەها مافی ڤیتۆکردنی هێزی یاسادانەریشی دەبێتو، لەبەرئەوەی کەپادشا دوژمنی سوێندخواردوی ئازادیەو ئارەزوویەکی گەورەی بۆدەسەڵاتی رەها هەیە، کەواتە کەسێکی گونجاوە کە ئەم رستەیە بەموستەعمەرەکانی بڵێت: ئێوە هیچ یاسایەك دانارێژن کەمن پەسەندی نەکەمو، ئایا لەئەمریکادا خەڵکی ئەوەندە بێ ئاگان کەنەزانن بەپێی ئەوشتەی پێی دەوترێت سیستمی حکومڕانی، ئەوکیشوەرە بەبێ مۆڵەتی پادشا مافی دانانی یاسایەکی نیە. ئایا کەسێکی نەزان هەیە کە لەوباوەڕەدابێت پاشا مۆڵەتی ئەوکارە دەدات، بێ ئەوەی لەبەرژەوەندیی خۆیدابێت. لەڕاستیدا وویستی دانانی یاسا لە ئەمریکا، هەمانەندی دانانی یاسا لەنێو بەریتانیا، ئێمە دەکاتە کۆیلە. پاش بەرپاکردنی ئاشتی ئایا دەتوانین گومانی ئەوە بکەین کەپادشا سەرجەم هێزوتوانای بۆلاوازکردنو لەناوبردنی ئەم کیشوەرە

---

44 - کوشتاری لێکسینگتن (Lexington)

بەکارناهێنێت؟ ئەوکات لەباتی ئەوەی پێش بکەوین، بەرەو دواوە دەگەڕێنەوە، یان سەرقاڵی راپۆرت نووسین دەبین، یاخود سەرقاڵی دوژمنایەتی کردنی یەکتریی. ئێمە هەرلەئێستاوە گەورەترو بەهێزترین لەوەی کە پادشا ئارەزوی بکات. بەکورتی ئایا ئەو هێزەی کەئیرەیی بەخۆشبەختیو خۆشگوزەرانی ئێمە دەبات، شایستەی فەرمانڕەوایی کردنی ئێمەیە؟ هەرکەسێك لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا بڵێت (نەخێر): کەسێکی سەربەخۆیە. لەبەرئەوەی سەربەخۆیی بریتییە لەوەی یان ئێمە خۆمان یاساکان دابڕێژین یاخود قایل بین پادشایەك ئەوکارە بکات کە دوژمنی ئەوکیشوەرەیەو قایل بین بڵێت: جگە لەویاسایانەی کەمن دەمەوێت، هیچ یاسایەکی تر بوونی نابێت.

رەنگە لێرەدا بڵێین، پادشا لەبەریتانیا مافی رەتکردنەوەی یاساکانی هەیەو، خەڵکی ئەوێ بەبێ رەزامەندیی پادشا هیچ یاسایەك داناڕێژێت. بەپێی داب‌و نەریتەکان کارێکی نابەجێیە کەلاوێکی بیست‌و یەك ساڵە، بەچەند ملیۆن کەسی گەورەترو ئاقڵتر لەخۆی بڵێت: فلانە یاسای ئێوە رەتدەکەمەوە.

من لێرەدا دەمەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، کە تەنها بەریتانیا بارەگای پادشایەو ئەمریکا نابێتە وڵاتێکی پاشایەتی، ئەمەش بەتەواوەتی بارودۆخەکە دەگۆڕێت، لەبەرئەوەی مافی رەتکردنەوەی یاساکان لەلایەن پادشای ئەمریکاوە دەئەوەندەی مەترسی‌و شومی ئەومافەیە لەبەریتانیا، لەبەر ئەوەی لەبەریتانیا، پادشا زۆر بەکەمی بڕیارنامەیەکی حکومەت رەت دەکاتەوە کە ئامانجی بەهێزکردن‌و بەرگریکردنی توندوتیژ بێت لەبەرژەوەندیەکانی حکومەت، بەڵام لەئەمریکا هەرگیز مۆڵەتی داڕشتنی یاسایەکی لەوجۆرە نادات.



لەچوارچێوەی سیاسەتی بەریتانیادا، ئەمریکا پلەی دووهەمی هەیە. بەریتانیا تائەوشوێنەی کە لەبەرژەوەندیی خۆیدایە، خێروخۆشی ئەمریکای دەوێت. کەواتە بەرژەوەندیی بەریتانیا لەوەدایە کەبەهەر شێوەیەك بووە رێگە لەپێشکەوتنی ئێمە بگرێت، یان هەر هیچ نەبێت رێگرمان بۆ دروست بکات. بەپێی ئەو ڕوداوانەی کەڕویانداوە، لەژێر دەسەڵاتی حکومەتێکی کۆن‌و لەکارکەتووی لەوجۆرەدا، حکومەتێکی داماومان لەئەمریکا دەبێت! مرۆڤەکان تەنها بەگۆڕینی ناو لەدوژمنەوە نابنەدۆست، لێرەدا بۆ ئەوەی جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە لەئێستادا بیرکردنەوە لەئاشتی مەترسیدارە، دان بەوە دادەنێم کە پادشا لەئێستادا بۆمانەوەی حکومەتەکەی خۆی لەسەرتاسەری شوێنەکاندا جگە لەپایتەخت، سیاسەتی رەتکردنەوەی یاساکان بەکار دەهێنێت. ئەو دەیەوێت بەم فێڵ‌و تەڵەکەیە، لەماوەیەکی درێژدا کارێك ئەنجام بدات کە لەماوەیەکی کورت‌و بەزۆرو هێز نەتوانێت ئەنجامی بدات.

دووەم: باشترین هەلومەرجی بەدەست هاتوو، جگە لەچارەسەرێکی کاتی‌و دروستکردنی حکومەتێك کە تا بەئەقڵ گەیشتنی کۆچبەرەکان دەخایەنێت، هیچی ترنییە. کەواتە بارودۆخی گشتی‌و سەری کاروبارەکان کاتی‌و بێ داهاتووە. کۆچبەرە دەوڵەمەندەکان دەیانەوێت لەژێر دەسەڵاتی حکومەتێکدا بژین کە چارەنووسی بەتاڵێك موەوە گرێ نەدرابێت‌و، هەموو رۆژێك مەترسی لەناوچوون‌و کۆتایی هاتنی لەئارادا نەبێت.

بەهێزترین بەڵگە ئەوەیە کە هیچ شتێکی تر جگە لەسەر بەخۆیی، بەواتای -شێوازی کیشوەریی حکومەت- ناتوانێت ئاشتی ئەم کیشوەرە بپارێزێت‌و، لەمەترسی جەنگە ناوخۆیەکان دوری بخاتەوە. لەئێستادا من لەئاشتی لەگەڵ

بەڕیتانیا دەترسم، لەبەرئەوەی رەنگە لەشوێنێك ئەوە ببێتە هۆی بەرپابوونی شۆڕش‌و، دەرئەنجامی ئەمەش زۆر وێرانکەرتره لەهەموو ئەو دوژمنکاریانەی کە بەڕیتانیا دەیانکات. دڕندایەتیەکانی بەڕیتانیا تائێستاش گەلێك وێرانی بۆ ئێمە بەجێهێشتوە.

خەڵکی ئازارچەشتوو مەینەتی بینیوو، هەستیان جیاوازە لەئێمە، کە هیچ زیانێکمان نەبینیوە. ئەوان ئێستا جگە لەئازادیی خاوەنی هیچیتر نین‌و، ئەوشتەی کەپێشتر ئەوان سودیان لێ دەبینی، دەچێتە خزمەتی ئازادیەوەو، ئەگەر ئیتر هیچیان نەمابێت لەدەستی بدەن، ئەواتەسلیم بوون لەبەرامبەر بەڕیتانیا رەت دەکەنەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، رۆحیەتی یەکجارەکی کۆچبەرەکان لەبەرامبەر حکومەتی بەڕیتانیا وەکو رۆحیەتی ئەو لاوەیە کەسەردەمەکەی خۆی بەتەواوەتی ناناسێت‌و قسەکانی جێگەی بایەخ نین ئەوحکومەتەی نەتوانێت پارێزگاریی لەئاشتی بکات حکومەت نیەو، ئیتر ئێمە بێهودە سامانی خۆمان بەفیڕۆ دەدەین‌و، لەخۆمان دەپرسین باشە ئەگەر رۆژێك لەپاش ئاشتی، شۆڕشی ناوخۆیی سەر هەڵبدات، بەڕیتانیا کەسەرجەم هێزەکەی ئاشکرایە، دەتوانێت لەبەرامبەر ئەوەدا چی بکات. من زۆرجار لەوکەسانەی کە پێی دەچێت بەبێ بیرکردنەوە قسەیان کردبێت بیستومە کە دەڵێن: رەنگە سەربەخۆیی ببێتە هۆی بەرپابوونی جەنگی ناوخۆیی. بەڵام من لەوباوەڕەدام کە مەترسی ئەو پەیوەندیە بەزۆر دروستکراوە (لەگەڵ بەڕیتانیا) دەئەوەندەی مەترسی سەربەخۆییە. ئالێرەدا من خۆم دەخەمە جێگەی ئەوانەی کەزیانیان پێ گەیشتووە. ئەگەر لەماڵەکەم بەدەریان نابم‌و سەروماڵیان وێران کردبێتم‌و دۆخی بژێویی ژیانمیان



لەناوبردبێت، لەپاش ئەو هەموو مەینەتیانە، هەرگیز دەمتوانی بیر لەئاشتی بکەمەوە.

کۆچبەرنشینەکان ئارەزووی ملکەچی لەبەرامبەر حکومەتی کیشوەریی دەکەن‌و، لەو باوەڕەدان کە ئەو جۆرەسیستمە، ئەوەندەی خودی سەربەخۆیی، خۆشنودو کامەرانیان دەکات. ئەوکات ئەو ترسە منالآنەو گاڵتەجاڕانەی: کە سەربەخۆیی دەبێتە هۆی ئەوەی کۆچبەرێك هەوڵبدات بەسەر کۆچبەرێکی تردا سەربکەوێت، بەهیچ شێوەیەك ترسێکی راستەقینە نیە.

لەوشوێنەدا کەهیچ جیاوازیی‌و تایبەتمەندیەك لەئارادا نەبێت، کەسیش بەسەر ئەویتردا سەرناکەوێت. یەکسانی تەواوەتی هیچ ئەنگێرەیەك بۆململانێ ناهێڵێتەوە. سەرجەم کۆمارەکانی ئەوروپا بەئاشتی دەژین (هەمیشە بەئاشتی ژیاون) هۆڵەنداو سوید دوچاری شەڕێکی دەرەکی‌و ناوەکی نەبوون. لەڕاستیدا ئەتوانین بڵێین حکومەتە پاشایەتیەکان بۆماوەیەکی درێژ لەئارامیدا ناژین. تاج‌و تەختی پاشایەتی‌و دەسکەوتنی ئەوتاج‌و تەختە، خەڵکە پڕوپوچ‌و سەرسەریە نیشتمانیەکان وەسوەسەدەکات بۆئەوەی بەختی خۆیان لەمەڕ بەدەستهێنانی تاقی بکەنەوە: هەروەها خۆبەگەورەزانینی پادشا، کە تایبەتمەندیی هەژموونی پاشایەتیە، دەبێتە هۆی خستنەوەی جەنگ لەتەك هێزە دەرەکیەکان، بەڵام ئەگەر حکومەتێکی کۆماریی بەوهەلومەرجە بەراوردبکەین، دەبینین کە حکومەتی کۆماری بەپێی بنەماگەلی سروشتیترەوە دادەمەزرێت‌و، هەڵەکانی پادشا دوبارە ناکاتەوە. ئەگەر بەڵگەیەکی تەواوەتی بۆمەترسی سەربەخۆیی بوونی هەبێت، ئەوا نەبوونی نەخشەیەکە بۆرونکردنەوەی ئامانجەکان ـ کەواتە بۆ ئەوەی دەرگایەك بەڕووی سەربەخۆیدا بکەمەوە، ئەم ئامۆژگاریانەی

خوارەوەتان پێشکەش دەکەم: هەرلێرەشدا زۆر بەرۆحی لەخۆبوردوانەوە رایدەگێنم، هیچ ئیدعایەکم لەبەرامبەر ئەو ئامۆژگاریانە نیە جگەلەوەی رەنگە بنەهۆی گەیشتن بەشتێکی باشتر. گەر لەتواناماندا بوایە بیرو باوەڕە پەراگەندەکانی تاکەکان لەدەوری یەك کۆبکەینەوە، ئەوا پشتیوانیەك بۆ خەڵکانی بەتواناو دانا دەستەبەر دەکرا، تابتوانن بەشێوەیەکی باشتر گەشە بەو بیروباوەڕانە بدەن.

گریمان ئەنجومەنەکان ساڵانە یەك سەرۆك بەڕێوەیان بباتو، نوێنەرایەتی کردن بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەڕێوە بچێت، کە ئەونوێنەرانە تەنها کاروبارە ناوخۆیەکان بەڕێوەببەنو، لەژێر دەسەڵاتی کۆنگرەی کیشوەریدابن.

گریمان هەرناوچەیەکی کۆچبەرنشین بەسەر شەش یاخود هەشت بەشی گونجاودا دابەش بکرێتو، هەربەشە ژمارەیەك نوێنەر بۆکۆنگرە بنێرێت. بەجۆرێك هەرناوچەیەك سێ نوێنەری هەبێت. ئەوکات ژمارەی سەرجەم ئەندامانی کۆنگرە دەگاتە 390کەس. کۆنگرە بەمشێوەیەی خوارەوە کۆدەبێتەوەو سەرۆکی خۆی هەڵدەبژێرێت: ئەوکاتەی نوێنەرەکان کۆدەبنەوە، گریمان بەپێی قورعە لەنێو سیانزە ناوچەی کۆچبەرنشیندا یەك ناوچە هەڵدەبژێردرێتو سەرجەم ئەندامانی کۆنگرە بەپێی دەنگ لەنێو نوێنەرایەتی ئەوناوچەیەدا سەرۆکێك هەڵدەبژێرن. بەڵام گریمان لەکۆنگرەی دواتردا لەنێو دوانزە ناوچەی کۆچبەرنشیندا بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆنگرە قورعە بکرێت ـ ئەوناوچەیەی کە لەکۆنگرەی پێشودا سەرۆکی تێدا هەڵبژێردرا بەشداری ناکات ـو بەمشێوەیە ئەم سیستمە بەردەوام دەبێت تاوەکو هەر سیانزە ناوچەکە لەکۆنگرەدا سەرۆکێکیان هەبوبێت. بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی عادیلانە بڕیار



لەسەر نوسینەوەی یاسایەك بدرێت، زۆرینەی دەنگ بەسێ لەسەر پێنجی دەنگەکانی کۆنگرە دەزانین ـ کەسێك کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتێکی عادیلانەی لەمجۆرەدا دەست بداتە شۆڕش، ئەوا هاوڕێی شەیتانە.

بەڵام خاڵێکی زۆر ناسكو تایبەت لەئارادایە، ئەویش ئەوەیە لەچ کەسێکەوە، یان بەچ شێوەیەك، ئەوکارە دەست پێ بکەین کە لەهەموو کەسو شێوەیەك باشتربێت.

رەنگە خاڵی دەست پێك، دروستکردنی پردێك بێت لەنێوان حکومڕانو حکوم بەسەردا کراو، یەعنی بەرپاکردنی کۆمەڵێك پەیوەندیی لەنێوان خەڵكو کۆنگرەدا. گریمان کۆنفرانسێکی کیشوەریی وەکو دامەزراوەیکی نێوەندی، بەمشێوەیەی خوارەوە گرێ بدرێت، کەئەمانەش ئامانجەکانی بن:

کۆمیتەیەك لەبیستو دوو ئەندامی کۆنگرە پێك بهێنرێت، ئەمەش بەواتای، لەباتی هەر ناوچەیە دوونوێنەر لەکۆمیتەیەکدا بەشداری بکەن، بۆهەر ئەنجومەنێکی ناوخۆیی یان کۆنڤانسیۆنێکی هەرێمایەتی دوو ئەندامی کۆنگرەو پێنج نوێنەر بەشێوەی کاتی لەلایەن خەڵکی شارێکی ناوەندیی یاخود نێوەندی هەریەکێکەوە دەستنیشان بکرێتو، لەلایەن سەرجەم هەرێمەوە سەرجەم ئەوکەسانەی لەوباوەڕەدان مۆڵەتی دەنگدانیان هەیە، دەتوانن بەو مەبەستە لەهەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکەن. یان ئەگەر باشتربێت دەتوانین لەدوو یان سێ بەشی پڕدانیشتوانی هەرێمەکاندا نوێنەرەکان هەڵبژێرین، هەربۆیە لەکۆنفرانسێکی لەم جۆرەدا کەبەوشێوەیە ئەندامەکانی لەدەوری یەکتر کۆدەبنەوە، لەسەر بنەڕەتی دوو بنەمای زانستو هێز، یەکیەتی دروست دەبێت.

ئەندمانی کۆنگرەو ئەنجومەنو کۆنڤانسیۆنەکان، کە سەبارەت بەهەڵسوڕاندنی کاروبارە نەتەوەییەکان خاوەن ئەزمونن، دەبنە ئەو نوێنەرە بەتواناو بەکەڵکانەی کە دواجار بەپشت بەستن بەهێزی گەل، هەژموونی راستەقینەی یاساییان لەژێردەستدا دەبێت.

ئەودەمەی ئەندامانی کۆنگرە کۆدەبنەوە، گریمان کەدەیانەوێت لەسەر دەقێکی کیشوەریی یان دەقی کۆچبەرنشینە یەکگرتووەکان کاربکەنو، ژمارەو شێوەی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەو ئەندامانی ئەنجومەنەکانو ماوەی نوێنەرایەتیو دەستنیشانکردنی سنوری چالاکیەکانیانو مافەکانیان لەئەستۆبگرن. دەبێت ئازادیی فەراهەم بکرێتو سەروسامانی سەرجەم مرۆڤەکان پارێزراوبێتو، لەمانەش گرنگتر دەبێت ئازادیی پەرستنی هەر جۆرە ئاینێك بەپێی ویژدانو، شتەکانی تری لەو بابەتە، لەنێو ئەودەقە یاساییەدا جێی بکرێتەوە. هەرپاش ئەوە، کۆنفرانسی ناوبراو هەڵدەوەشێتەوەو دامو دەزگاکانیش بەپێی ئەو دەقە یاساییەی کەباسمان کرد دروست دەکرێن، بۆ ئەوەی ببنە یاسادانەرو فەرمانڕەوای ئەم کیشوەرە. کە بەئومێدی خوا خۆشبەختیو کامەرانیان درێژەبکێشێت، ئامین.

لێرەدا کورتەیەك لەووتەکانی چاودێرێکی شارەزای حکومەتەکان (دراگۆنتی) پێشکەش بەوکەسانە دەکەم کەبەو مەبەستەی لەسەرەوە باسمان کرد دەبنە نوێنەر: "زانستی سیاسەتمەدارەکان بریتیە لەدەستنیشانکردنی خاڵە حەقیقیەکانی گەیشتن بەخۆشبەختیو ئازادیی. ئەوکەسانە شایستەی ستایشی



سەردەمەکان دەبن، کەڕوویەکی حکومەت بدۆزنەوە بەکەمترین بودجەی نەتەوەییەوە زۆرترین ئەندامی خۆشبەختی لەخۆگرتبێت[45].

بەڵام یەکێك دەپرسێت ئەی لەکوێیە پادشای ئەمریکا؟ بەوکەسە دەڵێم، ئەو پادشایە لەنێو ئەمریکادا پادشایی دەکاتو بەپێچەوانەی پادشای بەریتانیاوە گەل دوچاری مەینەتیو وێرانی ناکات. بەمشێوەیە دەتوانین لەشکۆمەندییو شانازییە دونیاییەکاندا، لەپادشای بەریتانیا دوانەکەوین. گریمان بەشانازییو رێزەوە رۆژێکمان بۆخوێندنەوەی دەقی یاسایی (فرمانی گەورە)ی ئەمریکا دەستنیشانکرد، وەرن بائەودەقەی مرۆڤ، لەباتی یاساکانی خودا دابنێین، وەرن باتاجێکیش لەسەری ئەودەقە بکەین بۆ ئەوەی جیهان بزانێت ئێمە پاشایەتی بەرەسمی دەناسین، بەڵام لەئەمریکادا یاسا دەبێتە پادشا. لەحکومەتە رەهاکاندا پادشا یاسایە، کەواتە لە وڵاتە ئازادەکاندا دەبێت یاسا ببێتە پادشا. بەڵام لەبەرئەوەی نەبا تاجو تەختی پاشایەتی بەخراپ بەکاربهێنرێت، وەرن بالەکۆتایی مەراسیمەکەدا تێکی بشکێنینو پارچەکانی بەنێو خەڵکیدا دابەش بکەین.

مافی خۆمانە حکومەتێکی خۆییمان هەبێت. بەومانایەی ئەوکاتەی مرۆڤ بیر لەناجێگیریی کاروبارە مرۆییەکان دەکاتەوە، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کەزۆر

---

45 - Marguis de Draganetti سالّی 1738 لە _ئێبرتێستا_ لەدایك بوو. لەزانکۆی ناپۆل کورسی خوێندنی مافی گشتی بەدەستهێناز لەبەر شارەزایی زۆری لە بواری مافەکان، چەند جار بووە ئەندامی ئەنجومەنی _سیسیل_ و ماوەیەك بوو بە سەرۆکی دادگای بازرگانیو دواتر بوو بە سەرۆکی دادگای پاشایەتی. کتێبە بەناوبانگەکەی لەسەر تەقواو چاکەکاریەکان ساڵی 1769 بۆسەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدراو تۆم پین باسی ئەو کتێبە دەکات.

ئاقلانەترو بێ مەترسیترە، کەبەشێوەیەکی وردو لەڕووی تاقەتەوە، ئەودەمەی توانای ئەوەماندەبێت حکومەتێکی خۆمالیمان هەبێت ئەو کارە بکەین‌و، دەستەوەستان ئەوکارە نەسپێرینە دەست قەزاو قەدەر. ئەگەر ئێستا ئاگادارو هۆشیار نەبین، ئەوا ـ ماسینۆ [46] ـ یەك زیندو دەبێتەوەو کەڵك لەبارگرژیی گشتی وەردەگرێت‌و سەرجەم هێزەکانی حکومەت لەچنگ دەگرێ‌و، وەکو لافاوێکی مالوێرانکەر سەرجەم ئازادیەکانی کیشوەری ئەمریکا رادەمالێت. ئەگەر جارێکی تر حکومەتی ئەمریکا بکەوێتە دەست بەریتانیا، بارودۆخی سست‌و ناجێگیریی کاروبارەکان، دەبێتە ئەنگێزەیەك لەلای ئەو کەسانەی حەزلە سەرچلی دەکەن، بۆ ئەوەی بەختی خۆیان تاقی بکەنەوە، باشە لەم حالەتەدا بەریتانیا دەتوانێت چۆن یارمەتیمان بدات؟

ئالەوکاتانەدا پێش ئەوەی بەریتانیا پێی بزانێت، کارەساتەکە رودەدات، ئێمەش وەکو بەریتانیە داماوەکان دەبینە ئەسیرودیلی زۆلم‌وستەمی داگیرکەرێك. ئەی ئەوانەی ئەمرۆ دژی سەربەخۆیین، ئێوە نازانن چی دەکەن: بەو کارەتان دەرگا بەرووی زولم‌و ستەمی ئەبەدیدا دەکەنەوە، لەبەر ئەوەی کورسی حکومەت لەئەمریکا بەبەتالی دەهێڵنەوە. هەزاران کەس بوونیان هەیە کە دەرکردنی ئەو هێزە دۆزەخی‌و دڕندەیە لەم کیشوەرە، بەکارێکی پیرۆز دەزانن. ئەو هێزەی کەسورپێست‌و رەشپێستەکانی لەدژی ئێمە هاندا.

باسی هاوڕێیەتی کردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ئەقڵ رێگەمان پێ نادات متمانەیان پێ بکەین، گێلیەتی‌و شێتیە. رۆژ بەرۆژ پەیوەندیی نێوانمان کۆنترو

46 - تۆماس ئاینۆماسینۆ ماسی گرێکی خەڵکی ناپڵ بوو کە هاولاتیانی لەنێو بازاڕ لەدژی ستەمی ئیسپانیەکان هان دەداو لەماوەی یەك رۆژدا بوو بە بەپادشا.



ڕزیوتر دەبێت‌و، ئایا هیچ هۆیەك بۆ بەهیوا بوون هەیە کە لەجێی پچڕانی پەیوەندیەکان، خۆشەویستی نێوانمان زیاد بکات، لەکاتێکدا کە ئەنگێزەی ناکۆکی دەجار لەجاران زیاترە؟

ئەی ئەوانەی باسی ئاشتی‌و هەماهەنگی دەکەن، ئایا دەتوانن رابردومان بۆ بەدەست بهێنەوە؟ ئایا دەتوانن داوێنپاکی‌و بێ تاوانی بۆ سۆزانیەك بگێرنەوە؟ کەواتە ناتوانن بەریتانیاو ئەمریکا ئاشت بکەنەوە. دواهەمین پەیوەندیەکانمان لێکپچڕاوەو، خەڵکی بەریتانیا دژی ئێمە قسە دەکەن. تۆمەتی ئەوەندەخراپ هەڵدەبەستن کەمرۆڤ ناتوانێت لێیان خۆش بێت‌و، ئەگەر لەو تۆمەتانە خۆش بێت ئیتر مرۆڤ نیە. یان ئایا عاشقێك دەتوانێت لەرەقیبەکەی خۆش بێت. هەر لەبەرئەوە، کیشوەری ئەمریکا ناتوانێت لەکوشتارەکانی بەریتانیا خۆش بێت. خودا ئەم هەستانەی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە باش‌و خراپەکان بەئێمە بەخشیوە. پاسەوانەکانی خودا لەنێو دڵی ئێمەدان، ئەو پاسەوانانەی ئێمە لەئاژەڵەکان جیا دەکەنەوە. ئەگەر ئێمە کەسانێکی بێ رەحم‌و دڵرەق باین، پەیمانی کۆمەڵایەتی تێك دەشکا، دادپەروەریی لەسەر زەوی کۆچی دەکردو، ژینمان لەسەر زەوی بەناچاریی [47] دەبوو. ئەوکات دزو جەردەو تاوانبارەکان سزانەدەدران، لەبەر ئەوەی هیچ شتێك نەدەبوە هۆی بریندار کردنی هەستەکان‌و، دادپەروەریی خوازیی لەناو دەچوو.

ئەی ئەوانەی مرۆڤایەتیان خۆش دەوێ! ئەی ئەوکەسانەی کەتوانای بەرهەڵستیکردنی ستەمکاری، بەڵکو توانای دژایەتی کردنی ستەمکارانتان هەیە، هەستنە سەرپێ! بست بەبستی جیهانی کۆن لەژێر پێی ستەم‌و زولم

[47] - Causal existence

کەوتووە. لەسەرتاسەری جیهان ئازادیی راودەکرێت. ئاسیاو ئەفریقا هەر لەکۆنەوە ئازادیان تۆراندوە، ئەوروپا وەکو کەسێکی نامۆ لە ئازادیی دەڕوانێت. بەڕیتانیا ئازادیی وەدەر ناوە. خەڵکینە، پەنابدەنە ئەو هەڵاتوە کە ئازادییە لەکاتی خۆیدا سەرپەنایەك بۆ مرۆڤایەتی دروست بکەن.



## دەربارەی توانایەکانی حاڵی حازری ئەمریکا، لەگەڵ چەند قوڵبونەوەیەکی لاوەکی

من هەرگیز کەسێکم لەبەڕیتانیاو ئەمریکا نەبینیوە کەبەبێ پەردە باس لەجیاوازیی ئەو دوو وڵاتە نەکاتو، هەرگیز ئەوەندە سست نەبووین کەبۆ ناساندنی تواناییەکانی ئەمریکا لەمەڕ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، کارمان نەکردبێت. لەبەر ئەوەی کە هەموان سەربەخۆیی هەڵدەبژێرنو، تەنها سەبارەت بەکاتی ئەو سەربەخۆیی یە ناکۆکی لەئارادایە، کەواتە بۆ رێگەگرتن لەهەر کارێکی هەڵە، باشتروایە لێکدانەوەیەکی گشتی بۆ کاروبارەکان بکەینو ئەگەر دەرفەت هەبوو، هەوڵبدەین کاتی سەربەخۆیی بدۆزینەوە. بەڵام پێویست ناکات زۆر دور بڕۆین، گەڕانەکانمان دەوەستێت، لەبەر ئەوەی کاتی سەربەخۆیی ئێمەی دۆزیوەتەوە. هاوشێوەییو هاوبیریی گشتی، لەسەرکار کردنی شکۆمەندانەی سەرجەم کاروبارەکان ئەم ڕاستیە دەسەلێنێت.

هێزی گەورە لەژمارەی ئێمەدا نیە، بەڵکو لەیەکیەتی ئێمەدایە. لەگەڵ ئەمەشدا، ژمارەی ئێمە لەئێستادا بەسە بۆدەرکردنی سەرجەم هێزەکانی جیهان. کیشوەری ئەمریکا ئێستا گەورەترینو رێکوپێکترین سوپای جیهانی لەژێر دەستدایە، ئێستا هیچ کۆچبەرنشینێك ناتوانێت بەتەنها پارێزگاریی لەخۆی بکات، هەربۆیە ئەو ناوچانە بەیەکگرتنیان دەتوانن بگەنە ئامانجەکانیان. هێزی زەمینی ئێمە هێزێکی باشەو دەربارەی هێزی دەریایی ناتوانین ئەوەندە سادەبین کە پێمان وابێت، گەر بەڕیتانیا کیشوەری ئەمریکای لەژێر دەستیدا بێت، دەتوانێت رێگە بۆ دروستکردنی کەشتی جەنگی خۆش بکات.

کەواتە بەوپێیە، تا سەدساڵی تریش هێزێکی تر لەهێزی دەریایی حاڵی حازری ئەمریکامان نابێت‌و، ئەگەر بەوردی تەماشا بکەین، دەبینین بەهۆی کەمبونەوەی داروتەختە لەئەمریکا، رەنگە لەوهێزەی ئێستا کەمتربینەوەو ئەوەی بۆمان دەمێنێتەوە دوورە دەست دەبێت.

ئەگەر ئەم کیشوەرە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی لەخۆی بگرتبا، ئەوا مەینەتیەکانی لەبارودۆخی ئێستادا زۆرتر دەبوو. تەنانەت ئەگەر شارە بەندەریەکانمان لەوەی هەیە زیاتر بوونایە، دەبوو زیاتر بەرگریان لێ بکەین. بەخۆشحاڵیەوە کەژمارەی دانیشتوانی ئەمریکا هاوسەنگی پێوستیەکانمانەو، کەس بێکار نیە. هەروەها کەمبونەوەی کاروکاسبی دەبێتە هۆی فەراهەمکردنی پیاوی جەنگ‌و، پێداویستی دامەزراندنی سوپاش دەبێتە هۆی دەستە بەرکردنی کاروکاسبی. ئێمە قەرازی کەس نین‌و، لەئێستادا بەستنی هەر جۆرەپەیمانێك دەبێتە یادگاری چاکەکاریی‌و تەقوای ئێمە. ئەگەر بتوانین فۆرمێکی جێگیریی حکومەت‌و سیستمێکی سەربەخۆ بۆ نەوەکانی داهاتوو بەجێ بهێڵین، ئەو کارەمان بەهەر نرخ‌و بەهایەك بێت، هەرزان دەکەوێتەوە. بەڵام گەر لەبەر ڕەتکردنەوەی چەند یاسایەك‌و شکستدانی وەزیرێك، ملیۆنەها بودجە سەرف بکەین، هیچ بایەخێکی نیەو تەنها سەرمایەی نەوەی داهاتوومان بەفیڕۆ داوە. ئەمەش شایستەی مرۆڤێکی بەشەرەف نیەو تەنها لەخەڵکی ترسنۆك‌و سیاسەتمەداری سووك دەوەشێتەوە.

ئەگەر بەباشی کارەکەمان ئەنجام نەدەین‌و نەگەینە مەبەستەکانمان، ئەوا ئەو قەرزەی کە دەکەوێتە سەرشانمان بارێکی قورسە. هیچ گەلێك نیە قەرزدار نەبێت. قەرزی نەتەوەیی، وەرەقەی قەرزی ناوخۆییەو ئەگەر قازانجی بخرێتەسەر،



هیچ خەفەتێکی ناوێ. بەڕیتانیا لەژێر کوشتاری قەرزێکی چل ملیۆن سترلینگیدایەو کە لەباتی ئەوقەرزە چوار ملیۆن دۆلار سود دەداتە خاوەن قەرزو، لەپای ئەوەش بەڕیتانیا هێزێکی دەریایی گەورەی هەیە: ئەمریکاش قەرزار نیەو هێزی دەریایشی نییە: ئەمەش لەکاتێکدایە گەر قەرزێکی کەمتر لەوەی بەریتانیا بکات دەبێتە خاوەنی هێزێکی دەریایی گەورەی وەکو بەڕیتانیا. هێزی دەریایی بەڕیتانیا لەحاڵی حازردا زیاتر لەسێ ملیۆن‌و نیو لیرەی سترلینگی بایەخی نیە.

بودجەی دروستکردنی هەر مۆدێلێکی کەشتی‌و، تەجهیزکردنی بەپێی لێکدانەوەکانی جەنابی (یوشع بورچیت ـ 1666ـ 1746) لێپرسراوی هێزی دەریایی بەجۆرەی خوارەوەیە:

| | |
|---|---|
| ئەوکەشتیانەی کە 100 تۆپیان هەیە . | 35/553 سترلینگ |
| ئەوکەشتیانەی کە 90 تۆپیان هەیە | 886 / 29 سترلینگ |
| ئەو کەشتیانەی کە 80 تۆپیان هەیە | 63 / 23 سترلینگ |
| ئەو کەشتیانەی کە 70 تۆپیان هەیە | 785 / 17 سترلینگ |
| ئەو کەشتیانەی کە 60 تۆپیان هەیە | 179 / 14 سترلینگ |
| ئەو کەشتیانەی کە 50 تۆپیان هەیە | 606 / 10 سترلینگ |
| ئەو کەشتیانەی کە 40 تۆپیان هەیە | 558 / 7 سترلینگ |
| ئەو کەشتیانەی کە 30 تۆپیان هەیە | 846 / 5 سترلینگ |
| ئەو کەشتیانەی کە 20 تۆپیان هەیە | 710 / 3 سترلینگ |

هەر لەم ڕووەوە كۆكردنەوەو دیاریكردنی بودجەی سەرجەم هێزی دەریایی بەریتانیا زۆر ئاسانە، هێزی دەریایی بەریتانیا لەساڵی 1757دا كە لەلوتكەی شكۆمەندیو بەهێزیدا بوو، بریتی بوولەم كەشتیانەی خوارەوە:

| ژمارەی كەشتیەكان | ژمارەی تۆپەكان | بودجەی یەك كەشتی | بودجەی گشتی بەسترلینگ |
|---|---|---|---|
| 6 | 100 | 35 ⁄ 553 | 213 ⁄ 318 |
| 12 | 90 | 29 ⁄ 886 | 385 ⁄ 632 |
| 12 | 80 | 23 ⁄ 638 | 283 ⁄ 656 |
| 43 | 70 | 17 ⁄ 785 | 746 ⁄ 755 |
| 35 | 60 | 14 ⁄ 197 | 496 ⁄ 895 |
| 40 | 50 | 10 ⁄ 606 | 424 ⁄ 240 |
| 45 | 40 | 7 ⁄ 558 | 340 ⁄ 110 |
| 58 | 20 | 3 ⁄ 710 | 215 ⁄ 180 |

هیچ وڵاتێكی دونیا ئەوەندەی ئەمریكا خاوەنی پێگەی جوگرافی هەموارو توانایی دروستكردنی كەشتی جەنگی نیە. دارو تەختە، ئاسن، قیرو حەبلەكانی كەشتی بەشێكن لەبەرهەمە سروشتیەكانی ئەمریكا، لەوبوارەدا پێویستیمان بەدەرەوە نابێت. ئەمەش لەكاتێكدایە هۆڵەندیەكان كەبەهۆی بەكرێدانی كەشتیە جەنگیەكان بەئیسپانیو پورتوگالیی یەكان سودێكی زۆریان دەست دەكەوێت، ناچارن زۆربەی شتو مەكەكانی دروستكردنی كەشتی لەدەرەوە بكڕن. دەبێت وەكو كارێكی بازرگانی لە دروستكردنی كەشتی بڕوانین، كە بۆخۆی بەرهەمی سروشتی وڵاتە. ئەمە باشترین شێوەی سەرفكردنی پارەكانمانە.



ئەو كاتەی دروستكردنی كەشتیەكان تەواو دەبێت پارەی زیاتر دەكات لەو بودجەیەی بۆدروستكردنی سەرفكراوە. ئەمەش خاڵێكی گرنگە لەسیاسەتی نەتەوەیدا، كە لەچوارچێوەیدا بازرگانی كردنو پاڵپشتیكردن لەبەرهەمە ناوخۆیەكان یەكدەگرنەوە. باكەشتی دروست بكەین، ئەوسا ئەگەر ویستمان دەتوانین بیانفرۆشینو، بەو شێوەیە پارە كاغەزەكانمان بەئاڵتونو زیوی حازر بگۆڕینەوە.

سەبارەت بەسەربازەكانی كەشتیە جەنگیەكان، زۆر جار، خەڵكی ڕووبەڕووی هەڵەی گەورە دەبنەوە. پێویست ناكات یەك لەسەر چواری بودجەكان بۆ ئامادەكردنی سەربازەكان سەرف بكەین. كەشتی چاودێری (كاپتنی مەرگ) لەشەڕی ڕابردودا[48] لەقورسترین بەرەكانی شەڕدا توانی بەكەمتر لەبیست سەربازەوە خۆی ڕابگرێت، لەكاتێكدا كە سەرجەم كارمەندانی كەشتیەكە لە200كەس پێك هاتبوون. چەند سەربازێكی دەریایی خاوەن ئەزموون زۆر خێرا دەتوانن جوتیارە چالاكەكان فێری كاروبارە ئاسایەكانی نێوكەشتی بكەن. كەواتە هیچكاتێك ئەوەندەی ئێستا ئامادەیی دەستپێكردنی كارە دەریاییەكانمان نەبووە: ئامرازەكان ئامادەن، بەڵام كەشتی سازو سەربازەكانمان بێ كارن.

چل ساڵ پێش ئێستا، لە (نیوئینگلەند) كەشتیی جەنگیی هەفتا تۆپەیی دروست دەكرا، كەواتە ئێمە بۆچی ئێستا ئەو كارە ئەنجام نەدەین؟ كەشتی دروستكردن دەبێتە هۆی شانازیی بۆ ئەمریكاو، لەكاتی خۆیدا ئەمریكا

48 - ئاماژەیە بۆ دەنگی نێوان فەرەنسیو هیندیە سورپێستەكان (1756-1763) كە بەهۆی ململانێكانی نێوان بەریتانیاو فەرەنسا لە ئەمریكا ڕویدا.

لەوکارەدا پێش هەموان دەکەوێت. گەورەترین ئیمپراتۆریەکانی رۆژهەڵات بەووشکایی گەمارۆ دراون، هەربۆیە ناتوانن ببنە ڕەکابەرێك بۆ ئەمریکا. ئەفریقا لەبەربەریەتدا دەژیو، هیچ هێزێکیش لەئەوروپادا نیە ئەوپانتاییو کەناره بەرفراوانەی هەبێت، ئەو شتەباشەی ئەوانیتر هەیانە، ئەمریکا هەر هەمووی پێکەوە هەیە. تارادەیەك ئیمپراتۆری گەورەی روسیا لەدەر یاوە دورە، کەواتە دارستانە چڕەکانیو قیرو ئاسنو شتەکانی تری ئەو وڵاتە تەنهاوەکو کاڵای بازرگانی بەکار دەهێنرێن.

لەڕووی خۆپاراستنەوە، ئایا دەبێ کەشتی جەنگیمان نەبێت؟ ئێمە چیتر گەلەبچوکەکەی شەست ساڵ پێش ئێستا نین، لەو سەردەمەدا ئێمە بێ ئەوەی بترسین سەروسامانی خۆمان لەسەر جادەکان یاخود لەنێو مەزراکاندا بەجێ دەهێشتو، بێ ئەوەی دەرگاو پەنجەرەکانمان دابخەینو قوفوڵیان لێبدەین، بەخەیاڵێکی ئاسودەوە دەنوستین. بەڵام ئێستا بارودۆخەکە گۆڕاوەو دەبێ شێوازەکانی بەرگریکردنمان گونجاوبێت لەگەڵ گەشەسەندنی داراییەکانمان. رەنگە چەتەیەکی ئاسایی، دوانزە مانگیش ئێستا بەئاسانی بچوبایەتە نێو (دلاڤێر)و شاری (فیلادلفیا)ی ناچار بەباجدان بکردباو رەنگە ئەمە لەشوێنەکانی تریش رویدابا. نەخێر لەئێستادا هەر پیاوێکی ئازاو بەجەرگ دەتوانێت بەکەشتیەکی چوارده شانزە تۆپیەوە، سەرجەم کیشوەری ئەمریکا تاڵانبکاتو، نیوملیۆن پاوەند سترلینگ بۆ خۆی کۆبکاتەوە. دەبێت سەرنجی ئەم بارودۆخە بدەینو، درك بەزەرورەتی پشتیوانیکردن لەهێزی دەریایی بکەین.

رەنگە هەندێك کەس لەو باوەڕەدابن کە ئاشتی لەگەڵ بەریتانیا دەبێتە هۆی ئەوەی ئەووڵاتە پشتیوانیمان لێبکات. ئایا دەکرێت ئەوەندە گێل بین باوەڕمان بەمە هەبێت، ئایا بەریتانیا مۆڵەتی ئەوە دەدات، ئێمە لەبەندەرەکانماندا هێزی دەریایمان هەبێت؟ ئەقڵی تەندروست بڕیار لەسەر ئەوە دەدات، ئەو هێزەی کە ئەوپەڕی هەوڵەکانی بۆ بەژێر دەستخستنی ئێمە بەکار دەهێنێت، بۆ بەرگریکردن لەئێمە شایستە نیە. رەنگە لەژێر پەردەی دۆستایەتیدا درێژە بەداگیرکارکایەنی بداتو، ئەگەر کەشتیەکانی بەریتانیا مۆڵەتی ئەوەیان پێ نەدرێت بێنە بەندەرەکانی ئەمریکا، ئەی ئەو وڵاتە چۆن دەتوانێت پارێزگاریمان لێ بکات؟ کەشتیەکی دەریایی کە چوار هەزار میل لەئێمەوە دورە، سودێکی ئەو تۆی بۆحاڵی ئێمە نیەو، لەکاتە زۆر بەپەلەکاندا هیچ سودێکی نیە. کەواتە گەر دەمانەوێت لێرە بەدواوە خۆمان پارێزگاریی لەخۆمان بکەین، بۆ دەبێت پارێزگاریی لەکەسانی تر بکەین؟

لیستی رەشی باڵابەرزەکانی کەشتیە جەنگیە بەریتانیەکان زۆر مەترسی خولقێنە، بەڵام لەهەمانکاتدا، بەڵام دەیەکی ئەوانە هیچ کاتێ بەکەڵکی جەنگی تەواوەتی نایەن، ژمارەیەکی زۆر لەو کەشتیانە هەر لەبنەڕەتدا بوونیان نیەو، رەنگە پارچە تەختەیەکیان لێ نەمابێتەوە، بەڵام ناوەکانیان لەنێو لیستەکەدا هەرماوەو، تەنها دەکرێت سود لە(یەك لەسەر پێنجی) ئەو کەشتیانە وەر بگیرێت. هیندی رۆژئاواو رۆژهەڵات، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەفریقاو ئەو بەشانەی تری جیهان کە بەریتانیا بانگەشەی ئەوە دەکات لەژێر دەسەڵاتی ئەودان، هێزی دەریایی بەریتانیا بانگهێشتی روبەڕوبونەوە دەکەن. لەبەر هەندێك بێ ئاگاییو رەگەز پەرستی، باوەڕێکی هەڵەمان سەبارەت بەهێزی دەریایی بەریتانیا هەڵگرتوە، بەجۆرێك باسی ئەو هێزە دەکەین کە دەبێت بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەو هێزە، هێزێکی هاوتای ئەومان لەبەر دەست بێت.

ئەمەش بۆ خۆی کارێکی مومکین نیەو، هەندێك کەسی موحافیزکار هەر لەسەرەتاوە بۆدڵسارکردنەوەی ئێمە باسی ئەوە دەکەن. ئەمە درۆیەکی گەورەیە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەمریکا تەنها یەك لەسەر بیستی هێزی دەریایی بەریتانیای هەبوایە، دەیتوانی تائێستا پێش بەریتانیا بکەوێت، لەبەر ئەوەی مەبەستی داگیر کردنی هیچ وڵاتێکمان نیە، کەواتە سەرجەم هێزی ئێمە لەکەنارەکانی خۆماندا بەکار دەهێنرێتو، لەداهاتودا لەو هێزەی کەپێش هێرشو دوای هێرشەکە، بۆکۆکردنەوەی هێزو چاککردنەوەی کەشتیەکان، کە دەبێت چوار هەزار میل رێگەی ئاویی ببڕن، دوبەیەك باشتر دەبینو، ئەگەر بەریتانیا بەهۆی کەشتیە جەنگیەکانیەوە رێگەی بازرگانی ئێمەو ئەوروپا دابخات، ئێمەش دەتوانین رێگەی بازرگانی نێوان بەریتانیاو هیندی رۆژئاوا (کە بەتەواوەتی لەژێر دەسەڵاتی ئێمە دایە) بگرین.

گەر بگەینە ئەو ئەنجامەی کەپێویستیمان بەهێزێکی هەمیشەیی دەریایی نیە، ئەوا دەتوانین گەلێك شێوە بۆ زیندو هێشتەنەوی ئەو هێزە لەکاتی ئاشتیدا بدۆزینەوە. گەر بواری ئەوە بۆ بازرگانەکان بڕەخسێت کەشتی جەنگی دروست بکەن (دەبێ ئەو بوار رەخساندنە هاوتای ئەو زیانانە بێت کە بازرگانەکان بەهۆی گواستنەوەی شتو مەکەکانەوە دوچاری دەبن) ئەو پەنجا یان شەست کەشتیەی کە ئەوان دروستی دەکەن، لەگەڵ هەندێك کەشتی ئامادەی هەمیشەیی، هێزێکی دەریایی گونجاو پێك دەهێنێت. ئەو کات ئەو هێزە وەکو هێزی دەریایی بەریتانیا لەکاتی ئاشتیو ئارامیەکاندا، لەنێو بەندەرەکاندا نارزێتو لەناو ناچێت. سیاسەتی دروست، یەکگرتنی هێزی بازرگانیو



بەرگریە، لەبەر ئەوەی ئەوکاتەی هێزی سەربازییو دارایەکانی ئێمە پشتیوانی لەیەکتر بکەن، ئیتر لەهیچ دوژمنێکی دەرەکی ناترسین.

تارادەیەك ئەمریکا پێویستی بەپارێزگاریی کردن لەبەرژەوەندیەکانی هەیە. لەئەمریکا ئەوەندە ـ کەنەف ـ ی زۆر دەڕوێت کە زۆربەی دەڕزێت، کەواتە گرفتی دروستکردنی گوریسی کەشتیمان نابێت. ئاسنی ئێمە لەزۆربەی وڵاتەکان زۆرترە. سوپا بچوکەکانمان هاوتای هەرجۆرە سوپایەکی تری جیهانن، ئێمە وەکو ئاوخواردنەوە دەتوانین چەندمان دەوێ تۆپ دروست بکەین، ئێمە رۆژانە نیتراتی پۆتاسیۆمو باروت بەرهەم دێنین. هەموو رۆژێك زانایيو شارەزایمان زیاتر دەبێت. هەمیشە ورەمان بەرزبوەو، ئازایەتیو شەهامەت هەرگیز ئێمەی بەجێ نەهێشتوە. ئەی کەواتە چیمان دەوێ؟ بۆ دودڵین؟ جگە لەوێرانکردنمان ناکرێت چاوەڕێی چیتر لەبەریتانیا بکەین. ئەگەر جارێکی تر بەریتانیا حکومەتی ئەمریکا بگرێتە دەست، ئیتر ئەو کیشوەرە بایەخی ژیانی نیە. ئەوکات گومانەکان پەرەدەسێننو شۆڕش سەرهەڵدەداتەوە، ئەی چ کەسێك ئەو هەڵچونانە ئارام دەکاتەوە؟ چ کەسێك ژیانی خۆی دەخاتە مەترسیەوە تا هاوڵاتیانی خۆی بکاتە کۆیلەی هێزە بێگانەکان؟ ناکۆکی نێوان پێنسیلڤانیاو کێن کتکیات، لەسەر نادیاریی چارەنووسی زەویەکانی نێوانیان، بێ بایەخیی رۆڵی حکومەتی بەریتانیا ئاشکرا دەکاتو، بەتەواوەتی ئەوەش دەسەڵمێنێت، کەهیچ شتێکی تر جگە لەهەژمونێکی کیشوەریی، ناتوانێت کاروبارەکانی کیشوەرێك بەڕێوە ببات.

بەڵگەیەکی تر بۆ ئەوەی ئێستا باشترین کاتە بۆسەر بەخۆیی ئەوەیە، ئێستا کە ژمارەی ئێمە کەمترە، زەویەکی بەتاڵی زۆرترمان هەیەو، لەباتی ئەوەی ئەم

زەویانە لەلایەن پادشای بەریتانیاوە بەخزموکەسە ناشایستەکانی ببەخشێت، جگەلەوەی بۆدانەوەی قەرزەکانی ئێستامان بەکەڵکە، دەکرێت وەکو پاڵپشتیەکی ئابوری هەمیشەیی حکومەتی ئەمریکا تەماشای بکەین. هیچ گەلێك لەم جیهانەدا وەکو گەلی ئەمریکا خودا ئەو نیعمەتەی پێ نەبەخشیوە.

ساوایی ناوچەکۆچبەرنشینەکان نەتەنها دژی ئەو ناوچانە نیە، بەڵکو بەڵگەیەکی باشە بۆ سەربەخۆیی ئەو ناوچانە. ژمارەی ئێمە لەئێستادا ژمارەیەکی باشەو، ئەگەر لەم ژمارەیە زۆرتر بین رەنگە کەمتر یەکبگرین. لێرەدا دەبێت سەرنجی ئەوە بدەین کە ئەو وڵاتەی ژمارەی دانیشتوانی زیاترە، سوپای بچوکتری هەیە. سەربازەکانی سوپای سەردەمەکۆنەکان زۆر لەژمارەی سەردەمە هاوچەرخەکان زیاترەو، هۆی ئەمەش رونو ئاشکرایە: زۆری دانیشتوان کاروکاسبی زیاتر دەکاتو خەڵکی ئەوەندە سەرقاڵی کارکردن دەبن کە هەموو شتێکی تریان بیردەچێتەوە. بازرگانیو مامەڵەکردن رۆحیەتی نەتەوەپەرستیو سەربازییو رۆحیەتی بەرگریی تاکەکان کەم دەکاتەوەو، مێژوو شایەتی ئەوەیە کەهەمیشە ئازایانەترین دەسکەوتەکان، لەقۆناغی سەرەتای[49] دروستبوونی هەر گەلێکدا بەدەست هاتوون. بەهۆی پەرەسەندنی بازرگانی، بەریتانیا رۆحیەتی جەنگاوەریی خۆی لەدەستدا، شاری لەندەن سەرباری زۆریی ژمارەی دانیشتوانەکەی، وەکو ترسنۆکێك ملکەچی سوکایەتی پێکردنەوە بەردەوامەکانە، تا مرۆڤەکان شتی زۆرتریان هەبێت، ترسی لەدەستدانی شتەکانیان زیاتر دەبێت. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین دەوڵەمەندەکان

---

[49] Non-age -



کۆیلەی ئەوترسەنو بەفێڵو تەڵەکەو خۆبردنە پێشەوە تەسلیمی دەسەڵاتی دەربارەبن.

لاویەتی سەردەمی هەڵسوکەوتە باشەکانەوە، گەلانیش وەکو تاکەکان دەتوانن لەسەردەمی لاویەتیاندا رەفتارە، باشەکانی خۆیان پەرەپێ بدەنو، پەروەردەی بکەن. نیوسەدەی تر تێپەر ببێت، گەر دان نەنێن نامومکینە، لەوانیە کارێکی دژواربێ لەکیشوەری ئەمریکادا حکومەتێك دابمەزرێت. هەمەرەنگیو بەرفراوانی بەرژەوەندییو حەزەکان، کە بەهۆی زیادبوونی کاروکاسبیو زۆریی ژمارەی دانیشتوانەوە دروست دەبێت، دەبێتە هۆی بەرپاکردنی بارگرژییو قەیران. کۆچبەرنشینێك دژی کۆچبەرنشینێکی تر دەجەنگێ. کۆچبەرنشینە بەتواناکان، هاوکاریو کۆمەکی کۆچبەرنشینەکانی تر بەسوغرە دەگرنو سوکایەتیان پێ دەکەنو، لەوکاتەدا کە لەخۆباییەکانو گێلەکان شانازی بەتواناییو تایبەتمەندیەکانی خۆیانەوە دەکەن، خەڵکانی ئاقڵ لەبەر ئەوەی پێشتر یەکیەتیەکەییان دروست نەکردوە، فرمێسکی خوێنین دەرێژن. کەواتە ئێستا، سەردەمی راستەقینەی دروستکردنی ئەو یەکیەتیەیە. ئەو دۆستایەتیەی کە لەقۆناغی ساوایی گەلانداو لەسەردەمی بەدبەختیو مەینەتیەکاندا دروست دەبێت، لەهەموو پەیوەندیەکانی تر بەهێزترو نەگۆرترە، یەکگرتنی ئێمە لەئێستادا دەبێتە خاوەنی ئەو تایبەتمەندیەی، کەهەم لەئێستادا ئێمە گەلێکی لاومان هەیەو، هەم لەژێر گوشاری ستەمکاریداین، سەرباری هەموو ئەوانەش هێشتا یەکیەتی ریزەکانمان پاراستوەو، بەمەش سەردەمێکی پر لەشانازیمان بۆ نەوەکانی داهاتوومان بەجێ هێشتوە.

ئێستا قۆناغێکی تایبەتی هاتۆتەپێش، کە هەرگیز لەجارێك زیاتر بۆ گەلێك فەراهەم نابێت، بەواتای ئێستا کاتی دروستکردنی حکومەتێکی خۆماڵییەو تەواو. زۆربەی گەلان ئەو هەلەیان لەکیس چوو، هەر لەبەر ئەمەش لەباتی ئەوەی یاساکانیان دابڕێژن، بەناچاریی پەیڕەویی لەیاسای داگیرکەرانیان دەکەن. یەکەمجار پادشایەکیان بۆدانراو دواتر فۆڕمی حکومەتەکەیان گۆڕین، ئەمەش لەکاتێکدایە کەدەبێت سەرەتا پێکهێنەرەکانی یاسای بنەڕەتی دیاریی بکرێتو، هەندێك کەس بۆ جێبەجێکردنیان دیاری بکرێت. وەرن بائێستا سود لەبێئاگایی گەلاتی تر وەر بگرینو ئەم هەلە زێرینە لەکیس نەدەین - حکومەتێك بۆ مەبەستێکی رەوا بەرپابکەین.

ئەو دەمەی کەویلیامی داگیرکەر بەریتانیای خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بەزەبری شمشێر یاسای بەسەردا جێبەجێکردن: واتە ئەو کاتەی کەئێمە رێگە دەدەین حکومەت لەئەمریکا بەشێوەیەکی هەژمونگەریانەو یاسایی بەداگیرکراوی بمێنێتەوە، ئەوا ئەو مەترسیە لەئارادا دەبێت کەدڕندەیەکی خۆشبەخت هەمان ئەو رەفتارەمان بەرامبەر بکات کە ویلیام لەبەرامبەر بەریتانیا کردی، ئەو پێگەیە داگیر بکاتو چۆنی دەوێت ئازادیمان زەوت بکات؟و چۆنی دەیەوێت داراێمان بەکار بهێنێت؟

لەچوارچێوەی ئاینو مەزهەبیشدا، من لەوباوەڕەدام کە ئەرکی هەمیشەییو دانەبڕوای هەموو حکومەتێك پاراستنی پەیڕەوانی هەر ئاینو مەزهەبێکەو، من لەم ئەرکە گرنگتر، هیچ شتێکی تر بۆ حکومەت بەئەرك نازانم. لێگەڕێن بامرۆڤ دەستبەرداری ئەو کورتبینیانەی ببێت کەبەپێی بنەمای خۆشەویستی، پەیڕەوە بیر تەسکەکانی هەرئاینو مەزهەبێك دەستبەرداری نابن. ئەگەر ئەو



بیرتەسکیو رەگەز پەرستیانەمان فڕێ بدەین، زەینی ئێمە لەترسو تۆقان بەتاڵ دەبێتەوە. بەدبینیو گومانی ئەوکەسانەی رۆحیەتێکی سوكو خراپەکارانەیان هەیە، ژەهری بکوژی هەموو گۆمەڵگایەکی باشو تەندروستە. من بۆخۆم بەپێی ویژدان لەوباوەڕەدام کەئیرادەی خودای مەزن پەیوەندیی بەڕەنگاوڕەنگیو فرەیی بیروباوەڕە ئاینیەکانی ئێمەوە هەیە. بەواتایەکی تر، ئەم هەمەڕەنگیە، گەشە بەمیهرەبانیەتی مەسیحی ئێمە دەدات. ئەگەر هەموان وەکویەك بیربکەینەوە، ئەوکات دەبوو بەڵگەی سەلێنراو لەمەڕ ئاراستە ئاینیەکانمان بدۆزینەوە، هەروەها بەپێی بنەمای ئازادیی، من وەکو منالّی یەك خێزان تەماشای فیرقە ئاینیە جیاوازەکان دەکەم، کەتەنها ناوەکانیان جیاوازە.

من لەبەشە پێشوەکانی ئەم کتێبەدا دەربارەی مەنشوری کیشوەریی چەند ڕایەکم پێشکەش کردوە (لەبەر ئەوەی من بەرنامە پێشکەش ناکەم، بەڵکو ئاماژە بە شتەگشتیەکان دەکەم)و لێرەدا جارێکی تر ئەو مافە بەخۆم دەبەخشم تاجارێکی تر جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کەدەبێت یاسای بنەڕەتی بەزنجیرەیەك بەڵێنی مەترسیدار لەقەڵەم بدەین، کەسەرجەم کۆمەڵگای پێوە گرێدراوە، تا پاڵپشتی لەمافە ئاینیو ئازادیە تاکە کەسیەکانو پاڵپشتی لەخاوەنداریەتی بکات. جەنگی یەکەم جار باشترە لەئاشتی دواجار. گفتوگۆکردنو چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەرەتای دۆستایەتیدا، پەرە بە دۆستایەتی دەدات.

لەلاپەڕەکانی پێشووی ئەم کتێبەدا باسم لەگرنگی نوێنەرایەتی یەکسانو بەرفراوان کردوەو، ئەمەش دەبێت زۆرترین بایەخی پێ بدرێت. ژمارەی کەمی ئەوکەسانەی دەنگ دەدەن، یان کەمی ژمارەی کاندیدەکان ئەوەندەی یەك مەترسیدارە. بەڵام جگە لەوەی ژمارەی نوێنەرەکان کەمە، گەر ژمارەکان

نایەکسانو نابەرابەر بن، ئەوە مەترسیەکە زیاتر دەبێت. لێرەدا لەو بارەیەوە نمونەیەك دەهێنمەوە: ئەو کاتەی لەئەنجومەنی پێنسیلڤانیا باس لەعەرزی حاڵی ئەندامانی یەکیەتیەکە کرا، تەنها بیستو هەشت ئەندام ئامادەبوونو، هەموو ئەندامانی کۆنت نشینی (باکس)[50] دژی ئەو عەرزی حاڵە دەنگیان داوحەوت ئەندامەکەی (چیستر) هەمان ئەو کارەیان کردو، سەرجەم هەرێمەکە لە رێگەی کۆنت لشێنوەکەوە بەرێوە دەبراو، هەمیشە ئەو مەترسیە لەئارادابوو. هەروەها دەستدرێژیی نائاسایی ئەنجومەن لەدواهەمین دانیشتنەکانیدا بۆ سەرنوێنەرانی ئەو هەرێمە، بەمەبەستی هەژمونگەرایەکی ناعادیلانە، دەبێ ببێتە زەنگی مەترسیەك لەلای سەرجەم هاولاَتیان، کەچۆن هێزیان لەژێردەست دەردەهێنرێت. ئەو کات کۆمەڵێك یاسای کارکردن بۆ نوێنەرەکان پێکەوە لکێنراکە لەرووی کردەییو ئەقلاَنیەوە بۆ قوتابیەکی سەرەتایش بەسوکایەتی دەزانرا، ژمارەیەکی زۆر کەم بەبێ هیچ بەرگریەك ئەو یاسایانەیان دارشتو پێشکەشی ئەنجومەنیان کردو لەنێو ئەنجومەنیشدا بەنوێنەرایەتی سەرجەم ناوچە کۆچبەرنشینەکان ئەو یاسایانەیان چەسپاند: کە ئەگەر دانیشتوانی ئەو ناوچانە دەیانزانی ئەو ئەنجومەنە بەنیەتێکی خراپەوە ئەو کارانە دەکات، هیچ سلّیان لەرەتکردنەوەی ئەو یاسا چەسپیوانە نەدەکردەوە.

پێداویستیە خێراکان زۆربەی کاروبارەکان هەموار دەکاتو، دەیانکاتە بەرژەوەندیی، کە ئەگەر ئەوە درێژە بکێشێت دەبێتە زولّمو ستەم. بەرژەوەندییو ماف دوو شتی جیاوازن. ئەو دەمەی ئەمریکا بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی پێویستی بەراپرسیو گفتوگۆ دەبێت، هیچ شێوەیەك ئاسانترو گونجاوتر نیە لەدەستنیشانکردنو هەڵبژاردنی چەند ئەنجومەنێك بۆ ئەو مەبەستەو، ئەو کارە

[50] - Bucks county



ئاقلاَنەیەش ئەو کیشوەرە لەمەترسی فەنا بوونو لەناوچوون دەیانپارێزێتو، پێی دەچێت ئێمە هەرگیز بەبێ کۆنگرە نەبین، هەر چاکەکارێکی خوازیاری سیستمێکی تەندروست، دەبێ دان بەوەدا بنێت کە ئەو شێوەیەی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەیە جێگەی بایەخەو، من لێرەدا ئەم پرسیارە لەو کەسانە دەکەم لەسەر مرۆڤایەتی دەخوێنەوە، کە ئایا نوێنەرایەتیو هەڵبژاردنی هێز گەورەتر نیە لەوەی بکرێت بەیەکجاری بیاندەینە دەست گروپێك؟ ئەو کاتەی پلان بۆداهاتوو دادەرێژین، دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت کەتەقواو چاکەکاریی بەمیراتی بۆ کەس نامێنێتەوە.

ئێمە زۆرجار پەند لەرەفتاری دوژمنەکانمان وەردەگرینو، جار لەدوای جار هەڵەکانی ئەوان، دانایی ئێمە زیاتر دەکات. جەنابی کرۆنڤیڵ (یەکێك لەسەرۆکەکانی خەزنەداریی) سوکایەتی بەداواکاریەکانی ئەنجومەنی نیۆیۆرك کرد، لەبەر ئەوەی پێیوابوو ئەنجومەنێك کە لەبیستو شەش ئەندام پێك هاتبێ شایانی سوکایەتی پێکردنەو، رای گەیاند ئەو ژمارەکەمە ناکرێت نوێنەری سەرجەم دانیشتوانی نیۆیۆرك بن، ئێمە لێرەدا سوپاسی ئەو راستگۆییە نائیرادەیەی دەکەین، هەرچەندە رەنگە ئەم کارە لەلای هەندێك کەس بەکارێکی سەمەرە لەقەڵەم بدرێت، بەلاَم گرنگ نیە: دەکرێت گەلێك بەڵگەی بەهێز لەمەر ئەو راستیە پێشکەش بکەین، کەهیچ شتێك وەکو بەیاننامەیەکی ئاشکراو سەرکراوە سەبارەت بەسەر بەخۆیی، ناتوانێت بەخێرایی ئێمە بگەیێنێتە ئەنجامو چارەنووسمان دیاریی بکات. هەندێك لەمادەکانی ئەو بەیاننامەیە بەمشێوەیەن:

یەکەم ـ ئەمە نەریتی گەلانە، ئەودەمەی دووگەل لەدژی یەکتر جەنگ بەرپادەکەن، چاوەروانی ئەوە لەوهێزانە دەکرێت کە لەوجەنگەدا بێ لایەنن، لەنێوان ئەو دوولایەنەدا ئاشتی بەرپابکەنو ببنە ناوبژیوان.

بەلاَم لەبەر ئەوەی ئەمریکا هەست بەوە دەکات لەلایەن بەریتانیاوە دەستی بەسەردا گیراوە، هیچ هێزێك چەندیش گەورەبێت، ناتوانێت ببێتە ناوبژیوانیان.

هەربۆیە لەم دۆخەی ئێستای ئێمەدا، ڕەنگە جەنگ لەگەڵ بەریتانیا تائەبەد درێژە بکێشێت.

دووەم ـ گەر دەمانەوێت بەهاوکاری ئیسپانیاو فەڕەنسا ئەودرزەی نێوان خۆمان‌و بەریتانیا پڕبکەینەوە، کارێکی بێسودە، لەبەر ئەوەی ئەو هێزانە بەهۆی ئەو هاوکاریکردنەوە دووچاری زیان دەبن.

سێ یەم ـ ئێمە خۆمان دەزانین کە لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیادایین، کەواتە لەڕوانگەی گەلانی دەرەوە ئاژاوەگێڕ لەقەڵەم دەدرێین، لەبەر ئەوەی بەناوی ڕەعیەتەکانی بەریتانیاوە خۆمان چەکدار دەکەین‌و ئەمەش دەبێتە هۆی مەترسی بۆ ئاسایش‌و هێمنی دراوسێکانمان، ئێمە بەیەکجارەکی دەتوانین ئەو دژایەتیە چارەسەر بکەین. بەڵام بەرهەڵستی‌و کۆیلایەتی‌و ژێردەستەبوون، پەسەندی هەموان نیە.

چوارەم ـ گەر مانیڤستێکمان (مەرام نامە)[51] بڵاو بکردبایەتەوەو، بۆ دەرباری وڵاتەکانمان ناردبا، باسی مەینەتیەکانی سەرشانمان دەکردو، باسی ئەو هەموو ڕێگە ئاشتیخوازانەمان دەکرد کەبۆ سارێژکردنی برینەکانمان بەکارمان هێناون‌و، هەروەها ڕاماندەگەیاند کەچیتر لەتوانامانداندا نیە لەژێر چەپۆکی بێ ڕەحمانەی دەرباری بەریتانیا، بەهێمنی‌و ئاسایش‌و شادمانی بژین‌و، بەناچاریی دەبێت پەیوەندیەکانمان لەتەك داگیرکەرەکەماندا بپچڕێنین‌و، هەروەها باسی ئەوەمان دەکرد کەمەبەستێکی ئاشتیخوازانەمان لەم کارە هەیەو دەمانەوێت بازرگانیان لەگەڵدا ڕێك بخەین ـ ئەوا ئەو ئاگاداریانەی کەئێمە پێشکەشی دەربارەکانی دەکەین، لەکەشتیەکی پڕ لەوداواکاریانەی کەپێشکەشی بەریتانیای دەکەین، بۆ ئەمریکا بەکەڵکترو بەسود ترە.

[51] - Manifesto



جۆری ئەو پەیمانەی کە ئێمە دەکاتە ڕەعیەتی بەریتانیا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە وڵاتانی تر گوێ لەئێمە نەگرن. نەریت‌و دیدگای سەرجەم دەربارەکان دژی ئێمەیەو، تائەوکاتەی وەکو گەلانی تر سەربەخۆ نەبین‌و ریزی خۆمان جیانەکەینەوە، بەهەمان شێوە دەبێت.

ڕەنگە سەرەتای ئەم داواکاریانە سەرسوڕهێنەر بێنە بەرچاو، بەڵام وەکو هەنگاوەکانی پێشووترمان، لەماوەیەکی کورتدا دەبنە داواکاریەکی ڕەواو ئەمریکا تابانگەشەکردنی سەربەخۆیی، خۆی بەو مرۆڤە دەزانێت کە ئەنجامدانی کارێکی گران لەمرۆوە دەخاتە سبەینێ‌و، هەرچەندە دەزانین کە دەبێ ئەوکارە ئەنجام بدات، بەڵام حەز بەدەستپێکردنی ئەو کارە ناکات‌و، حەزدەکات بگاتە کۆتایی‌و، بەردەوام ئەندێشەی پێویستی ئەنجامدانی ئەوکارە وەکو مۆتەکەیەك زەینی ئەویان داگیر کردوە.

## پەیوەست:

لەسەردەمی چاپی یەکەمی ئەم نامیلکەیەدا، یان بە واتەیەکی تر، هەر لەهەمان ڕۆژی بڵاوبونەوەی ئەم نامیلکەیەدا، دەقی وتەی پادشا[52] لەشاری (فیلادلفیا) بڵاوکرایەوە. ڕەنگە ئەگەر ڕۆحیەتی پێشبینیکردنی شتەکان بوبێتە ئیلهام بەخشی نوسینی ئەم نامیلکەیە، نەمتوانیبا کاتێکی باشترو گونجاوتر لەو قۆناغە گرنگە بۆ بڵاوکردنەوەی بدۆزمەوە. نیازخراپی یەکێك، بەدواداچوون‌و دەربڕینی تیۆریەکانی تاکێکی تر داوادەکات. مرۆڤەکان لەڕووی

[52] - دەقی وتەی پادشا لە پەرلەمان لە ساڵی 1776 لە ڕۆژنامەی Pehnsylvania Gazetle بڵاوکرایەوە. لەو وتەیدا دەڵێت: خۆی لە ڕشتنی خوێنی هاولاتیە ئەمریکیەکان بەدور دەگرێت‌و هیوادارە کە گەلی ئەمریکا دیدگا خائینانەکانی ڕابەرە سەربەخۆیی خوازەکان بناسن‌و داوای ئەوە بکەن بە ڕەعیەتی بەریتانیا بمێننەوە.

رق‌و کینەوە نامیلکەکە دەخوێننەوەو، ئەو وتەیەش لەباتی بڵاوکردنەوەی ترس، ڕێگەی بۆ بنەماکانی سەربەخۆیی هەموار کرد.

ئەو کاتەی چاو لەکارە چەپەڵ‌و خراپەکان دادەخەن، ئەوا بێدەنگی بەهەر بیانویەك کارێکی پر لەئازارە. بەقبوڵکردنی ئەو بنەمایە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە وتەی پادشا، کۆمەڵێك قسەی رازاوەیە کە تائیستاش شایانی بەنەعلەت کردنە. لەگەڵ ئەمەشدا، لەبەر ئەوەی ئاسایش‌و هێمنی ناوخۆیی گەلێك، تارادەیەك زۆر پەیوەندیی بەپاراستنی ئەو شتەوە هەیە کەپێی دەوترێت بەرژەوەندیی نەتەوەیی، باشتروایە بێدەنگانە رق‌و بێزاریەکانمان دەربڕین‌و تاکەڵك لەشێوازە تازەکانی بێزاری دەربڕین وەرگرین، نەبادا ئاسودەیی خەیاڵی هەرەشەئامێزی پاسەوانی ئاشتی‌و ئاسایش ئێمە تێك بچێت، رەنگە بەشێوەیەکی گشتی لەبەرهەمان خۆبەدورگرتن‌و ئاگاداریە، کە وتەی پادشا روبەڕوی نارەزایی توندی بیروڕای گشتی نەبۆتەوە، ئەو وتەیە جگە لەتۆمەتێکی دەستئەنقەست‌و قێزەون دژی حەقیقەتی بەرژەوەندیی گشتی‌و بونی مرۆیی، چیترنیەو شێوەیەکی رەنگاو رەنگ‌و تەشریفاتیە لەمەڕ پێشکەشکردنی قوربانی مرۆیی لەبەردەم جەبەروت‌و ستەمکاریی، بەڵام ئەم کوشتارە بەکۆمەڵە، یەکێکە لەمافە تایبەتی‌و دەرئەنجامەکانی وتەی پادشاکانە، لەبەر ئەوەی ئەوەندەی سروشت ئەوان دەناسێت، ئەوان سروشت ناناسن‌و، هەرچەندە ئەوانیش مرۆڤێکن وەکو ئێمە، بەڵام ئێمە ناناسن‌و خۆیان بەخودای رەعیەتەکانیان دەزانن، ئەو وتەیە تایبەتمەندیەکی باشی هەبوو کە مەبەستی فێڵ کردن‌و فریودان نەبوو، ئێمەش گەر تەنانەت خۆمان بمانەوێت ناتوانین فریو بخۆین. ستەم‌و زوڵم لەناوەرۆکی وتەکەدا دیارو ئاشکرایەو، ئێمە دوچاری سەرسوڕمان ناکات. بەو



واتایەی کە هەر دێڕێکی ئەو ووتەیە وەڵامێکە بۆ ئێمە. ئەو کەسەی لەدارستانەکاندا راوی ئاژەڵەکان دەکات‌و، ئەو سورپێستە روت‌وقوت‌و نەخوێنەوارەش، لەپادشای بەریتانیا دڕندەتر نیە. سێرجان دالێریەمپل، باوکی گریمانی ووتارێکی ساختە کارانەو گلەیی ئامێز، کە بەهەڵە ناونراوە (پەیامی گەلی بەریتانیا بۆ دانیشتوانی ئەمریکا)[53] پێشکەش دەکات، رەنگە بەوخەیاڵە پوچەی کە وەسفکردنی پادشا، گەلی ئەمریکا دەترسێنێت، وێنەی کەسایەتی راستەقینەی پادشا ئاشکرا بکات.

ئەو نووسەرە گریمانیە بەخەڵکی دەڵێت: گەر دەتانەوێت ستایشی دەوڵەتێك بکەن کەهیچ گلەیەکتان لەبەرامبەری نیە، ئەوا بێ ئینسافیەکە هەمان ئەو ستایشەش لەبەرامبەر شازادەیەك ئەنجام نەدەن کە بەسەرلەقاندنێك دەوڵەت مۆڵەتی جێبە جێکردنی هەرکارێکی پێ دەدرێت.

موحافیزکاریی لەمەش زیاتر دەبێت؟ ئەمە بتپەرستیەکی بێ دەمامکە. ئەو کەسەی دەتوانێت بەبێ هەڵچوون گوێ لەو بیروڕایانە بگرێت‌و قبوڵیان بکات، ئەوا بەهەڵە بانگەشەی خاوەنداریەتی ئەقڵ‌و دانایی دەکات ـ و بێبەشە لەسیستمی مرۆیی‌و دەبێت وەکو کەسێك تەماشا بکرێت کە دەستبەرداری رۆحیەتی مرۆیی خۆی بوەو لەئاژەڵەکانیش سوکترەو وەکو کرمێکی قێزەون ژیان دەباتە سەر.

53 - نووسەرە گریمانیەکە چارلێز دالێر پیمل بوو کە ساڵی 1766 بە پۆستی بارۆنی خەزنەداریی دامەزرا. مێژوونووس بووە. ئەو کتێبەی تۆم پین مەبەستیەتی: The address of the people of Great – Britain to teinhibitonts of America

بەهەر حاڵ، ئێستا ئیتر گرنگ نیە کەپادشای بەریتانیا چی دەڵێتو چۆن بیر دەکاتەوە؟ ئەو زۆر خراپەکارانە هەموو جۆرە بەڵێنێکی ئەخلاقیو مرۆیی شکاندو، ویژدانو یاساکانی سروشتی خستە ژێر پێیو، بەوپەڕی بێ شەرمیەوە رق وکینەیەکی فرەگیری بۆخۆی دروست کرد. ئێستا لەبەرژەوەندیی ئەمریکادایە کەخۆی بۆداهاتوو سازو ئامادە بکات. ئێستا ئەمریکا خاوەنی خێزانێکی لاوو گەورەیەو، دەبێت پارێزگاریان لێ بکاتو، نابێت داراییەکانی خۆی بەفیڕۆبداتو، پشتیوانی لەدەسەلاتێك بکات کە پەڵەیەکی رەشە بەنێوچاوانی مرۆڤایەتیو مەسیحیەتەوە ـ ئەی ئەوانەی کە ئەرکی چاودێریکردنی ئەخلاقییاتی گەلانتان هەڵگرتووە، سەر بەهەر فیرقەو مەزهەبێکن، هەروەها ئەی ئەوانەی کەپاسەوانی ئازادیە گشتیەکانن، گەر دەتانەوێت نیشتمانەکەتان خۆی لەگەندەڵی ئەوروپا بەدوور بگرێت، دەبێت ئارەزووی جیابونەوە بکەن ـ لێرەدا ئەم بابەتە بۆبیرکردنەوە قوڵەکانی خۆتان جێدەهێڵمو لەژێر ئەم ناونیشانانەی خوارەوەدا هەندێك تێبینی زیاتر پێشکەش دەکەم:

یەکەم ـ لەبەرژەوەندی ئەمریکایە لەبەریتانیا جیابێتەوە.

دووەم : کام یەك لەم رێگایانە ئاسانترینو کردەیی ترە، ئاشتی یان سەربەخۆیی؟

دەربارەی رێگای یەکەم کە ئاشتیە، دەتوانم بیروڕای هەندێك لە بە ئەزمونترینو بەتواناترین پیاوانی ئەم کیشوەرە کە بیروڕاکانی خۆیان دەربارەی ئاشتی تائێستا ئاشکرانە کردەوە، لێرەدا پێشکەش بکەم: هەرگەلێکی ئەم جیهانە کە وابەستەی حکومەتێکی دەرەکیە: بازرگانی سنورداری هەیەو هێزی



جێبەجێکاری، ئەو حکومەتە ئەسیری ئەو هێزە دەرەکیەیە، کەواتە هەرگیز ناگاتە شایستەیی ئابوری. ئەمریکا تائێستا نازانێت دەوڵەمەندیی چییە، هەرچەندە ئەو پێشکەوتنەی تائێستا بەدەستی هێناوە لەمێژووی زۆربەی گەلاندا بێ هاوتایە، بەلاّم گەر ئەمریکا بتوانێت دەست بەسەر هێزی جێبەجێکردنی دەسەلاّتی ناوخۆیدا بگرێتو بە بەراوردکردنی ئەو شتانەی کە دەتوانێت ئەنجامیان بدات، بەقۆناغی منالّی ئەمریکا دادەنرێت.

لەحالّی حازردا، بەریتانیا زۆر بەخۆبەگەورە زانینیەوە ئارەزووی بەدەستهێنانی شتێك دەکات کە گەر بەدەستیشی بهێنێت هیچ سودێکی بۆی نیەو، کیشوەری ئەمریکاش گومان لەئەنجامدانی کارێك دەکات کە ئەگەر پشت گوێی بخات دەبێتە هۆی فەنابوونی یەکجارەکی.

بەریتانیا کەلّك لەداگیرکردنی ئەمریکا وەرناگرێت، بەلّکو بازرگانی کردن لەگەلّ ئەمریکا بۆ ئەو بەسودەو، ئەگەر ئەمریکاو ئیسپانیاو فەرەنسا سەربەخۆبن، ئەوا مامەڵەی بازرگانی لەئاستێکی بەرفراوانتردا لەگەلّ ئەو ولاّتە بەرێوە دەچێت. لەبەر ئەوەی ئەمریکا بۆ زۆربەی کالاّکان، بازارێکی باشترە لەبازارەکانی تر.

بەلاّم سەربەخۆییو جیابونەوەی ئەمریکا لەبەریتانیا، کە لەئێستادا تاکە ئامانجی بەهادارو گرنگە، وەکو ئەو داوای حەقیقەتەکانی تر، بەحوکمی پێویستی دەدۆزرێتەوەو، هەموو رۆژێك وێنەیەکی رونترو بەهێزتر پەیدا دەکات.

یەکەم لەبەر ئەوەی رۆژێك ئەو سەربەخۆییە رودەدات.

دووەم: لەبەر ئەوەی تاوەکو سەربەخۆیی وەرگرتن دوابکەوێت، ئەوا قورستر دەستەبەردەکرێت. من زۆرجار لەگەلّ هەندێك کەس گالّتە بەو هەلّە ئاشکرایانە

دەکەم کە لەرێگەی خەڵکانێکەوە بەبێ بیرکردنەوە دوچاری دەبن و، لەنێو سەرجەم ئەو هەلاّنەدا کە بەرچاوم کەوتبێ ئەم هەڵەیەی خوارەوە لەهەموویان گشتگیرترە. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر لەوباوەڕەدابین لەباتی ئێستا، چل یان پەنجا ساڵی تر دابڕانی ئەمریکا لەبەریتانیا روبدات، ئەوا کیشوەری ئەمریکا بەتوانایەکی زۆرتر لەتوانای ئەمڕۆی، خۆی لەوابەستەیی بەریتانیا رزگار دەکات، ئەوا لەوەڵامی ئەو باوەڕەدا دەڵێم کە حاڵی حازر توانای سەربازی ئێمە، بەهۆی ئەو ئەزمونەوە کە لەشەڕی رابردودا بەدەستمان هیناوە، لەچل یان پەنجا ساڵی داهاتودا بەتەواوەتی لەناو دەچێت، تا ئەوکاتە، تاکە یەك جەنراڵو تەنانەت تاکە یەك ئەفسەری سەربازیی بۆ ئەمریکا نامێنێتەوەو، ئەوکەسانەی لە داهاتوداجێگەی ئێمە دەگرنەوە، ئەوەندەی سورپێستە هیندیەکان لەکاروبارە سەربازیەکان بێ ئاگان. گەر بەوردی سەرنجی ئەم خاڵەبدەین دەبینین کە حاڵی حازر لەهەموو کاتێکی تر بۆ سەربەخۆیی ئەمریکا گونجاوترە. قسەو باسەکان دەگاتە ئەوەی ـ لەکۆتایی جەنگی رابردودا ئێمە بوینە خاوەن ئەزموون، بەلاّم ژمارەمان کەمتر بوو، لەچل یان پەنجا ساڵی داهاتودا ژمارەمان زۆر دەبێت، بەلاّم کەم ئەزمونتر دەبێت، کەواتە سەردەمی سەربەخۆیی لەنێوان ئەو دوو ئاستەدایە، کە ئەزمونی پێشومان لەکیس نەچێتو بەهەمان شێوە دوهەمیشیان زیاد بکات: ئەمەش ئەومانایە دەگەیێنێت کە ئەوکاتە هەرئێستایە.

دەبێت خوێنەران ئەم نوسینە لاوەکیانەم ببەخشن، لەبەر ئەوەی درێژەم بەبابەتەکانی ژێرناونیشانی ئەم بەشانەداو لێرەدا بەبێ شیکردنەوەی ئەم بابەتانەی خوارەوە دەگەڕێمەوە سەرهەمان ناونیشان:



ئەگەر کار بۆ چاککردنەوەی پەیوەندیەکانمان بکەین لەگەڵ بەریتانیاو، دەسەلاّتی بەریتانیا وەکو خۆی بەسەر ئەمریکادا زاڵبێت، ئەوا قەرزەکانیان وەکو خۆی دەمێنێتەوە. بەهای ئەو زەویانەی کەهەندێك لەهەرێمەکان بەهۆی پەرەسەندنی نهێنیو ناعادیلانەی سنورەکانی کانادا[54] لەدەستی دەدەن، گەر تەنها لەبری یەك ئیکز[55] زەوی پێنج پۆند بەراورد بکەین، دەگاتە نزیکەی بیستو پێنج ملیۆن پۆندی پێنسیلڤانیاو، ئەگەر هەر مەترێك زەوی بەنرخی دیاری کراوی (یەك پێنی) بەکرێ بدەین، ساڵانە دوملیۆن پۆند سترلینگمان دەست دەکەوێت.

بەفرۆشتنی ئەو زەویانە، دەتوانین زۆر ئاسان قەرزەکانمان بدەینەوەو، وردەوردە ئەوپارانە کۆبکەینەوەو بودجەی ساڵانەی حکومەت فەراهەم بکەین. هەروەها تا ئەوکاتەی پارەی قەرزەکان لەرێگەی فرۆشتنی زەویەکانەوە دەستەبەردەکرێتو، ئەمەش لەرێگەی کۆنگرەوە وەکو دەستەی باوەڕپێکراوی کیشوەریی جێبەجێ دەکرێت، ئیتر گرنگ نیە ئەم کارە چەند درێژە دەکێشێت.

لێرەدا وەکو بەشی دووەم وەلاّمی ئەم پرسیارە دەدەمەوە: کە کورتترینو عەمەلیترین پلان کامەیە؟ ئاشتی یان سەربەخۆیی؟ ئەوکەسەی سروشت بەرێنوێنیکەری خۆی دەزانێت، بەئاسانی گۆڕەپانی ئەم قسەو باسانە جێ ناهێڵێتو لەسەر هەمان بنەرەت، من لەوەلاّمدا دەڵێم: سەربەخۆیی

54 - پین لێرە مەبەستی یاسای _کێبك_ە (Quebec act) کە ساڵی 1774 پەرلەمانی بەریتانیا بڕیاری لەسەر داوە. بەپێی یەکێك لە خاڵەکانی ئەو یاسایە، باکوری رۆژئاوای ئۆهایۆ لکێنا بە کێبکەوە.

55 - بەرامبەری 4047 مەتری چوار گۆشە.

بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتێکی سادەیەو لەبەرامبەر ئەویش ئاشتی بابەتێکی زۆر تەمومژاوییو سەرتێکدەرە، کەپڕە لەدەستێوەردانی هەمەجۆری دەربار.

هەموو مرۆڤێکی دانا بەباشی دەرك بەوە دەکات، کە بارودۆخی حاڵی حازری ئەمریکا جێگەی نیگەرانیە: بێ یاساو حکومەتەو خاوەنی هیچ هێزێکی تر نیە کە حکومەتی لەسەر بنیات نرابێو خوا بەڕێوەی دەبات. لێکچونی بێ هاوتای بیرو باوەڕەکان، کە لەهەر رویەکەوە ئاڵوگۆر بەخۆوەدەبینێت، هەموو دوژمنێکی نهێنی لەهەوڵی وێرانکردنی ئەو لێکچونانەدایە. بارودۆخی ئێستای ئێمە وەکو یاسادانەرێکی بەبێ یاساو دانایەکی بێ نەخشەو سیستمێکی سیاسی بێ ناونیشان وایە، لەهەمووی سەرسوڕهێنەرتر، هەرچەندە خاوەنی سەربەخۆیی تەواوین، بانگەشەی وابەستەیی دەکەین. ئەمە نمونەیەکی بێ هاوتایە، هەرگیز شتی لەوجۆرە بوونی نەبووە، کێیە ئەوکەسەی پێمان بڵێت چی رودەدات؟ لەم بارودۆخە بارگرژو لێکپچڕاوەدا، داراییو سەروماڵی کەس پارێزراونیە. زەینیەتی زۆرینەی خەڵك بەتاڵەو هیچ ئامانجو مەبەستێکی هەڵنەگرتوەو، خەڵك دوای هەرجۆرەوەهمو گومانێك دەکەوێت، هیچ کارێك تاوان نیە، خیانەت مانای نیە، هەر لەبەرئەمەش هەموو کەسێك حەز بەهەرکارێك بکات، ئازادانە ئەنجامی دەدات. گەرموحافیزکارەکان دەیانزانی بەورەفتارەیان دەبێ بەدرێژایی ژیانیان وەڵامی یاساکانی حکومەت بدەنەوە، هەرگیز بیریان لەو هێرشە نەدەکردەوە. بالێرەدا بەراوردی نێوان ئەوسەربازە بەریتانیانەی کە رەوانەی مەیدانی جەنگ دەکرێنو ئەو دانیشتوانەی ئەمریکا بکەین کەخۆی چەکی هەڵگرتوە، گروپی یەکەم



دیللن، بەڵام گروپی دوهەم خائینن. یەکێك ئازادیی فیدا دەکات، ئەوەیتریان سەرپیشکەش دەکات.

سەرباری دانایی ئێمە، بەڵام لەدادخوازیی ئێمەدا خاڵێکی لاواز بەدی دەکرێت، کە ئەوەش دەبێتە هۆی پەرەپێدانی ناکۆکیو ململانێکانمان. پشتێنی ئەم کیشوەرە زۆرشل بەستراوەو، ئەگەر لەکاتی خۆیدا شتێك نەکەین، ئەوا چیتر درەنگ دەبێتو، دەکەوینە دۆخێکەوە کەئیتر نەئاشتی پیادە دەبێتو نەسەربەخۆیی دێتەدی. پاشاو پاشکۆ بێ بەهاکانی هێشتا سەرقاڵی یاریە کۆنەکەن (دروستکردنی ناکۆکی لەئەمریکادا) و لەلای ئێمەش کەم نین ئەو چاپخانانەی کەدرۆ راستی ئامێزەکان بڵاو دەکەنەوە. ئەونامە ریاکارانەو فێڵبازانەیەی کە ماوەیەك پێش ئێستا لەدوورۆژنامەی نیویۆرکدا بڵاوکرایەوە، شایەتی لەسەر ئەوە دەدەن کە هەندێك کەسی بێ ئاگاو ناراستگۆ لەنێوان ریزەکانماندا بوونیان هەیە.

زۆر ئاسانە خۆ بخزێنینە سوچێکەوەو باسی ئاشتی بکەین: بەڵام ئایا ئەوجۆرە کەسانە هەست بەوە دەکەن چ ئەرکێکی قورس لەئەستۆماندایەو، ئەگەر ئەم کیشوەرە دوچاری ناکۆکیو تەفرەقە ببێت، چەند مەترسیدارە. ئایا ئەوکەسانە سەرجەم چینو توێژەکانی کۆمەڵگا، بەجیاوازیی بارودۆخی تایبەتیانەوە لەبەرچاودەگرن. ئایا خۆیان دەخەنە جێگەی ئەو کەسانەی کەسەروڕماڵیان لەدەست داوەو، بیر لەوسەربازانە دەکەنەوە کە بۆپارێزگاریی کردن لەوڵاتەکەیان دەستیان لەهەموو شتێکیان هەڵگرتووە، ئەگەر ئاشتی پەیوەندیی بەژیانی خەڵکییەوە نیە، ئەوا رۆژگارو روداوەکانی ئەوەیان لەلا دەسەلێنن، کەبەبێ پێوانەکردن بڕیویانە.

هەندێك كەس داوای گەڕانەوەی بارودۆخی ساڵی (1763) [56] دەکەن، من لەوەڵامی ئەوداخوازیەدا دەڵێم: ئێستا بەریتانیا گۆڕاوەو ناتوانێت ئەوە قبوڵ بکاتو پێشنیاری لەوجۆرەش ناکات، تەنانەت ئەگەر پێشنیارێکی لەوجۆرەش بکات، من وەکو پرسیارێکی مەنتیقی دەپرسم، چۆن ئەو دەربارە فاسیدو بێ دینە پابەندی بەڵێنەکانی خۆی دەبێت؟

ئەوکات پەرلەمانێکی تر، یان هەر ئەم پەرلەمانە، رەنگە بەبیانوی ئەوەی کە ئەو بەڵێنانە نامەنتیقینو بەزۆر خراونەتە ئەستۆی بەریتانیا، رەتیان بکاتەوە. لەوکاتەدا ئێمە چ چارەیەکمان دەبێت؟ گەلان ناگەرێنەوە بۆ سەریاسا. تۆپخانەو کلاوی ئاسنینی پادشاو شمشێرەکەی پادشا نە وەکو بەمەبەستی بەرقەرارکردنی دادپەروەری، بەڵکو بەمەبەستی هەڵگیرساندنی ئاگری جەنگو دوبەرەکی نانەوە دەچنە گۆرەپانی روبەڕوبونەوەکان. گەرانەوە بۆ بارودۆخی ساڵی 1763بەس نیە، لەبەر ئەوەی دەبێت بارودۆخی ئێمەش بگەڕێتەوە سەر هەمان دۆخی پێشوو، وەکو ئەو سالانە ماڵو شارە وێرانکراوەکان چاك بکرێنەوەو، زیانە تاکەکەسیەکانمان بۆ قەرەبوو بکرێتەوەو، قەرزی گشتی بدرێتەوە، ئەگەر ئەمەنەکرێت، ئەوا ئێمە یەك ملیۆنجار خراپتر دەبین لەو سەردەمە پڕلەمەینەتیە. ئەگەر داواکاریەکی لەوجۆرە لەساڵی رابردودا قبوڵ بکرابا، دڵو رۆحی کیشوەرەکەی داگیر دەکرد ـ بەڵام ئەمرۆ ئیتر زۆر درەنگەو کار لەکارترازاوە.

---

56 - مێژوی کۆتایی جەنگی نێوان فەڕەنسیەکانو هیندیە سورپێستەکان کە بۆ ماوەی هەشت سال تەواو کۆچبەرنشینەکانی هەراسان کرد. لەلای ئەمریکیەکان ئەو مێژووە بە خاڵی وەرچەرخان لە قەڵەم دەدرێت.



هەروەها، چەك هەڵگرتن بەمەبەستی رەتکردنەوەو سڕینەوەی یاسایەکی تایبەت بەکاروباری داراییو پارەو پول لەڕوانگەی یاسای ئیلاهیەوە نارەوایەو، لەلایەن هەستی مرۆڤایەتیشەوە بەشتێکی قێزەون لەقەڵەم دەدرێتو، وەکو چەك هەڵگرتن بەمەبەستی ملکەچکردنی یەکتریی، ناشیرینو بێ هودەیە. من پێم وایە ژیانی مرۆڤ زۆر پڕبایەخترە لەوەی کە لەپێناوی ئەوجۆرە مەبەستانەدا بەفیرۆ بدرێت. ئەوتوندوتیژیەی پیادە دەکرێتو، ئەو هەرەشانەی لەکۆمەڵی ئێمە دەکرێتو، ئەو ماڵوێرانیەی کەهێزە چەکدارەکان بەسەرداراییو سامانی ئێمەی دەهێننو، بەئاگرو شمشێر وڵاتەکەمان داگیر دەکەن، شەرعیەت دەداتە خەباتی چەکدارانە لەدژی زۆردارانو، ئەودەمەی کە ئەوجۆرە بەرگریکردنە شەرعیەت پەیدا دەکات، چیتر دەبێت هەموو جۆرە پەیڕەویکردنێکی بەریتانیا رابگیرێتو، دەبێت مێژووی سەربەخۆیی ئەمریکا بەو رۆژە دابنرێت کە یەکەمین فیشەك لەدژی سەربەخۆیی دەتەقێنرێت. ئەم نووسینە بەهێزەو، بەهەوەسو لەبەرهەستی داگیرکاریی نەنوسراوە، بەڵکو لەوزنجیرە روداوانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە کۆچبەرنشینەکان هۆی رودانیان نەبوون.

ئەم تێبینیانە لەپاش ئەم ئاماژە کورتانەی خوارەوە کە لەڕوی نیەت پاکیەوە پێشکەشیان دەکەم، دەگاتە کۆتایی. دەبێ ئەوە بزانین کە ئێمە بۆ دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی سێ رێگای جیاوازمان لەبەردەستدایەو یەکێك لەوسێ رێگایە ئەوەیە کە بەپێی چارەنووسی ئەمریکا، دەنگی یاسایی گەل رۆژێك لەڕۆژەکان لەکۆنگرەدا داوای سەربەخۆیی دەکات، دوو رێگەکەی تریش بریتین لەبەکارهێنانی هێزی سەربازیی یان هێزی شۆڕشگێڕانەی گەل. هەمیشە بەوجۆرە نیە کەسەربازەکانی ئێمە لەهاولاتیانمان پێك هاتبن، کە زۆربەیان

خەڵکی ئاسایی‌و مەعقوڵن. هەروەها پێشتریش ئاماژەم بەوەکردوە کە چاکەکاریی هەمیشەیی نیەو بۆ کەس بەمیراتی نامێنێتەوە. ئەگەر سەربەخۆیی لەورێگایانەوە بێتەدی، هەمووجۆرە دەرفەت‌و بوارێك باوەڕمان بۆ دەکەنەوە تاشەریفترین‌و بێ غەشترین سیستمی حکومڕانی لەسەر زەوی دروست بکەین. ئێمە توانای ئەوەمان هەیە کە جیهان روبەڕوی سیستمێکی نوێی جیهانی بکەینەوە. بارودۆخێکی لەمجۆرەی دۆخی ئێستای ئێمە لەزەمانی نوحەوە روی نەداوەتەوە، خەریکە جیهانێکی نوێ لەدایك دەبێت‌و نەوەیەك دێتە ئاراوە کەژمارەیان ئەوەندەی سەرجەم ئەوروپا دەبێت‌و بڕیارە بەشە ئازادیی خۆیان لەڕوداوەکانی ئەم چەند مانگەی دوایی وەر بگرن. دودڵیکردن کارەساتە ـ و لەم ڕوانگەیەوە، رەخنە گرتن‌و بیانوی بەنی ئیسرائیلیانەی کۆمەڵێك کەسی ترسنۆك وەبەرژەوەندیخواز، زۆر سوك‌و گاڵتەجاڕانەیە، بەتایبەت لەکاتێکدا کە ئەوڕەخنانەیان لەتەك گەورەیی نەزمی نوێی جیهانیدا بەراورد بکەین.

ئەگەر چاو لەم دەرفەتە لەبارو سەرنج راکێشانە ببەستین سەربەخۆیی بکەوێتەژێرکاریگەریی شێوازەکانی ترەوە، دەبێت دەرئەنجام‌و ئاکامی ئەو کارەساتەی رودەدات لەئەستۆی خۆمان‌و ئەوکەسە کورتبینەو رەگەز پەرستانە بنێین، کەبەبێ هیچ لێکۆڵینەوەو بیرکردنەوەیەك دژایەتی سەربەخۆییخوازی دەکەن. هەندێك بەڵگە لەبەرژەوەندی سەربەخۆیی خوازیدا بونیان هەیە کەدەبێت مرۆڤەکان لەخەڵوەتدا بیری لێ بکەنەوە، نەوەکو بەئاشکرا روبەڕویان بکرێنەوە. لەئێستادا پێویست بەقسەکردن لەسەر ئەوە ناکات کە سەربەخۆدەبین یان نە، بەڵکو دەبێت نیگەرانی ئەوەبین کە سەربەخۆیی لەسەر بنەرەتێکی بەهێز دابمەزرێت‌و ئاسایش‌و شەرافەتمان بپارێزێت. هەموڕۆژێك لەڕۆژی پێشوتر زیاتر



هەست بەگرنگی سەربەخۆیی دەکەین. تەنانەت موحافیزکارەکانیش (ئەگەر تائێستا لەنێو ئێمەدا لەوجۆرە مرۆڤانە هەبن) دەبێت زۆرتر لەهەرکەسێکی تر هاندەری پێشخستنی سەربەخۆیی بن، لەبەر ئەوەی چۆن دامەزراندنی کۆمیتەکان لەسەرەتادا گیان‌ومالی ئەوانی لەمەترسی رەق‌و کینەو توڕەیی خەڵك پاراست، ئەوا فۆڕمی دانایانەو جێگیریی حکومەتیش، بەهەمان شێوە ئاسایشیان دەپارێزێت، کەواتە، ئەگەر ئەوکەسانە ناتوانن مەشڕوتەخوازبن[57]، دەبێت ئەوەندە بیر لەبەرژەوەندیەکانیان بکەنەوە کە ئارەزوی سەربەخۆییان هەبێت.

بەکورتی، سەربەخۆیی تاکە رێگایە کە پێکەوەمان گرێدەدات. گەر ببینە خاوەنی سەربەخۆیی، بەباشی ئامانجەکانمان دەبینین‌و، گوێ لەپیلانگێڕانە جوڵێنەرەکان ناگرین‌و، فێڵەکانی دوژمن نامانخەڵەتێنێت، ئالەوکاتەدا، ئێمە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی بەڕیتانیا دەرفەتێکی لەبارو گونجاومان لەبەردەست دەبێت، لەبەر ئەوەی بیرکردنەوەیەکی مەنتیقیە کەهەستی خۆبەگەورە زانینی دەرباری بەڕیتانیا کەمتر دەشکێت گەر لەتەك ویلایەتەکانی ئەمریکادا بگاتەسازش، تاوەکو لەگەڵ ژێردەستەکانیدا کەوەکو رەعیەتی شۆڕشگێڕ تەماشایان دەکات بگاتە سازیش‌و ئاشتی. ئەوە دواکەوتن‌و دودڵی ئێمەیە بەڕیتانیا ئومێدەوار دەکات‌و، سستی ئێمەش تەنها درێژە بەجەنگ دەدات.

---

57 - Whiais لە بنەڕەتدا ئەندامانی پارتی مەشروتە خوازی بەڕیتانیا بوون کە لەلایەن بازرگان‌و وردەبۆرژواکانەوە پشتیوانی دەکران‌و تەنها دەسەڵاتی پەرلەمانیان بە یاسایی دەزانی.

لەوڕووەوە کە بەراگرتنی مامەڵە بازرگانیەکانمان لەتەك بەڕیتانیا، بێهودە وویستومانە سزای مەینەتیەکانمان وەر بگرینەوە، وەرن ئێستا بەشێویەکی سەربەخۆ، خۆمان سزای مەینەتیەکانمان هەڵبگرینو، جارێکی تر دەست بەمامەڵە بازرگانیەکانمان بکەینەوە لەگەڵ بەڕیتانیا. بەشێکی گەورەی بەڕیتانیاو بازرگانی ئەو وڵاتە تا هەنوکە لەگەڵ ئێمەدایە: لەبەر ئەوەی ئاشتیو مامەڵەی بازرگانی لەپێش هەموو شتەکانەوەیە، ئەگەر داواکاری بازرگانی کردنی ئێمە پەسەند نەکرا، زۆرن ئەو دەربارانەی ئەوداوایەمان پەسەند دەکەن.

من بەپێی ئەوگرفتانە بابەتەکە پێشکەش دەکەمو، لەوڕووەوە کە تائێستا هیچ وەڵامێکی ئەوبیرو باوەڕانەی کە لەچاپەکانی پێشووی ئەم نامیلکەیەدا بڵاوکراونەتەوە نەدراوەتەوە، دەکرێت ئەوە بکەینە شایەتێك بەسەر ئەوراستیەوە کەبیروباوەڕە چاپکراوەکانی ئەو نامیلکەیە ئەوەندە لایەنگری هەیە، کەهیچ کەسێك بوێری نارەزایی دەربڕینی نیە. کەواتە، لەباتی ئەوەی بەچاوی گومانەوە لەیەکتریی بڕوانین، باهەر یەکێکمان لەقوڵایی دڵمانەوە دەستی هاوڕێیەتی بۆ دراوسێکەمان درێژبکەین، یەکبگرینو سەرجەم ناکۆکیو موناقەشەکانی رابردووی نێوانمان فەرامۆش بکەین. وەرن بەناوەکانی مەشروتەخوازو موحافیزکارەکان لەزەینماندا بسڕینەوەو، ناوێکی تر جگە لەناوی هاوڵاتی باش، هاوڕێی راستگۆو پارێزەری چاکەکاری مافەکانی مرۆڤو ئەمریکای ئازادو سەربەخۆ، هیچ ناوێکی تر هەڵنەگرین.

وەڵامی پین بۆ هاوچەرخەکانی خۆی:

پێشکەشە بەنوێنەرانی کۆمەڵی ئاینی ناسراو بەکۆیکرەکان، لەبەر ئەو بابەتەی کە لەم دوایەدا لەژێر ناونیشانی (شایەتی مێژوویيو بنەماکانی خەڵکە



کۆیکرەکان) لەمەڕ پەیوەندی پادشاو حکومەت بڵاو کرایەوە،و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوفیتنە کاریانەی کە ئێستا لەملاولای ئەمریکادا بڵاوە، ئەم بابەتە لێرەدا ڕووبەڕووی سەرجەم خەڵکی دەکەمەوە:

نوسەری ئەم دێڕانە یەکێك لەو کەسانەیە کە هەرگیز بەگاڵتە جارێوە باس لەئاین ناکات، یان رەخنەی بەنی ئیسرائیلی لەهیچ فیرقە یان مەزهەبێك ناگرێت. هەموو مرۆڤەکان بۆکاروبارە ئاینیەکان تەنها دەبێت وەڵامی خودا بدەینەوەو. کەواتە ئەم دەقە بەتەواوەتی بەرامبەر بەئێوە وەکو جەماوەرێکی دیندار نەنوسراوە، بەڵکو بۆئێوە وەکو گروپێك کە دەستێکتان بەئاگری سیاسەت چزاوەو ئەو ئارامیخوازیەی کە باوەڕتان پێی هەیە فێرتان دەکات دەستی تێوەر نەدەن، نوسراوە.

وەکو چۆن ئێوە بەبێ هیچ مۆڵەتێك خۆتان لەباتی سەرجەم ئەندامانی کۆیکر دادەنێن، نووسەری ئەم رستانەش، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئێوە یەکسان بێت، خۆی خستە جێگەی ئەو کەسانەی کە ئێوە ئەو شایەتی نامەیەتان لەدژیان نووسیوە. نوسەری ئەم دێڕانە پێگەی سەربخۆخوازانەی ئەوانی هەڵگرتووە، تاوەکو ئێوە لەو ڕوانگەیەوە ئەو ئازایەتیەی تێدا بدۆزنەوە کە لەنێوخۆتاندا بەدی ناکەن. ئەمەش لەبەر ئەوەی نوسەری ئەم دێڕانەو ئێوەش بانگەشەی نوێنەرایەتی سیاسی (وەکیلی گەل) کۆمەڵگا ناکەن.

ئەو کاتەی مرۆڤەکان لەڕێگەی راست لادەدەن، ئاساییە ساتمە بدەنو بکەون. بەوجۆرەی لەشایەتی نامەکەتاندا دیارە، لەلای ئێوە سیاسەت (وەکو پەیوەندیەکی ئاڵۆز لەنێوان تاکە دیندارەکان) پیشەیەکی گونجاو نیە. لەبەر ئەوەی هەرچەندە لەڕوانگەی ئێوەوە سیاسەت مانایەکی باوی هەیە، بەڵام لەگەڵ

ئەوەشدا، سیاسەت تێکەڵەیەکە لەباش‌و خراپ کە بەشێوەیەکی نائەقڵانی‌و پێکەوەگرێ دراو دەم کانگەیەنێتە ئەنجامێکی نائاسایی‌و نادادوەرانە.

دوولاپەڕەی یەکەمی شایەتی نامەکەتان (کەسەرجەمی ناگاتە چوار لاپەڕە) لەلای ئێمە پەسەندەو هەرچاوەڕێی  هەمان ئەو نیەتپاکیەتان لێ دەکەین، لەبەر ئەوەی عیشقی ئاشتیخوازیی تەنها لەنێو کۆیکرەکاندا سنوردار ناکرێت، بەڵکو ئەوە سروشت‌و ئارەزووی ئاینیی پەیڕەوانی فیرقەجیاوازە مەزهەبیەکانە. بەم پێیە، وەکو ئەومرۆڤانەی لەپێناوی پایەداریی سیستمی سەربەخۆیی سیاسیدا ئازار دەچێژن، وەکو ئامانج‌و دوائومێدو هیوا لەئاشتی دەڕوانین‌و لەمەشدا پێش سەرجەم فیرقە مەزهەبیەکانی تر کەوتووین. نەخشەی ئێمە ئاشتیە بۆ هەمیشە. ئێمە لەدژایەتی کردنی بەریتانیا ماندوبوین‌و، جگە لەجیابونەوەی یەکجارەکی هیچ شتێکی تر نامانگەیەنێتە کۆتایی. ئێمە قورس‌و سەنگین رەفتار دەکەین لەبەر ئەوەی لەپێناوی بنیاتنانی ئاشتیەکی هەمیشەیی سەرجەم خراپەکاری‌و بەرپرسیاریەتیە قورسەکانی ئەمڕۆمان قبوڵکردوە.

هەوڵدەدەین‌و درێژە بەهەوڵدانیش دەدەین تا ئەوکاتەی پەیوەندیی دەپچڕێنین، ئەو پەیوەندیەی تائێستا وڵاتەکەمانی لەخۆێندا نقوم کردوە،و لەبەر ئەوەی خودی گرفتەکان وەکو خۆیەتی، ئەم پەیوەندیە دەبێتە هۆی سەرجەم ئەوکارەساتانانەی لەداهاتوودا لەو وڵاتانەدا رودەدەن.

ئێمە لەڕوی تۆڵەسەندنەوەو بەمەبەستی داگیرکردن شەڕناکەین، لەڕووی غرورو هەوەسەوە بەرهەڵستی ناکەین: هاوکات لەڕێگەی هێزی دەریایی‌و سوپاکانمانەوە سوکایەتی بەجیهان ناکەین‌و، بۆتالانکردنی وڵاتان سەرجەم



جیهان تەی ناکەین. لەنێومالّی خۆمان‌و لەچوارچێوەی خەڵوەتی خۆماندا هێرشمان دەکرێتەسەر، لەسەر زەویەکانمان هێرشمان بۆ دێنن، ئەوان بەتوندوتیژیی لەگەڵ ئێمەدا رەفتار دەکەن. دوژمنەکانمان وەکو دزوجەردە رەفتار دەکەن، و لەبەر ئەوەی لەنێویاسا مەدەنیەکاندا هیچ یاسایەك نیە بەرگریمان لێ بکات، ناچارین بەهێزی شمشێرەکانمان روبەڕوی ئەودزو جەردانە ببینەوە، کەئێوەش سێدارەتان بەبیانوی هەبوونی تاوان بەکار دەهێنا ـ یان رەنگە ئێمە دڵمان لەئێوە زیاتر بەحالّی ئەوکەسانە بسوتێت کە لەسەرتاسەری ئەم کیشوەرەدا سوکایەتیان پێ‌کراوە. ئێوەی نوسەرانی ئەو شایەتینامەیەهۆشیاربن‌و ئامانج‌و بنەما هاوشێوەییەك لەقەڵەم نەدەن، ساردی رۆح بەئاین نەزانن، بیرتەسکی‌و رەگەزپەرستی لەباتی مەسیحیەت دا نەنێن.

ئێوە، ئەی بانگەشەکەرانی بنەما دەستکردەکانی خۆتان. ئەگەر چەك هەڵگرتنیش تاوانە، ئەوکەسەی کەجەنگ دەست پێ دەکات تاوانبارترە، لەبەرئەوەی جیاوازیەکی زۆر لەنێوان (هێرشی هەرەمەکی)و (بەرگریی ناچاریی)یدا هەیە. کەواتە، ئەگەر بەڕاستی لەڕووی ویژدانەوە قسەدەکەن‌و ناتانەوێت ئاینەکەی خۆتان بکەنە گاڵتەجاڕ، بەدەربڕینی بیروباوەڕەکانتان لەبەرامبەر دوژمنان، هەموو جیهان لەبەرامبەر راستگۆیی قسەکانتان بکەنە شایەت. ئەوەتا دوژمنەکانمان چەکمان لەدژ بەکار دەهێنن. بەبڵاوکردنەوەی بیروڕاکانی خۆتان لەبەرامبەر فەرماندەکانی بۆستن دەنگ هەڵبڕن، لەدژی دەریاسالارو ناخودای کەشتیە جەنگیەکان کە وەکو چەتە کەنارەکانی ئێمەیان داگیر کردوە، روبکەنە ئەوتاوانبارانەی بەناوی ئەوخودایەی ئێوە پەیڕەوی لێ دەکەن قسەدەکەن‌و، راستگۆیی ئیمانی خۆتان بسەلێنن. ئەگەر ئەوەندەی

(بریکلی)راستگۆبان، روتاندەکردە پادشاکەتانو ئامۆژگاریتان[58] دەکردو تاوانەکانتان بەبیری دەهێنایەوەو، لەفەنابونی ئەبەدیی‌و مەرگ ئاگادارتان دەکردەوە. راستە ئێوە لەدژی ئەوانەی سوکایەتیان پێکراوە بەرقەوە قسەناکەن، بەڵام وەکو راسپێردراوە ئەرکناسەکانی حکومەت دەکەونە هاوارو ئامانی کەس نادەن.

مەڵێن لەژێر ئازارو مەینەتیدانو، هەوڵ مەدەن ئێمە بەهۆکاری ئەو مەینەتیانە لەقەڵەم بدەن، لەبەر ئەوەی بەسەرجەم خەڵکی رادەگەێنین، ئێمە لەبەرئەوە گلەییتان لێ ناکەین کەکۆیکرن، بەڵکو گلەیی ئێمە ئەوەیە کەکۆیکر نین.

بەداخەوە! بەشایەتینامەکەو بەرەفتارەکانی ئێوەدا دیارە، کە هەڵگرتنی چەك تاکەتاوانەو، تەنها گەلە کەئەو تاوانە ئەنجام دەدات. ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئێوە بەهەڵە (بیروڕای گروپ)و (ویژدان) بەیەك شت دەزانن، لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکی کارەکانتان وەکو یەك نیە،و لەلای ئێمە زۆر قورسە باوەڕ

58 - تۆتامی خۆشبەختیو چارە رەشیت چێشتووە: تۆ دەزانی نەفی کران لە نیشتمانو گۆشگیرکرانو، خاوەن پلەو دەسەڵان بوون مانای چیە. هەر لەبەر ئەوە، گەر ستەمکاریت لە بەرامبەر ئەنجام درا، دەزانیت کە ستەمکار لەلایەن خوداو مرۆڤایەتیەوە نەفرەت کراوە: ئەگەر تۆ هەموو ئەم بانگەوازو بانگەشانە لەبەرچاو نەگریتو بەو پەڕی ئارەزوی خۆتەوە روو لە خودا نەکەیتو ئەوەت لە بیربچێت کە خودا لە سەرجەم ناخۆشیەکاندا بیر لە تۆ دەکاتەوەو خۆت بدەیتە دەست ئاگری هەوەسو حەزەکانت، دڵنیابە دواجار زۆر زەرزەنشت دەکرێت _لەدژی ئەو داوو وەسوەسانەی کە دەخرێنە بەر رێگەکەتو دەیانەوێت تۆ بەرەو ئەهریمەن بەکێش بکەن، باشترینو باوترین دەرمان ئەوەیە کە خۆت بدەیتە دەست رۆشنایی مەسیح کە لە نێو ویژدانتا دەبریسکێتەوە. (ووتەی بریکلی بۆ چارلزی دوهەم).



بەبانگەشەکانتان بکەین، لەبەر ئەوەی دەبینین ئەو بانگەشانە لەلایەن کەسانێکەوە دەکرێت کە لەکاتی زاڵبونی حەزو ئارەزوەکانی دونیا بانگی تەکفیر هەڵدەدەن، بەڵام ئارەزووی ئەوە دەکەن کە ژیان ئاراستە وەربگرێتو مەرگ ببێتە تاکە داگیرکەر.

لەلاپەڕی سێهەمی شایەتی نامەکەتاندا ووتەکانی سولەیمانی پەیامبەرتان هێناوەتەوە (لەبەر ئەوەی رێگە دیارەکان لەلای خودا پەسەندە، دوژمنەکانی ئەو رێگایانە، دواجار ئاشتی هەڵدەبژێرن)[59] کەزۆر نائاگایانە ئەو وتەیەتان هەڵبژاردوە، لەبەر ئەوی ئەوئایەتە شایەتی لەسەر ئەوە دەدات کە ریگەکانی پادشا لەلای خودا پەسەند نیە، ئەگەر وانیە ئەواحکومەتی پادشا لەگەڵ گەل تەباو ساز دەبوو.

لێرەشدا لەسەر دوابەشی شایەتی نامەکەی ئێوە قسەدەکەم، کە ئەوەی تائێستا نوسیومە پێشکی ئەم بەشەبووە. ئێوە نوسیوتانە:

لەوکاتەوەی بۆ هەڵگرتنی روناکی نەمریو یژدانمان، روناکی عیسای مەسیح، بانگهێشت کراین، تائەوکاتەو ئەمڕۆ لەسەر ئەو باوەڕە بووین کە هەڵوەشاندنەوەی تەختی پادشاکانو تێکدانی حکومەتەکان تەنها مافی خودایە، لەبەر ئەوەی تەنها خودایە لەهۆی هەموو هۆکارەکان بەئاگایەو، لەسەر ئێمە نیە کە زیاتر پێویست داوا بکەوین، ئێمە بچوکترین لەوەی کە هەوڵی لەسەرکار لابردنی پادشایەك بدەین. ئەوەی لەسەر ئێمەیە، بۆ پاراستنی پادشاو گەلو خۆشبەختی هەموو مرۆڤەکان بپارێنەوە: لەژێر دەسەڵاتی ئەو حکومەتەی

59 - کتێبی پەندەکانی سولەیمانی نەبی، بابی 16- ئایەتی 7.

که خودا خۆی بەباشی دەزانێت، ژیانێکی کامەرانو پڕلەئاشتیو راستگۆیمان پێ ببەخشێت.

ئەگەر ئەمانە بەڕاستی بنەماکانی ئێوەن، کەواتە بۆ بەوپێیە رەفتار ناکەن؟ بۆ ئەوەی بەئەرکی خودای دەزانن، بەخودای ناسپێرن؟ ئەم بنەما بانگەشەکراوانەی ئێوە فێری ئەوەتان دەکات بەسەبرو دان بەخۆداگرتنەوە لەژێر هەر جۆرە هەلومەرجێك خۆتان بۆ کاردانەوەی گەل ئامادە بکەنو، ئەو کاردانەوانەش بەخواستی خودا لەقەڵەم بدەن. ئەی ئەگەر باوەڕتان بەو شتانە هەیە کە لەسەرەوە نوسیوتانە، بۆ شایەتینامەی سیاسی بڵاو دەکەنەوە؟ بڵاوکردنەوەی ئەو شایەتینامەیە ئەوە دەسەلمێنێت کەیان ئێوە باوەڕتان بەوشتانەنیەکەخۆتان دانی پێدادەنێن، یان ئەوەندە هۆشیارنین کەبەپێی بنەماکانی خۆتان رەفتار بکەن. بنەماکانی کۆیکریزم زۆر بەشێوەیەکی ئاشکرا خوازیاری ئەوەیە مرۆڤ بکاتە پەیڕەوێکی هێمنو بێ ئازاری ئەوحکومەتەی حکومڕانی دەکاتو، ئەگەر لەسەر کار لابردنی پادشاو حکومەتەکان تەنهامافی خودایە، ئێمە ئەو مافانە پێشێل ناکەین، ئەی ئەگەر خودا بەرپرسیاری کاروباری پادشاکان نیە؟ ئۆلیڤەر کرۆمۆلیش[60] سوپاستان دەکات، لەبەر ئەوەی بەوپێیە دەتوانین بڵێین چارلز بەدەستی کرۆمۆڵ نەکوژراوەو، رەنگە ئەمە چارەنوسی جێنشینەکەشی بێتو نوسەرانی ئەو شایەتی نامیە بەپێی ئەو باوەڕەی لەشایەتی نامەکەدا بانگەشەی بۆدەکەن،

60 - ئەفسەری سوپاو نوێنەری چالاکی پەرلەمان کە بەشداری سەرەتاکانی جەنگی ناوخۆی بەریتانیای کردووە (1665-1642) و چارلزی یەکەمی عیدام کرد.



[بەپێیەبۆ کە تاوەکو ئێستا سودمان لەپەیڕەوەی کردنی دادپەروەرانەی وەرگرتوە].

چۆن خەنجەر لەدڵی خۆمان دەدەین! ئەو مرۆڤانەی زۆر هەڵچوانە خۆیان دابوە دەست دەسەڵاتی خودا، تاوەکو پادشاو حکومەتەکان بگۆرن، ئێستا بنەماکانی خۆیان بەبیرهاتۆتەوەو سەرقاڵی مامەڵەکردنی سیاسین. ئایا دەکرێت ئەو ئەنجامەی کە لێرەدا ئاماژەمان پێکرد، بەهۆی ئەو بنەمایانەوە بێتەدی؟

قسەکانیان پێچەوانەی کارەکانیانەو بەڵگەکانیان ئەوەندە گاڵتەجارانەیە کەناتوانین پێ نەکەنین. کەسانێك لەو جۆرەقسانە دەکەن کە رۆحی عەبوسو کورتبینی پارتێکی سیاسی بێ ئومێد، رێگەی لەدرکیان گرتبێ، لەبەر ئەوەی ئێوە نوێنەری سەرجەم کۆیکرەکان نین، بەڵکو بەشێکی ئەو کۆمەڵەیەن.

لێرەدا کۆتایی بەلێکدانەوەی شایەتی نامەکە دەهێنمو، ئەم تێبینیانەی خوارەوە پێش کەش دەکەم: بە لەسەرکار لابردنو لەسەرکاردانانی پادشاکان، دەبینە هۆی لەسەرکار لابردنی ئەو کەسەی کەهێشتا پادشایەو، لەسەر کاردانانی ئەو کەسەی کەهێشتا پادشانیە، بەڵام ئەم کارە چ پەیوەندیەکی بەپادشای ئێمەوە هەیە؟ ئێمە نەدەمانەوێت پادشایەك لەسەر تەختی پاشایەتی دا بنێینو نەدەمانەوێت پادشایەك لەسەر کار لابەرین، بەڵکو دەمانەوێت رێگەیەك بۆخۆمان بدۆزینەوەو لەپادشایەتی جیاببینەوە. کەواتە لەهەر رویەکەوە تەماشای شایەتی نامەکەتان بکەین، تەنها پەردەلەسەربێ ئابڕویی بانگەشەکانتان هەڵدەدرێتەوەو، باشتربوو هەرگیز بڵاو نەبێتەوە.

یەکەم ـ لەبەر ئەوەی کە هۆی سوکایەتی هەموو ئاینەکانەو زیان بەکۆمەڵ دەگەێنێت، لەبەر ئەوەی کۆمەڵ دەخاتە دۆخێکی جەنگەوە.

دووهەم ـ لەبەر ئەوەی هەندێك كەس بەپاڵپشتیكەری ئەو شایەتینامەیە دەناسێنێت، كەبێبەری بوونی خۆیان لەبڵاوكردنەوەی ئەو نامەسیاسیە ڕاگەیاندوە.

سێیەم ـ لەبەر ئەوەی ئەوشایەتینامەیە دەیەوێت ئەو هەماهەنگیە كیشوەریەو، ئەوهاورێیەتیە لەناو ببات، كە بۆخۆتان بەدڵی فراوانەوە لەم دواییانەدا بەشداریتان تێدا كردوەو، پاراستنی ئەو هەماهەنگیە لەلای ئێمە گرنگە. لێرەدا بەبێ هیچ رقو كینەیەك ماڵئاوایتان لێدەكەمو، لەقوڵایی دڵمەوە ئارەزووی ئەوە دەكەم كەسەرجەم مرۆڤەكان مافەئاینیو مەدەنیەكان بەبێ هیچ رێگرو بەربەستێك جێبەجێ بكەین، بەڵام ئەو نمونەیەی كەئێوە لەتێكەڵاوكردنی ئاینو سیاسەت دروستتان كردوە، رەنگە لەلایەن سەرجەم دانیشتوانی ئەمریكاوە رەتبكرێتەوە.



# ژیانو پیشەی تۆماس پین

## لەبەرگ دورینەوە تاشۆڕشگێڕیی

ساڵی 1778 تۆماس پین كتێبی (قەیران)ی نووسی، كە روبەڕوی گەلی بەریتانیا كراوەتەوە. چوارساڵ پێش نووسینی ئەو كتێبە، بەسیو حەوت ساڵ تەمەنەوە پێینایە ئەمریكاو ئەو كەسە نەناسراوە بوو كە فڕێ درایە فیلادلفیای بارگرژو نائارامەوە:

چەند مانگ پیش سەرهەڵدانی دوژمنایەتیەكانی نێو ئەمریكا، بەرێكەوت هاتمە ئەم وڵاتەو هەستم كرد رەفتارو هەڵسوكەوتی خەڵكی بەپەتێكی ناسكەوە بەستراوەو، لەسەر ئاوازی شكێنەری شمشاڵێك دەجولێتەوە.

زۆر زوگومان لەنێویاندا چەكەرەدەكاتو پەرەدەسێنێ. زۆر سەرسەختانە وابەستەی بەڕیتانیا بوونو هەرقسەكردنێك لەدژی بەڕیتانیا لەوسەردەمەدا، لەلای ئەمریكیەكان بەنیشتمان فرۆشی لەقەڵەم دەدرا. رقیان لەوەزیرەكانی حكومەتی بەڕیتانیا دەبوو، بەڵام رێزیان لەگەڵی ئەو وڵاتە دەگرت. نارەزاییو شكۆمەندیی لەنێوزەینی ئەمریكیەكان شەپۆلی دەدا، بەبێ ئەوەی ببێتە نارەزایەكی توندو، تاكە ئامانجی گەلو ئاشتی بوو لەتەك بەڕیتانیا. من ئەو موناقەشەو ململانێیانە بەجۆرێك ناكۆكی دەزانم لەسەر مافەكان، كە لەوباوەڕەدابوم لایەنەكانی موناقەشەكە رێگەیەك بۆ چارەسەر كردنو كۆتایی هێنانی ئەو ململانێو موناقەشانە دەدۆزنەوە. نەبیرم لە سەربەخۆیی دەكردەوەو، نەدامەزراندنی سوپای ئەمریكا، ئەگەر هەموو دونیا كۆبوبنایەتەوە نەیاندەتوانی من رازی بكەن بەوەی رۆژێك دەبمە سەربازیان نووسەر.. بەڵام ئەو

دەمەی، ئەو ولاتەی منی لەخۆگرتبوو لەبەر چاوم دەسوتێنرا، ئیتر کەوتمە خۆم‌و جولامەوە، ئەوکاتەش دەبوو هەمووکەسێك بەخەبەر بێتەوە. ئەوانەی دەمێ ساڵ بوو لەو وولاتە دەژیان شتێکیان هەبوو بەرگری لێ بکەن‌و، ئەوانەشی تازەهاتبوون بۆ شتێك دەگەڕان بەرگری لێ بکەن.

تۆماس پین کێ بوو؟ چۆن بوو سەری لەئەمریکا دەرهێنا؟ و لەبەرچی رووی لەئەمریکا کرد؟ لە29ی کانونی ساڵی 1737 لەگوندی (سێتفۆرد)ی سەربەشاری (نۆرفێك) لەدایك بوو. جۆزیف پینی باوکی بەرگدروو ستیان دروستکەرێکی بەرێزبوو، پەیڕەوی فیرقەی کۆیکر[61] بوو. دایکی کچی دادوەرێك بوو. تۆم لەتەمەنی شەش تاسیانزەساڵی لەگوندەکەی خۆیان خوێندویەتی.

لەساڵی 1750بوو بەشاگردی باوکی‌و فێری دروستکردنی ستیانی ژنانەبوو، لەتەمەنی 16ساڵی لەماڵی باوکی هەڵهات‌و بەکەشتیەکی بازرگانی رووی لەدەریاکرد، بەلام باوکی گەڕاندیەوە ماڵەوە. سێ ساڵ دوای ئەوە بۆ هەمیشە گوندەکەیانی بەجێهێشت.

بەرگدورین پیشەی تۆم بوو. لەساڵی 1757 لەشاری لەندەن لەکارگەیەکی بەرگدورین وەکو شاگردێکی شارەزا دەستی بەکارکرد. پاش ئەوە لەگوندی بچوکی ساندویچ، لەکەناری بەریتانیا دوکانێکی کردەوە.

هەر لەوگوندە لەتەك ـ ماری لێمبێرت ـ ی کارەکەری ماڵی بازرگانی پەردە پەشمیەکانی گوندەکە، بوو بەهاوسەر. ئەم هاوسەریەتیە زۆر درێژەی نەکێشا، لەبەر ئەوەی (ماری) ساڵێك دوای ئەوە مرد. دووساڵ پاش ئەو روداوە بوو بە

61 - جۆر فوکس فیرقەی _ کۆیکری دامەزراند. کە خۆ دورگرتن لە جەنگ‌و خوێنڕشتن‌و، ئاشتی خوازیی لە تایبەتمەندیەکانی ئەو فیرقە مەسیحیەیە.



(بەرپرسی کۆکردنەوەی رسومات). پین لەپۆستی کارمەندی گومرکدا، گومرگی لە ساردی‌و توتن‌وئەو دوای شتومەکە خۆراکیەکانیتری خێزانەکان وەردەگرت. بۆچەندساڵێك لە(لینکلن شایەر) حزمەتی کرد. لەساڵی 1765دا کارەکەی لەدەستدا، ئەمەش لەبەر ئەوەی بەبێ ئەوەی کالاکان بپشکنێ مۆری گومرگی لێ دەدان. جارێکی تر لەگوندی ـ دیس ـ ی سەربەشاری (نورفۆلك) گەڕایەوەسەر پیشەی ستیان دورینی ئافرەتان. دواتر بۆ ماوەی شەش مانگ لە لەندەن وانەی ئینگلیزیی ووتەوە، ماوەی چەند مانگێگ بوو بەمامۆستای ئەو وانانەی لەماڵەکاندا دەوترانەوەو، تەنانەت وەکو قەشەیەکی کۆیکری گەڕۆك کاری کرد. لەساڵی 1768دا جارێکی تر بۆ خزمەتی گومرگ بانگکرایەوەو لە (لۆیس)ی سەربە (ساسك) بۆ ماوەی شەش ساڵ بەرپرسی کۆکردنەوەی باج بوو.

تۆماس پین پاش ئەوەی بارگەو بنەی خۆی لەلۆیس کردەوە، لەتەمەنی سی‌ویەك ساڵیدا رووی لەسیاسەت‌و کاروباری ژیانی خێزانی کرد. بوو بەئەندامی یانەی کۆمەلایەتی (وایت هارد) ئەو شوێنەی کەهەمیشە شوێنی قسەو باسە سیاسی‌و ناوچەیی‌و ئابوریەکان بوو، دواتر هاوچەرخەکانی تۆم نووسیان کە گوێگرتن لە باسەکانی تۆم لەتەك خاوەن پۆستە شاریەکان، پاش ئەوەی یەك دووبیرەی هەڵدەقۆڕاند، زۆر سەرنج راکێش بوو. تۆم بەدرێژایی ژیانی بەدوای ناوبانگدا دەگەڕا. جگە لەسیاسەت‌و بادەنۆشی، لەپاش تەواوبوونی ئەرکە حکومیەکان، خەریکی کڕین‌و فرۆشتنی توتن‌و خۆراك دەبوو. تۆم لەلۆیس ـ کچی خاوەنی پێشووی دوکانەکەی کە دەساڵ لەو بچوکتر بوو خواست‌و بوو بەهاوسەری. بەلام لەنیسانی ساڵی 1774دا هەم کارو

کاسبیەکەی‌و هەم ژیانی خێزانی لێك ترازاو، تۆماس پین‌و دوهەمین هاوسەری بۆ هەمیشە لەیەکتر جیابوونەوە.

بەڵام ئەو شەش ساڵە دەسکەوتێکی گرنگی بۆ تۆماس پین دەستەبەر کرد. ئەوە بوو یەکەمین ئامانجی ژیانی خۆی دۆزیەوەو بەهەمان زەوق‌و شەوقی کارکردنی دواتر لەسەر شۆڕشەکانی فەرەنساو ئەمریکا کەوتە جێبەجێکردنی. ئەمەش لەوکاتەوە دەست پێدەکات کە لەدەیەی 1770دا سەرجەم کارمەندانی بەرێوبەریەتی باجی ناراستەوخۆ(رسومات) لەسەرتاسەری بەریتانیا داوای زیادکردنی موچەکانیان دەکردو، تۆماس پین لەساڵی 1772دا وەکو کارمەندێکی ئەو بەڕێوبەریەتیە نامیلکەیەکی نووسی بەناونیشانی (گرفتی کارمەندانی بەڕێوبەرایەتی باجی ناراستەوخۆ)[62] بۆ ئەوەی داوای ئەومافانە بکات. تۆماس پین پاش سوربونی لەسەر ئەو کارە، هەموو وەرزی زستان سەرقاڵی دابەشکردنی ئەو نامیلکەیە بوو بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا. نەیتوانی مافەکانی کارمەندانی بەرێوبەرایەتی باجی ناراستەوخۆ وەربگرێت، بەڵام بەرهەمێکی تری بڵاوکرایەوەو ئارەزووی چاکسازییە کۆمەڵایەتیەکان لەنێو (تۆماس پین)دا سەری هەڵدا.

لەبەر مانەوەی لە لەندەن بۆماوەی شەش مانگ، پۆستەکەی لەبەرێوبەرایەتی باج لەدەست دەدات. ئەتوانین بڵێین لەساڵی 1774دا لەبەر بەجێهێشتنی پۆست، لە کارەکەی دەردەکەوێت.

تۆماس پین لەساڵی 1774، بەبێ پارەو پوول‌و سامان‌و خێزان ـ لۆیس ـ ی بەجێهێشت‌و رووی لە لەندەن کرد. تۆم هیچ سودێکی لەو 37ساڵ تەمەنە

62 - The Case of officers of Excise



نەبردبوو. لەبازرگانیکردن‌و هاوسەرێتی‌و کارەکەیدا شکستی هێنابوو. لەوکاتەدا بیری لەئەمریکا دەکردەوە، ئەمریکا بۆ تۆماس پین سەرەتایەکی نوێ بوو، کەدەیتوانی بەهۆیەوە خۆی لەدەست حەماڵێکردنی بەرێوبەرایەتی باج‌و، ستیان دروستکردنی ئافرەتان رزگار بکات. بەرهەڵستیە شکست خواردوەکەی لەسەرزیادکردنی موچەی کارمەندانی بەرێوبەرایەتی باج، ببوەهۆی ئەوەی لەتەك (بینجامین فرانکلین)ی نوێنەری پێنسلیڤانیا لە لەندەن ئاشنا بێت. هەربۆیە فرانکلین چەند پشتگیریەکی بۆ (تۆماس پین) نووسی تا لەگەڵ خۆی بیباتە ئەمریکا. ئەو پشتگیریەکورتەی (فرانکلین) ئەوە دەردەخات کە ئەو چەند بەچاوێکی سوکەوە تەماشای _تۆم_ یانکردوە. فرانکلین لەپشتگیری نامەکەیدا بۆزاوە بازرگانەکەی لەفیلادێلفیا دەنوسێت: هەڵگری نامە، جەنابی تۆماس پینتان پێ دەناسێنم کە لاوێکی کارزان‌و گرانبەهایە. ئەو بەنیازە بۆمانەوە روو لەپێنسیلڤانیا بکات‌و لەبەر ئەوەی لەوێ غەریبەو کەس ناناسێت داواکارم پاڵپشتی بکەن‌و هاوکاری بن. ئەگەر بکرێت کارێکی وەکو هەڵسەنگێنەر (کە لەم کارەدا زۆر بەتوانایە، یان مامۆستای ماڵان یان عەریزە نووسی) بۆ بدۆزیتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت پارویەك نانی چنگ بکەوێت‌و، لەگەڵ خەڵك ئاشنایەتی پەیدا بکات‌و، هەندێك زانیاری بۆ وڵاتەکەمان کۆبکاتەوە، ئەگەر ئەمە بکەیت خێرتان دەگات‌و منیش لەبەر چاوم دەبێ، سوپاس.

لەفیلادلفیا تۆماس پین یەکەم جار بەختی خۆی بەوانەوتنەوە، تاقی کردەوە. بەڵام هەر زوو خاوەنی گۆڤاری پێنسیلڤانیا، کەخۆی بەبنەڕەت خەڵکی سکۆتلەندا بوو، داوای لێ کرد لەلای ئەو کار بکات. تۆماس پین بەدرێژایی ساڵی 1775سەرقاڵی نوسینی بابەت بوو بۆ گۆڤارو رۆژنامە جیاوازەکانی

فیلادلفیا. کە یەکێك لەنوسینەکانی هێرشێکی ئاشکرابوو بۆ سەر کۆیلەداریی. تۆماس پین وەکو بەڕێوبەری نوسینی گۆڤاری پێنسیلڤنیا هەندێك ووتاری زانستیو سیاسی بڵاوکردەوە، خاوەنی گەلێك وویستی بەرفراوانو پێشکەوتووخواز بوو. بۆنمونە لەمانگی مەی ساڵی 1775بابەتێکی بۆ بەرگریکردن لەمافی ژنان بڵاو کردەوە:

تەنانەت لەو وڵاتانەدا کە ژنان ڕێزیان لێدەگیرێت، خۆشبەخترینی ئەو ژنانە بەکارهێنانی دارایەکانیان لێ قەدەغە کراوەو، یاسا ئازادییو ئیرادەی ئەو ژنانەی بەتاڵان بردوە، لەو وڵاتانەشدا ژنان کۆیلەی ئەو بیرو باوەڕانەن کە دەسەڵاتێکی رەهای هەیەو بچوکترین خۆدەربڕینێك بەتاوان لەقەڵەم دەدات: لەهەموو لایەکەوە قازیە ستەمکارو فێڵبازەکان دەورەیان داون... لەبەر ئەوەی سەرباری گۆڕانکاریکردن لەدیدگاکانداو سەرباری چاکسازیی یاساکان، دیسانەوە حوکمەپێشوەختە ریشەدارو زاڵمانە کۆمەڵایەتیەکان، ڕۆژ بەرۆژ ژنان لەژێر پێ دەنێت.

تۆماس پین گۆڤاری پێنسیلڤانیا جێ دەهێڵێتو، لەتشرینی دوهەمی ساڵی 1775دا دەستی بەنووسینی نامیلکەی (ئەقڵی سەلیم)کرد. ئەو نامیلکەیە لەدەی کانونی دوهەمی ساڵی 1776دا خرایە بازاڕەوە. لەوساڵەدا لەباتی ناوی خۆی نووسی (لەنوسینی پیاوێکی بەریتانی). چاپکەری (ئەقڵی سەلیم) سەرباری سەرکەوتنی خێرای ئەونامیلکەیە رازی نەبوو جارێکی تر لەچاپی بداتەوەو، ئەمە تۆماس پین ـ ی زۆر تورەکردو، پاش ئەوەی بەشێکی تری خستەسەر نامیلکەکە، جارێکی تر خۆی ئەرکی لەچاپدانی (ئەقڵی سەلیم)ی گرتە ئەستۆ. لەچاپی دووهەمدا (لەنوسینی پیاویکی بەریتانی) سڕیەوەو بۆ



ئەوەی خوێنەر نیگەرانی شوناسی نوسەرەکە نەبێت ناوی خۆی نووسیو پیتی (e) ، پێوەلکاند[63]. ئەوچیتر پیاوە بەریتانیەکە نەبوو، بەڵکو مرۆڤێکی نوێو ئەمریکیەکی سەرکەوتوو بوو بەناوی ـ تۆماس پین+(e).

لە ئەقڵی سەلیمدا ئەوەندە بەشێوەیەکی ئازایەنە باس لەسەر بەخۆییخوازیی دەکرێت، کە ئەندێشەی سەرجەم خەڵکی داگیر دەکاتو، یەکێك لەهاوچەرخەکانی تۆماس پین لەو بارەیەوە دەنوسێت:

ئەم نامیلکەیە وەترێکی هەستیاری رۆحیەتی خەڵکی جوڵاندەوە، کەبۆ لەرینەوەی پیویستی بەتەنها یەك پەنجە هەبوو. ووڵات ئامادەیی سەربەخۆیی تێدابوو، بەتەنها دەبوو یەکێك دابڕاوانەو ئازایانەو ئاگایانە خەڵك لەوە راستیە ئاگادار بکاتەوە. کە کەمێك دوای ئەوە ـ راندۆلف ـ ی خەڵکی ڤێرجینیا نووسی: ئەو بیروراگشتیەی کەچەند هەفتە پێش ئێستا پێش بڵاوبونەوەی (ئەقڵی سەلیم)لەبەر ئەو ڕێگرە زۆرانەی بەردەم سەربەخۆیی دەلەرزی، ئێستا چۆن ورۆژاوەو سەرجەم کۆتو بەندەکانی پچڕاندەوە. هەروەها ژەنەراڵ واشنتگۆن رای گەیاند کە زۆربوونی جەنگەکان (هاوکات لەتەك ئەندیشەی دروستو بەڵگە بەدیهیەکانی کتێبی عەقڵی سەلیم، هیچ گومانێکی لەمەڕ جیابونەوە لەبەریتانیا نەهێشتوەتەو) هاوڵاتیەك لە ـ ماساچۆست ـ لەیاداشتێکدا رای گەیاند: بەگومانی من هیچ کتێبێك ئەوەندە بەشەوقەوە ئارەزووەوە نەخوێندراوەتەوە، هیچ کتێبێك ئەوەندە لەلای پەسەند نەبووە. خەڵکی بەهەستێکی لێوانلێو لەخۆشیو کامەرانی باسی کتێبی عەقڵی سەلیم دەکەن.

---

63 - Paim – لە زمانی ئینگلیزیدا مانای "ئازار" دەگەیێنێتو، لکاندنی پیتی -e- پێیەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو مانایە نەگەیەنێت.

یەکێك لەهاوچەرخەکانی تۆماس پین ئەوکاتەی کتێبی (ئەقڵی سەلیم) بۆهاوڕێیەکی لەلەندەن دەنێرێت بۆی دەنووسێت: (ئەو کتێبەی دەگاتە دەستت، لەنێو هەموو چین و توێژەکاندا خوێنەری خۆی هەیە. هەرکەسێك ئەو کتێبە دەخوێنێتەوە، گەر کاتژمێرێك پێش ئەوە دوژمنی سەربەخۆیی بوبێت، بیروباوەڕی دەگۆڕێت) هەروەها جۆرج ترۆلین لەکتێبەکەی خۆیدا (مێژووی شۆڕشی ئەمریکا) بەم جۆرەی خوارەوە باس لەکاریگەری ئەقڵی سەلیم دەکات، کەتا کۆتایی ئەوساڵە هەموان دەیانزانی - تۆماس پین - نووسیویەتی و دەڵێت: زۆر بەئاستەم دەتوانین کتێبێکی دەستنوسی مرۆڤ بدۆزینەوە کەوەکو ئەقڵی سەلیم ئەوەندە خێراو بەرفراوان کاریگەریی لەسەر وەرگر بەجێ بهێڵێت... لەو وڵاتانەی کە لایەنگرانی کۆماریی نوێی ئەمریکا بوونیان هەبوو، بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبە بەقاچاغ ئەنجام دەدرا، گەلێك قسەی لەسەر کراو بۆ گەلێك زمان وەرگێڕدرا. کاریگەریی ئەقڵی سەلیم کەمتر نەبوو لەموعجیزەیەك و، موحافیزکارە لایەنگرەکانی بەریتانیای دەکردە لیبراڵی دژە بەریتانیا.

هەندێك لەو موحافیزکارانە بیروڕاکانی خۆیان نەگۆڕی، یەکێك لەو موحافیزەکارانەی بەرگری لەبیروڕاکانی خۆی دەکرد - جێمیزچالمێرز - بوو کە بەنامیلکەیەك لەژێر ناوی (حەقیقەتی بێ پەردە) دژایەتی خۆی سەبارەت بە (ئەقڵی سەلیم) ڕاگەیاند. چالمێرز دەنوسێت: تیۆریەکانی تۆماس پین سوکایەتی کردنە بەدرکی ئێمە. دەستوری بەریتانیا، سەرباری سەرجەم کەم و کوڕیەکانی، تائێستا مایەی شانازیی مرۆڤایەتی بووەو، هەربەو جۆرەش دەمێنێتەوە، چارلێرز هەڕەشەی ئەوە دەکات کە: بەبێ پادشاو ئەشرافەکان، 



سیستمی حکومڕانی ئێمە ئەو تام و بۆی رابردوەی نامێنێ و، بەمەش ڕەسەنایەتی خۆی لەدەست دەدات و دادەبەزێتە ئاستی گەل سالاریی. ئەو کتێبەی تۆماس پین لەلایەن خەڵکانی خاوەن پلەتریشەوە دژایەتی دەکرا، کە یەکێك لەوکەسانە (جۆن ئاداند) لەتەك بیری جیابونەوە تەباو کۆك بوو، بەڵام لەڕیتمی ئەو رادیکالیزمەی نامیلکەی ئەقڵی سەلیم و کاریگەریە عەوام پەسەندەکەی دەترسا. جۆن لەپێشەکی کتێبی (چەند بیروڕایەك لەمەڕ حکومەت) کە لەبەهاری ساڵی 1776دا بەنێو نیشتمان پەرستەکاندا بڵاوی کردەوە، وەڵامی تۆماس پینی داوەتەوە. ـ جۆن ئادامز - کەبیرمەنێکی موحافیزکارتر بوو لە - تۆم ، لەتەك خواستی جودایی خوازیی ئەودا تەبابوو، بەڵام لەئاوازی عامەپەسەندانەی نوسینەکەو لەو قسانە دەترسا کە بەبێ دیاریکردنی دەسەڵاتەکان و هێزە هاوسەنگی خولقێنەرەکان، باسیان لەدامەزراندنی سیستمێکی سادەی سیاسی بۆ ئەمریکای سەربەخۆ دەکرد. ئادامز لەوبارەیەوە نوسی: ئەو ئامانجانەی تۆماس پین کە لەنێو نامیلکەی ئەقڵی سەلیمدا بڵاوکراونەتەوە، ئەوەندە دیموکراسی و بەرپێ نەگیراون، کە دەبنە هۆی بارگرژیی و کارەسات.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، چارلێرزو جۆن ئادامز ستایشی نامیلکەیەکەی - تۆماس پین - یان کرد، لەباتی ئەوەی ڕەخنەی لێ بگرن. ئەو کاتەی دەرکەوت کە - تۆماس پین - ئەو نامیلکەیەی نووسیوە، ناوبانگێکی لەناکاو روی تێکرد. بەڵام - تۆماس پین - لەوکەسانە نەبوو کە لەپاش پەیداکردنی ناوبانگی ئەدەبی یان سیاسی، ئیتر پاڵی لێ بداتەوە. لە تەمووزی ساڵی 1776دا چووە ریزی سوپای ئەمریکا. حەوت ساڵ دوای ئەوە، لەنێو ریزەکانی جەنگی نێوان

ئەمریکاو بەریتانیا، سیستمی سەربازیی ئاوێتەی رۆژنامەنووسی کردو، بۆ بەرزکردنەوەی وورەی ئەمریکیەکان هەندێك نامیلکەی بڵاوکردەوە، هەروەها چەند نامیلکەیەکی تایبەتی بەگرفتەکانی ئەمریکا لەتەك بەریتانیاو ئەوروپا نووسی. یەکەمین ووتاری لەوجۆرە کە دواتر کۆی ئەو وتارانە لەنامیلکەی (قەیران)دا بڵاوکرانەوە، لە23ی ئەیلولی ساڵی 1776دا چاپکرا. ئەو وتارە بۆ سەرجەم ئەمریکیەکانو بۆجۆرج واشینگتۆنو سوپاکەی نوسرابوو کە لەسەرمای ـ نیوجێرسی ـ دا لەدەوری یەك کۆ ببونەوە. رستە سەرەتایەکانی ئەو ووتارەی تۆماس پین تائێستا زیاتر لەسەرجەم نوسینەکانیتری لەبیرەوەریەکاندا ماونەتەوە. لەوێدا نوسیبووی: سەرجەم ئەمریکیەکان دەبێت لەپێناوی ئامانجەکانی ئەوجەنگەی کە مێژوو چاوەڕوانی دەکرد، هەوڵبدەنو ئازار بچێژن.

((سەردەمێك دێتە پێش کەرۆحیەتی مرۆڤەکان تاقی دەکاتەوە، لەسەردەمی قەیراندا، نیشتمانپەرستە تەمەڵەکان خۆیان لەخزمەتی سەربازیی ریزەکانی سوپای ئەمریکا دەدزنەوە، بەڵام ئەو کەسەی لەورۆژەدا پیاوەتی لێ دەوەشێتەوە، سبەی دەبێتە جێگای شانازیی گەلی وڵاتەکەی. زوڵمو ستەم وەکو دۆزەخ بەئاسانی دانارمێت، ورەمان بەهێزەو هەرچەندە جەنگ قورستر بێت، دەسکەوتەکەی شکۆمەندترە. ئەوشتەی کە ئاسان چەنگ دەکەوێت سوك تەماشا دەکرێت)).

تۆماس پین لەبەڕێوەبردنی سیاسەتی جەنگدا رۆڵێکی کاریگەری بەرجەستەکرد. لەپێنسیلڤانیا هەوڵی ئەوەی دا کە ـ دەستور ـ بنوسرێتەوەو لەلایەن گەلی ئەمریکاوە بۆ چەند چاوپێکەوتنێکی دەرەکی هەڵبژێردرا. بەڵام پاش جەنگی سەربەخۆیی، زۆربەی توانابییەکانی خۆی بۆکارو بارە زانستیەکان سەرف کرد. تۆم وەکو زۆربەی هاوچەرخەکانی خۆی لەبەریتانیاو ئەمریکا (پریستلی ، پرایز، جێفرسۆن، فرانکلین) لیبرالیزمی سیاسی ئاوێتەی پێشکەوتنە زانستیەکان دەکرد. بۆ رونکردنەوەی زیاتری بەڵگە سیاسیەکانی زۆر بەجوانی کەڵکی لەبنەما تەکنیکیو زانستیەکان وەرگرت. لەدەیەی 1780دا، تۆماس پین بەشی هەرە گەورەی توانای خۆی بۆ دروستکردنی پردێکی ئاسانین بەکارهێنا.

هەوڵدان بۆ دروستکردنی ئەوپردەو دابینکردنی بودجەی پێویست، تادواهەمین ساڵەکانی ئەودەیەیە، چەند جار (تۆماس پین)ی رەوانەی فەرەنساو بەریتانیا کرد. ئەم گەڕانەی بۆ سەرچاوەی ئابوریی، سێهەمین وەرچەرخانی لەکارو پیشەی ـ تۆماس پین ـ دا دروستکرد. پین لەیەکەمین وەرچەرخانی تەمەنیدا شکستی هێناو، دوای ئەوە بوو بە ئەمریکیەکی شۆڕشگێڕو چارەنوسی بەو جۆرەبوو کە لەسێیەم وەرچەرخانی ژیانیدا نەبێتە داهێنەرێکی گەورە، بەڵکو ببێتە بەریتانیەکی شۆڕشگێڕ.

بنیاتگەرایی بەریتانی، لەپاش سەرهەڵدانی لەناکاوی جۆن ڤیلێکس (1727 ـ 1797) لەدەیەی 60دا درێژەی کیشاو، بەهۆی شۆڕشی ئەمریکا لەدەیەی 1770و بەهۆی گەشەسەندنی بزوتنەوەی ئەنجومەنە هەرێمایەتیەکان لەدەیەی 1780، گوڕوتینێکی نوێی بەخۆوە بینی. شۆڕشی فەرەنسا بوە هۆی ئەوەی نارەزایی توێژی ناوەڕاستی فەرەنسا لەبەرامبەر دەستوری کۆنی فەرنسا بگاتە لوتکە. نەزمی نوێی جیهانیو پێشکەوتنخوازیی، ئەوەندە خێرا پەرەی سەند، کەریفۆرمخوازە بەریتانیەکان لەو گومانەدابون کە دامەزراوە بەریتانیەکانیش بەهەمان خێراییو بەبێ هیچ مەینەتیەك، گۆڕانیان بەسەردا

دێت. هیوای پێشکەوتنو گەشەسەندنو ئومێدی دەرکەوتنی سپێدەی سەردەمێکی نوێ، سەرجەم کۆڕوکۆبونەوە بونیاتگەراو روناکبیرەکانی بەریتانیای لەخۆگرتبوو. تۆماس پین لەزستانی 1789دا بەمەبەستی پێشخستنی پرۆژەی دروستکردنی پردەکەی خۆی، بەرەوفەرەنسا سەفەری کردبوو. تۆماس پین کە وەکو پاڵەوانی شۆڕشی ئەمریکا تەماشا دەکرا، لەمیوانداریەکانی (لاڤایت)[64] و (جێفەرسۆن)[65]، کە ئەوکات سەفیری ئەمریکا بوو لەفەرەنسا، بەتەواوەتی دەرەوشایەوە.

تۆماس پین کلیلی بەندیخانەی باستیلی لە (لاڤیت) بەدیاری وەرگرت، بۆئەوەی بۆجۆرج واشنیگتۆنی بنێرێت. تۆماس پین لەقۆناغەسەرەتایەکانی شۆڕشی فەرەنسادا ئامادە بوو، زۆر دڵی بەشۆڕشەکە خۆش بوو.

بەریتانیەکی تر کە زۆر دڵی بەرووداوەکانی شۆڕشی فەرەنسا خۆش نەبوو، (ئێدمۆند برێك) بوو کە لەساڵی 1790دا کتێبەکەی (چەند لێکدانەوەیەك دەربارەی شۆڕشی فەرەنسای) بڵاوکرایەوەو، لەوسەردەمەدا وادیارە (تۆماس پین) لەبەریتانیاو هێشتا لەڕێگەی ئەمریکا بوو. (20)کتێبەکەی برێك هێرشێکی بێ بەزەییانەبوو بۆسەر ژاکوبنە فەرەنسیو لایەنگرە بەرتانیەکانیان. برێك جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ژاکوبنەکان هیچ ریزێك لەڕابردوناگرنو کلێساو ئەشرافەکانیان بەلاوە گرنگ نیە. بەباوەڕی برێك، ژاکوبنەکان سەرجەم سیستمی سیاسیو کۆمەڵایەتی تێك دەروخێننو سیستمێکی تەواو نوێ

64 - ئەچراف زادەیەکی فەرەنسی بوو کە لەنێو سوپای شۆڕشگێڕی ئەمریکا، پلەی سەر لەشکری بەدسەت هێناو هەروەها بەشداریی شۆڕشی فەرەنسای کردوە.
65 - سێیەمین سەرۆك کۆماری ئەمریکاو نووسەری: بانگەوازی سەربەخۆیی.



دروست دەکەن، بەبێ ئەوەی هەوڵی چاککردنەوەی وێرانیەکان بدەن. برێك دەنوسێت: حکومەتو کۆمەڵگا ئەو بونەوەرە ناسكو ئاڵۆزانەن، کە بەهۆی گەشەسەندنی خاوو نادیاری نەوەکانەوە دروست دەبن. بەرنامەو پرۆژەکانی هیچ ریفۆرمخوازێك ناتوانێت جێگەی ئەزمونی نەوەکانی سەردەمەکۆنەکان پڕبکاتەوە. پەیامەکەی برێك ڕونو ئاشکرابوو: بنیاتگەرا بەریتانیەکان نابێت لاسایی هاوتا فەرەنسیەکانی خۆیان بکەنەوەو، دەبێت لەبەرامبەر دوژمنە بۆرژوازەکانیاندا بەرگریی لەشەرافەتو سیستمی حکومڕانی بەریتانی کۆن بکەن. هەربۆیە ئەوانەی خۆیان بەلایەنگری ئەودوژمنە وێرانکەرە دەزانی، دەستە دەستە وەڵامی (برێك)یان دایەوە. (گادوین) بۆ بەرهەڵستی کردنی (ئێدمۆندبرێك) نامیلکەیەکی نوسی بەناوی (لێکۆڵینەوە لەسەر دادپەروەریی سیاسی)و هەربۆئەو مەبەستەش خاتوو (ڤێلیستۆن کرافت)، بەرگرینامەی مافی ژنان ـ ی بڵاوکردەوە، بەڵام کەس ئەوەندەی تۆماس پین ـ بەنوسینی کتێبی (مافی مرۆڤ) کە لەساڵی 1791دا بڵاوکرایەوە، بەهێزوتواناوە وەڵامی (ئێدمۆند برێك)ی نەدایەوە.

جارێکی تر، نوسینە سادەو بێ پەردەکانی ـ تۆماس پین ـ سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. پین لەبەریتانیا هەرزۆر زوو بووبە پاڵەوان. تۆماس پین جگە لە وروژاندنی هەستی بنیاتنەرە روناکبیرەکانی وەکو (بلێك، هۆلکرانت، هۆرن توك، گاروینو ڤیلیستۆن کرافت) توانی لەلای سەدان هەزار پیشەسازو کارمەندو کرێکار، لەپاش دووچاپ بونەوەی بەردەوام، ببێتە کەسێکی خۆشەویست. کتێبەکەی تۆماس پین، تەنها بەرگریەکی سادە لەفەرەنسیەکان نەبوو لەبەرامبەر جنێوەکانی (برێك)دا، بەڵکو بانگەوازێك بوو بۆ خەڵکانی

بەریتانیا، تاوەکو دامەزراوە تازەکانی لیبرالّی، لەجێگەی دامەزراوەکانی ئەشرافیەت دابنێن. تۆماس پین داوای لەگەلی بەریتانیا دەکرد کە لەباتی بنەماکانی سەروەریی چینی خانەدانو، لەباتی میراتی بوونی پلەو پایە حکومیەکان، بنەماتازەکانی شایستە سالاریی لەبەرچاوبگرنو پەیرەویان لێ بکەن. پاشایەتیو ئەشرافیەت بەشەمردوەکەی رابردووی فیودالّی بوون. حکومەتی کۆماریی مولّکی خەلّکی بوو، تەنها بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی گەل دروست کرابوو. پەیامی ـ تۆماس پین ـ دابڕاو لەڕابردوو، دابڕاو لەدامەزراوە کۆنەکانی سەرشانی مرۆڤی مۆدێرن، ئەوە بوو کەهەر سەردەمەو هەرنەوەیە بۆخۆی کاربکاتو، بەپێی پێویستیەکانی خۆی سیستمی کۆمەلاّیەتیو سیاسی خۆی دابمەزرێنێت. تۆماس پین لەوبارەیەوە دەنوسێت: خۆبەگەورەزانینو قێزەونی حکومڕانیکردن، لەنێو گۆڕی گالّتەجاڕترینی زۆرداریەکانەوە سەرهەلّدەدات. مرۆڤ خاوەنی مرۆڤ نیەو هیچ نەوەیەك خاوەنی نەوەی داهاتوو نیە. (22) ئەوە مافەکانی ژیانن کە ـ تۆماس پین ـ بەرگریان لێدەکات، نەوەکو مافە کۆنو رزیوەکانی چینە بالاّدەستەکانی سەردەمە کۆنەکان.

تۆماس پین لەلای جۆرجی سێیەم (ڤیلیام پیت)ی سەرۆك وەزیران، پالّەوان نەبوو. برێك بۆ ئەوە دەینوسی تاخەلّکی لەپەیوەندیی کردن بەئۆردوگای بنیاتگەرەکان دور خاتەوە، رێنۆزو هەوادارەکانی لەکلێساو ئەنجومەنی پاشایەتیدا، ئۆردوگای شۆڕشگێڕەکانیان سوتاندو، لەهەمان کاتیشدا رۆلّی (پیت)و دامو دەزگاکانی لەمیانەی سەرکوتکاریەکانی سەرەتاو ناوەڕاستی دەیی 1790دا، دەستگیر کردنی بنیاتگەرەکانو زیندانیکردنو دادگایی کردنیان بوو. تۆماس پین لەسالّی 1792دا بەتۆمەتی نوسینی بابەتی



ئاژاوەگێڕانە دادگایی کرا، پیت نەیدەتوانی مۆلّەتی ئەوە بداتە ـ تۆماس پین ـ کە بەویستو ئارەزووی خۆی وەکو ئەوەی لەپێشەکی کتێبی (مافی مرۆڤ)ەکەیدا نوسیبووی، بنوسێت: گەربڕیاروایە مرۆڤ بەشێکی باشی لەئاشتی سەرتاسەرییو شارستانیەتو بازرگانی دەست بکەوێت، جگە لەبەر پاکردنی شۆڕش لەنێو سیستمەکانی حکومەت، هیچ رێگەیەکی تری لەبەردەستدا نیە. هەلّسوکەوتی بەریتانیەکان لەچاو سالّی 1790،کە (فێردۆن)ی شاعیری بەریتانی، ژیانی سەردەمی شکۆمەندییو پایەبلّیندیی شۆڕشی فەڕەنسای بەنیعمەتێك دەزانی، گۆڕانێکی زۆری بەسەر هاتبوو. لەشەوی تشرینی دوەمی سالّی 1792 بەریتانیەکان لەڕوی نیشتمان پەرستیەوە لە (چێلمزفۆرد)و (رێسکێس) بوکەلّەیەکی لەشێوەی ـ تۆماس پین ـ یان سوتاندو، رۆژنامەیەك لەوبارەیەوە نوسیویەتی: "چوارشەممەی رابردوو، بوکەلّەیەك لەشێوەی ـ تۆماس پین ـ دروستکراو بەنێوشاردا گەڕێندرا، بوکەلّەکە بەدەستێکی کتێبی مافی مرۆڤی هەلّگرتوەو، لەژێر قۆلّی دەستی دوهەمیشدا ستیانی ئافرەتێکی هەلّگرتوەو، کلاّوێکی گالّتەجارانەی لەسەردایە کە لەکلاّوی ئازادیخوازەکان دەچێتو، هەوسارێکیش لەملیدایە. تابلۆی بەردەمی بوکەلەکەش نوسرابوو: سەیری ئەم خۆفرۆشە بکەن، ئەوکەسەی لەڕووی مەبەستە قێزەونەکەیو، لەڕووی ئێرەییو بەرژەوەندیخوازیەوە، دەیویست ئەم ولاّتە خۆشبەختە، نوقمی خوێنبکات" [24]

دوژمنەکانی ـ تۆماس پین ـ تەنها بوکەلّەیەکیان لەبەر دەستدابوو.

---

66 - ئەو کلاّوە سێگۆشەییەی کە شۆڕشگێڕە فەڕەنسیو ئەمریکییەکان وەکو هێمایەك بۆ ئازادیی لەسەریان دەکرد.

لەبەر ئەوەی دومانگ پێش ئەو روداوە، ـ تۆماس پین ـ درکی بەوەکردبوو کە (پیتو برێكو ڕێوزۆ) ئاگر لەبەریتانیا بەردەدەنو، ژیانی وێران دەکەن. سەرباری ئەمەش لەمانگی کانونی یەکەمدا بەئامادە نەبوونی تۆماس پین دادگایی کردنەکە ئەنجام درا، وەکو کەسێکی بارگرژیی خولقێن بەتاوانبار لەقەڵەم دراو ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ بەریتانیا لیّ قەدەغەکرا.

تادەساڵ دوای ئەوە ـ تۆماس پین ـ لەفەرەنسا مایەوەو، لەویّ وەکو فەرەنسیەکی شۆڕشگێڕ لەنێو پانتایی ئەو وڵاتەدا ڕۆڵی خۆی بەرجەستەکرد. تۆماس پین لەسنوری هەڵبژاردنی ناوچەی ـ ئۆیس ـ وەکو نوێنەری کۆنڤانسیۆنی گەل هەڵبژێردراو، خۆی لەگەرمی ململانێی مالۆیرانکەری (ژێرڤێندیەکان) و (ژاکوبینەکان)، هەڵدایە نێو گێژاوی سیاسەتی شۆڕش. لەوێش ـ تۆماس پین ـ نەیتوانی تەنها بینەری گۆرانکاریەکان بێت.

لەئۆکتۆبەری ساڵی (1792)دا ـ تۆماس پین ـ بو بەئەندامی کۆمیتەی (9) کەسی نووسینەوەی دەستوری نوێی فەرەنسا، هەرچەندە هەموو ئەو دەسکەوتە لەمیانەی کەشی پڕ لەگومانی پاریسدا بەدەست هێنانیان بۆ تۆماس پین ئاسان نەبوو. ئەو لەنێو داڵانەکانی سیاسەتو کەسایەتیەکانی شۆڕشدا گیری خواردبوو. ـ تۆماس پین ـ بۆ ڕزگار کردنی گیانی ـ لویی شانزەهەم ـ پارایەوەو ئەو پیاوەتیەی بوە هۆی ڕەنجاندنی مارا[67] و رۆبسپێر. تۆماس پین لەومیانەیەدا رای گەیاند کەس ئەوەندە تاوانبار نیە کە سزای درندانەی لەسێدارەدانی بەسەردا بسەپێنرێتو بۆ بەرگریکردن لە ـ لویی

---

67 TeaN Paul marat ی ڕۆژنامەنووسی شۆڕشگێڕی فەرەنسی، کە بە بنەڕەت خەڵکی سویسرایەو دواجاریش تیرۆر کرا.



شانزەهەم ـ ووتی: لویی شانزەهەم هەر تاوانێکی ئەنجام دابیت، بەڵام هەر ئەوبوو کە هاوکاریی ئەمریکای ئازیزو خۆشەویستی کرد، تاوەکو زنجیرەکانی بپچڕێنێت. لەساڵی 1793دا ئەوکاتەی جەنگ کەوتە نێوان فەرەنساو بەریتانیا، گومان لەسەر ـ تۆماس پین ـ زیادی کرد. هاوریّ ـ ژێرڤێندیەکانی تۆماس پین دادگایی کرانو سزادران. لەمانگی کانونی یەکەمدا، ئەندامە بێگانەکانی نێو کۆنڤانسیۆن دەستگیرو زیندانی کران.

پین لەماوەی ئەو دە مانگەی کە لەزینداندا بەسەری برد، خۆی بەنوسینی بەشی یەکەمی کتێبی (سەردەمی دانایی)[68] یەوە سەرقاڵکرد. لەوکتێبەدا هێرشی کردە سەر خوداناسی مەسیحیو بەرگریی لەو جۆرە خودایانە کرد کە بەدورە لەبیرو باوەڕە ئاینیو میتا سروشتیەکان. پین لەوکتێبەدا کەوتە لێکدانەوەی (ئینجیل) و خوێنەرانی لەپێچەوانەکاریەکانو چیرۆکە درندانەکانو کوشتارو لایەنە نامرۆیەکانی ئینجیل، بەئاگا دەهێنایەوە. ـ تۆماس پین ـ بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ـ ئینجیل ـ کتێبی ئەو خودامەزنەنیە کە سەرۆکی جیهانی سروشتیە، جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پێویستە لەسەردەمی داناییدا، خەڵکی دەست لەبیروباوەڕە ئاسمانیەکان هەڵگرنو دوای زانستو سروشت بکەون، لەباتی خودای نهێنیو بیّ رەحم، خودای سەرجەم هۆکارەکانو خودای پایە بڵند قبوڵ بکەن. تۆماس پین جگە لەنووسین لەسەر ئاین، لەرێگەی هاوەڵەکانی جیمزمۆنری وەزیری ئەمریکاوە، کاری بۆ ئازادبوونی خۆی کرد لەزیندان. لەساڵی 1794داو پاش قسەو باسێکی زۆر لەسەر ئەوەی ئایا ئەمریکیە یان بەریتانی، لەزیندان ڕزگاری بوو.

---

The age of yeason - 68

لەو ماوەیەدا کە ـ تۆماس پین ـ زیندانی بوو، ژاکۆپینەکان لەناوبرانو سەری رۆبسپیێر خرایە ژێر میقسەلەوە. لەکانونی یەکەمی ساڵی 1794دا جارێکی تر بەنوێنەرایەتی ئەنجومەن هەڵبژێردرایەوە، تاماوەی ساڵێك لەمەوبەر لەوپۆستەدا مایەوە، بەڵام لەزیندان دوچاری تایەکی زۆر مەترسیدار بوو، کە پاش ئەوە تەنها دەیتوانی بنوسێتو هیچی تر. کەواتە دواهەمین ساتەکانی ژیانی ـ تۆماس پین ـ لەپاریس زیاتر بەنوسینەوە تێ پەڕیوەو کەمتر پەرژاوەتە سەرسیاسەت. لەماوەی ئەو ساڵانەدا بەشی دووهەمو سێیەمی (سەردەمی دانایی)و ووتارێکی سیاسی لەژێر ناونیشانی (نامیلکەیەك لەمەڕ بنەما سەرەکییەکانی حکومەت)و رەخنەیەکی بازرگانیو کۆمەڵایەتی گرنگی بەناونیشانی (داد پەروەریی زەویوزار) بڵاو کردەوە.

تۆماس پین لەساڵی 1802 گەڕایەوە ئەمریکاو دوایەمینو مەینەتبارترینی ساتەکانی ژیانی لەوێ بردە سەر. ئەو ئەمریکایەی کە تۆماس پین لەساڵی 1774داو لەفیلادلفیاو لەساڵی 1783دا بینیبوی، جیاواز بوو لەئەمریکای ساڵی 1802. دەستوری فیدراڵی حکومەتو ئایدۆلۆژی فیدراڵی، هاوسەنگیی دەسەڵاتی ئابوریيو کۆمەڵایەتی لەبەرژەوەندیی دەسەڵاتدارو دەوڵەمەندەکان هەڵوەشاندەوەو، ئاوی کردبو بەسەر ئاگری ئەو ساڵە پڕ لەقەیرانانەدا. ئیتر ـ تۆماس پین ـ نووسەری ئەو نامیلکەیە (ئەقڵی سەلیم) نەبوو کە ئەوهەموو کاریگەریەی بەرپاکرد بوو. ئەونامیلکەیە ئیتر پەیوەندی بەرابردووەوە هەبوو. لەوکاتەدا، پین نوسەری خودا نەناسی کتێبی (سەردەمی دانایی) بوو کە لەمیانەیدا هێرشی کردبووە سەرئاینی مەسیح. جێڤەرسۆن

---

Agrarian Justice - 69



ئەوەندە پیاوەتی تێدابوو کە ـ تۆماس پین ـ ی لەیاد نەکردو پاڵپشتی کردو، لەبەرامبەردا زۆرینەی ئەمریکاییەکان یان ئەویان فەرامۆش کردبوو، یان هیچ بایەخێکیان پێ نەئەدا. وردەوەردە ـ تۆماس پین ـ ی پیرودااماو، بەبێ ژنو منداڵ لەگەڵ هەندێك هاوڕێیدا، بەمیزاجێکی شێواو تورەوە روی لەمەیخانەکان کردبوو. دوایەمین ساتەکانی ژیانی لەنیۆریۆكو لەوشوێنە بردەسەر کەئێستا پێی دەوترێت ـ گرین ڤیچ ڤیلچ ـو یان لەو مەزرایەدا ژیانی بردەسەر کە دەکەوێتە (نیۆرفێنچیلی) دەرەوەی نیۆریۆك. تۆماس پین لە 8ی مانگی حوزەیرانی ساڵی 1809دا کۆچی دوایی کردو، لەمەراسیمی بەخاك سپاردنەکەیدا، ژمارەیەك لەدراوسێکانی مەزراکەیو هەندێك لەهاوڕێکانی ئامادەبوونو، لەنێو بەشدارەکاندا بەرپرسێکی حکومەت نەدەبینرا. هیچ کەس بابەتێکی لەمەڕ مەرگی ـ تۆماس پین ـ نەنوسیو هیچ بەیاننامەیەك بەو بۆنەیەوە بڵاو نەکرایەوە.

ـ تۆماس پین ـ ی ستیان دوری خەڵکی ستێفۆرد، کە یەکێك بوو لەو کەسانەی جیهانیان گۆڕیو، لەتەك زۆربەی پیاوە گەورەکانی ئەمریکاو فەرەنساو بەریتانیا هەڵسوکەوتی دەکرد، لەمەزرایەکی هێمن، بەبێ هیچ مەراسیمێکی پڕشکۆ، بەبێ رێزگرتن بەخاك سپێردرا. لەلای خاتوو ـ بینڤیێل ـ کەچەند ساڵێك کاروبارەکانی ماڵی بۆ ـ تۆماس پین ـ ئەنجام دەدا، ساردو سڕی مەراسیمی بەخاك سپاردنی ئەو مرۆڤە مەزنە، زۆر ئاستەم بوو. بنیڤیێل دواتر لەو بارەیەوە دەنوسێت:

مەراسیمی بەخاك سپاردنەکە ئەوەندە بەبێ ڕێزیی ئەنجامدرا، کەدڵی هەر مرۆڤێکی خاوەن هەستی پڕلەگریان دەکرد، ئەوکاتەی لاشەی ـ تۆماس پین ـ ئەو مرۆڤە گرانبەهایە لەنێو ئەوگۆڕە دورەدەستەدا بەخاك سپێردرا، نەمتوانی

بەر لەگریانم بگرم. پێش ئەوەی تابوتەکەی بەخۆڵ داپپۆشن، خۆم لەسەر سوچی سەرەوەی گۆڕەکە راوەستابووم‌و ـ بینجامین ـ ی کوڕیشم وەکو نوێنەری گەلی ئەمریکا لەبەرامبەرمن‌و لەو بەری گۆڕەکە راوەستا بوو، ئەو کاتەی وردە وردە گۆڕەکەی پڕکرایەوە، تەماشایەکی دەوروبەری خۆمکردو پڕبەدڵ هاوارم کرد: جەنابی پین، کورەکەم بەنوێنەرایەتی گەلی ئەمریکاو خۆم لەلایەن گەلی فەرەنساوە بەشداریی ئەم مەراسیمە دەکەین! ئەمەبوو مەراسیمی بەخاك سپاردنی سیاسەتمەدارو فەیلەسوفێکی گەورە!.

سەیر لەوەدایە کە رەوتی سڕینەوەی ناوی ـ تۆماس پین ـ پاش ئەو بەخاکسپاردنەی نەگەیشتە کۆتایی. دەساڵ پاش مەرگی تۆماس پین، ڤلیام کابت[70] کە یەکێك بوو لەلایەنگرانی رادیکالیزمی تۆماس پین، بەپێی بڕیارێکی لەناکاو ئێسقانەکانی ـ تۆماس پین ـ ی دەرهێناو بردیەوە بەریتانیا، تالەوێ ئارامگەیەکی شایستە بەدەستکەوتەکانی بۆ دروست بکەن. ئێسقانەکانی ـ تۆماس پین ـ گەیشتە لێڤەر پول ، یان کەس نازانێت رەنگە گەیشتبێتە لەندەن.

دواهەمین سوکایەتی کردن بە ـ تۆماس پین ـ ئەوەبوو، کە کابت ئێسقانەکانی ون بکات‌و ئەمەش رێزگرتنی بەریتانیاو ئەمریکابوو لە بەرامبەر پین!!

## (بەڵگەکانی ئەقڵی سەلیم)

هەرچەندە رەنگە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا تارادەیەك لەدایك بونی خۆی بەقەرزار باری نامیلکەی ـ ئەقڵی سەلیم ـ بزانێت، بەڵام تاپێش ئەوەی

70 - William Cobbet (1763-1835) نووسەر، رۆنامەنووس‌و ریفۆرمخوازی بەریتانی.



لەسەر بابەتە سەرەکیەکەی ئەونامیلکەیە قسە بکەین، یەك رستەی کورتیش نەلەسەر ئەمریکاو نەلەسەر سەربەخۆیی ئەمریکا نەدەوترا. ئەوکاتەی ـ تۆماس پین ـ نامیلکەی ـ ئەقڵی سەلیم ـ ی بڵاوکردەوە، تەنها چواردەمانگ بوو لەئەمریکا دەژیا. لەبەر ئەوەی لەبنەرەتدا خەڵکی بەریتانیا بوو، لەسەرجەم پەرەکانی کتێبەکەدا باس لەبەریتانی بوونی خۆی دەکات. تۆماس پین ـ لەساڵی 1776دا ئەقڵێکی تیۆری‌و تورەییەکی توندی رادیکالیزمی بەریتانی، بەدیاریی بەخشیە گڕی روداوەکانی فیلادلفیا.

نامیلکەی ـ ئەقڵی سەلیم ـ بەئاشکراکردنی تیۆریی گشتی ئازادیخوازیی (لیبراڵ) دەست پێدەکات‌و، بەهێرشکردنە سەر دەستورو حکومەتی بەریتانی درێژە دەکێشێت‌و، بەهێرشکردنە سەر دامەزراوەکانی ئەشرافیەت دەگاتە لوتکە. قسەکردن لەسەر پەیامی مەسیحیانەی ئەمریکا کاتێك مانای دەبێت، کە لەچوارچێوەی بەرفراوانکردنی پێگەی تیۆریدا پێشکەش بکرێت. سەربەخۆیی ئەمریکاو هۆشیاریی بەریتانیا، ئاماژەن بۆسەرکەوتنی بنەما بنەڕەتیەکانی کۆماریی‌و، زۆرنزیکن لەوتیۆریانەی کە لەسەرەتای نامیلکەکەی ـ تۆماس پین دا پێشکەش کراون‌و، لەهەمانکاتدا بنەمایەکی مرۆیین. سەرچاوەی سەرەکی نامیلکەی ـ ئەقڵی سەلیم ـ ئامانجە ئازادیخوازانەکانی کۆتایی سەدەی حەڤدەهەمی جۆن لۆك‌و رەخنە بنیاتگەرا بەریتانیەکانی نێو بەرهەمی قەشە بیروراجیاوازەکانی وەکو (پریستلی‌و پرایزو برێخ) بوو، لەکۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا، وەکو ئەوەی کە ـ تۆماس پین ـ باسی دەکات، گریمانی سەرەکی ئەوەیە مرۆڤەکان لەنێو سروشتدا بەشێوەیەکی سەربەخۆو ئازادانە رەفتار دەکەن. لەبەر هەزارو یەك هۆ، مرۆڤەکان لەدەوری یەکتر

کۆدەبنەوەو لەنیو کۆمەڵگادا هاوکاریی یەکتری دەکەن. بەڵام کۆمەڵگاو حکومەت دووبابەتی تەواو جیاوازن. یەکەمیان هانی ژیانی هاوبەش دەداتو، دوهەمیان جیاوازیی دروست دەکات. کەواتە چۆن حکومەت دروست بوو؟ نیەتو ئامانجو مەبەستەکانی حکومەت کامانەن؟ بەپێی تیۆریەکانی تۆماس پین مرۆڤەکان خۆبەخشانە حکومەت دادەمەزرێنن، لەبەر ئەوەی مرۆڤە ئازادو سەربەخۆکان بەناچاریی بەرژەوەندیخوازو جیاوازنو مافی سروشتی ژیانو ئازادییو وەفاداریەتی یەکتر دەخەنەژێر مەترسیەوە. تۆماس پین، وەکو (جێمز مێدسین) لەوباوەردایە کە مرۆڤەکان فریشتە نینو، هەر لەبەر ئەمەشە کەدەبێت ملکەچی حکومەتەکان بن. کەواتە حکومەت دەرئەنجامی شەڕانگێزیەکانی مرۆڤەو، تاکە ئامانجی دابینکردنی ئازادییو ئاسایشی گەلە. حکومەت جگەلە پاراستنی مافە سروشتیەکان، کە کۆنترین ئەرکی سەرشانیەتی، هیچ کارێکی تری نیەو، بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەمەش تیۆرسەنە مەسیحیو کلاسیکیەکان دەڵێن: حکومەت بەشێوەیەکی دابڕاوو جێگیر کارەکانی جێبەجێ ناکاتو، هیچ بەرپرسیاریەتێکیشی لەمەڕ چاکە کارییو رزگاری هەتاییو ژیانی بێخەوشو، کاروباری ئاینیو راستەقینە، لەئەستۆ نەگرتوە.

حکومەتی مرۆڤ، شەڕێکی بەناچاریەو نابێت هیچ کارێك جگە لەوکارەی کە بەدبەختانە بەرپرسی ئەنجام دانیەتی، کارێکی تر ئەنجام بدات. کەواتە دەبێت بەرپرسیاریەتیەکانی حکومەت بەتوندیی سنووردار بکرێنو سادەو هەرزان بن. ـ تۆماس پین ـ لەم بارەیەوە دەڵێت: دابینکردنی ئازادییو ئاسایشی داراییو خاوەنداریەتی بۆهەموو تاکەکانو، ئازادیی پەیڕەویی کردن لەئاین، پێویستی بەدامەزراوێکی گەورەو ئاڵۆزو گران نیە. لەنێو ئەدەبی سەدەی هەژدەهەمدا،



حکومەتی کۆماریی لیبراڵ پێناسەیەکی ئاشکرابوو. هەروەها وەکو حکومەتێك کە دەست لەکاروبارە تایبەتیەکان وەردەداتو، وەکو ئامێرێکی زەبەلاحی باج وەرگرتن تەماشای حکومەتە ئەشرافیو پاشایەتیەکان دەکەن، کەدەست لەکاروباری تایبەتی تاکە ئازادەکان وەردەدەنو، دەبنە رێگری بەرجەستەبوونی مافو دەسکەوتەکانیان.

بۆنمونە، ئادام سمێت کە لەهەمان ساڵدا (1776) کتێبی (سامانی نەتەوەیی) بڵاوکردەوە،لەمیانەیدا باس لەسودی ئابوریی چەمکە هاوبەشەکان دەکات، لەگەڵ ـ تۆماس پین ـ هاوڕابوون. سمیت لەوبارەیەوە دەنوسێت: حکومەت دەبێت بەناوی یاساکانەوە خۆی لەدەستوەردان لەئازادیی سروشتی بپارێزێت. بیروڕاکانی سمیتو پین بنەڕەتی رۆشنگەرییو ئازادبیریی، دادەڕێژن. بەپێی ئەو بیرو ڕایانە: سیستمێکی ئۆرگانیزەکراوی کۆمەڵایەتیو ئابوریی، سیستمێکی خۆرسكو خۆ بەڕێوبەرە، کە مرۆڤە بەرژەوەندیی خوازو مرۆڤەداناکان تێیدا ژیان بەسەر دەبەن.

وەکو ئەوەی سمیت ئاماژەی بۆ دەکات (لەنێو کۆمەڵگایەکی سیستماتیكو هەماهەنگدا، حەزو ویستی مرۆڤەکانو بەرژەوەندیی تاکە کەسی مرۆڤەکان ناچاریان دەکات کەبەبێ دەستێوەردانە یاساییەکان، سەروەتو سامانی کۆمەڵگا بەپێی بەرژەوەندیی گشتیو بەباشترین شێوە بەسەر پیشە بەکەڵکەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا دابەش بکەن. بەپێی بیروراکانی تۆماس پینو سمیت، (حکومەت) سەرۆکایەتی سیستمێکی ئابوریی خۆرسك دەکاتو (فەرمانرەوایی) سیستمێکی سیاسی خۆهەڵقوڵاوە، یان لەوەش زیاتر، حکومەت بەرپرسی چاودێریکردنی بنەماکانی گەلە، کەگرنگترینی ئەو

بنەمایانە بـریتین لـە: دەسـتەبەرکردنی ئاسایـشی کـەڵك وەرگـرتن لەچـالاکەیە تایبەتەکانو خود. سمیت دەنوسێت: تەنها لەپەنای قازی شـارەکەدایە، کـەخاوەن مـاڵ دەتوانێـت لـەپاڵ سـودی ماندوبونەکانیـدا، یـاخود لـەپاڵ سـەروەتو سامانەکەیدا، بـەو پـەڕی ئاسـودەییو هێمنیـەوە بخـەوێت. تۆمـاس پـینو سمیـت بەرهەمـەکانی ـ جـۆن لـۆك ـ یـان خوێنـدبوەوە. بـەڵام ـ تۆمـاس پـین ـ لـە نامیلکەکەیدا زیاتر کەڵکی لەئازاد بیریو ڕۆشـنگەری ـ لـۆك ـ و خۆرسـکیو خرۆشی بنیاتگەرایی بەریتانی وەرگرتوە. لەنامیلکەی ئەقڵی سـەلیمدا، ئەوەنـدە بێ رەحمانە هێرش کراوەتە سەر حکومـەتی بـەڕیتانی، کـە مەگـەر تـەنها لـەنێو (بەرگریکـەرە لەندەنیـەکان)ی بەرهـەمی جـان ڤـێلکسو، لـەنێودەنگی گروپـی (نـەیارانی تیـسلیس)[71] و کالۆنیـستەکانی دژی (یاسـاکانی تاقیکردنـەوە[72] و ئەنجومەنە شاریەکان) ئەو بێ رەحمیە بەدی بکرێت. لەهیچ شوێنێکی نامیلکـەی (ئەقڵی سـەلیم)دا نـاڕەزایی کۆچبەرنـشینە ئەمریکیـەکان نەبۆتـە بیـانوی ئـەو هێرشـانەی تۆمـاس پـین. لەبـەر ئـەوەی لـەلای ئـەو ڕونو ئاشـکرایە، کـە هەڵـسوکەوتی حکومـەتی بـەڕیتانیا لەبەرامبـەر ئـەو ناوچـانە، پێـچەوانەی کۆدانـایی مـرۆڤو مافـە سروشـتیەکانە، بـەباوەڕی تۆمـاس پـین: حکومـەتی بەڕیتانیا وەکو ئامێرێکی زەبەلاحی ستەمکارو ئـاڵۆز، ئەمریکیـە بـەتواناکانو بەڕیتانیە چاکەکارەکان دەپلیشێنێتەوە.

71 - unitarian

72 - بەپێی ئەو یاسایە، پرۆتستانە بیروڕا جیاوازەکانی نێو بەڕێوەبەریەتیە حکومیـەکان لـە شارەوانیو زانکۆکانی ئۆکسفۆردو کامبریج دەرکران.



لەبەڕیتانیا، ئەو چینەی خۆی بەزوڵم لێکراو دەزانی، چینی ناوەڕاسـت بـوو، تۆمـاس پـینو هـاوڕێ بنیاتگـەرا بەڕیتانیـەکانی، کـەڵکیان لەناڕەزایەتیـەکانی ئەوچینە وەرگرتو، هێرشیان کـردە سـەر بنـەماکانی پاشـایەتیو ئەشـرافیەت. وەکو ئـەوەی کـە ـ تۆمـاس پـین ـ ئامـاژەی بۆکردبـوو، کۆمـەڵگای نەریتگـەرا، جیاوازیە سروشتیەکان لەخۆ دەگرێتو، هەندێك لەچینو توێـژەکانی کۆمـەڵگا، بـەرزتر لەچـینو توێـژەکانی تـر دادەنێـت. لـەنێو گۆمەڵگایـەکی لـەوجۆرەدا، پلەوپایـە حکومیـەکانو دەسـەڵات، بـەپێی پلـەو پایـە چینایەتیەکان دیـاریی دەکـرێنو، خانـەدانو ئەشـرافەکان لـە لوتکـەی دەسـەلاتدان. پلـەو پایـە چینایەتیەکانیش پێگەی تاکەکان لەنێو ئەو سیـستمەدا دیـاری دەکـەن، بـەپێی ئـەو پلـەو پایانـەش، مـافی کەسـەکان دیـاریی دەکرێـت، بـەڵام لەلایـەن ئـەو بۆرژزوازانـەوە کەبـەهۆی خولقانـدنی بـواریی کـاری سـەرکەوتوانە، لەمیانـەی شۆڕشی پیشەسازیدا گەشەیان کردبوو، ئامانجێکی نوێ هاتـە مەیـدان: دەبێـت تاکـە ئامادەکـان دەسـتیان بگاتـە پۆسـتو پاداشـتەکانی کۆمـەڵگا. چـینی ناوەڕاسـتی کۆمـەڵ کـە بـەپێی ووتـەکانی ـ تۆمـاس پـین ـ خـۆی بەدیـدگای بەرابـەریو یەکـسانی نێـوان مرۆڤـەکان پڕچـەك کردبـوو، هێرشـی کـردە سـەر هەژموونی پادشا بێکارو ئەشرافە بێ کەڵکـەکانو بۆسـەرکۆمەڵو سیاسـەتو، داوای سـڕینەوەی دابەشـکاریی سـەرجەم پلـەو پایـە نایەکـسانەکانی نێـوان تاکەکانی کرد. ئەوەی لەلای ئەوان گرنگ بوو، تواناییەکانی تـاك بـوو، نـەوەکو شەجەرەنامەو پلەوپایە نەریتیـە خێزانیـەکان. لەوێـشدا، بەڕیتانیـەکان تاوانبـارە سەرەکیەکانی سڕینەوەی بنەمای سروشتیو خوداوەندیی یەکسانی بـوون، لەبـەر

ئەوەی مرۆڤە گێلو خۆشگوزەرانە ناشارەزاکانیان دەکردە حکومڕانی چینی ناوەڕاستی پیشەسازو بێ بەشکراو لەمافی هەڵبژاردن.

لەبەر ئەو گرنگیەی ـ تۆماس پین ـ بەکتێبە ئاسمانیەکانی دەدات‌و، بەتایبەتی گرنگیدان بە (عەهدی عەتیق)و فرمانە شەرعیەکانی ئەو کتێبە لەدژی پاشایەتی‌و ئەشرافیەت، خوێنەر بۆی دەردەکەوێت کەپرۆتی ستانیزمی جیاواز، ڕۆڵێکی گرنگی لەبەرجەستەکردنی ئایدۆلۆژیایی چینی بورژوازەکاندا هەبوو. پرۆتستانیزمی جیاوازو رادیکالیزمی هاوسەنگی خولقێنەر، بیرورا جیاوازە مەزهەبیەکانی سەردەمی شەڕی ناوخۆی سەدەی حەڤدەهەمی (کەزۆربەی لایەنگرانی ئەو مەزهەبانە روویان لەکەنارە ئارامەکانی ئەمریکا کردبوو، یان هەڕەشەی ئەوەیان دەکرد گەربەڕیتانیا سنورداریەتی ئاینی لەنێو دام‌و دەزگاکانیدا هەڵنەوەشێنێتەوە، بەرەو ئەمریکا کۆچ دەکەن) ئاوێتەی یەکتر کردبوو. تۆماس پین کەسەر بەفیرقەی کۆیکرەکان بوو، زۆر بەباشی وەرگرەکانی خۆی دەناسی‌و، دەیزانی کەقسەوباسە ئینجیلەکان‌و وتارە کورتە دژە کاسۆلیکیەکان چەند کاریگەرییان لەسەر بەجێدەهێڵت. هەروەها بەباشی ئەوەی دەزانی کە ئەمریکیەکان باوەڕیان بەمیراتگری دەسەڵات نیە، لەسەر بنەمای حکومڕانیکردنی دیاریکراو و هەمیشەیی. تۆماس پین ئەوەی لەلاڕون‌و ئاشکرابوو، کەخاوەن لەقەبێکی ئەو خانەدانە دەسەڵاتدارانە نادۆزیتەوە، کەپاش لێکۆڵینەوە لەسەری ناگاتەوەسەر داگیرکەرێکی تالانکەرو، لەومیانەیەشدا ئەگەر کەمێك وردتر لەسیستمی چینایەتی‌و پێگە دابەشکراوەکانی ئەو سیستمە وردبینەوە، دەبینین کەزۆر (نائەقلانی‌و ناعادیلانەو ناسروشتین.



دواجار تۆماس پین لەپاش هێرشکردنە سەر ئەشرافیەت‌و بنەمای میراتگریی دەسەڵات، قسە لەسەر ـ بارودۆخی ئەمریکا دەکات. تۆماس پینی بنیاتگەرای بەڕیتانیی، گەیشتبوە ئەو باوەڕەی کە لەکانونی دووەمی 1776دا بڵێت: چارەنووسی ئەمریکا لەسەروو چۆنیەتی سەرفکردنی بژێویی هاوڵاتیانی سیانزەکۆچبەرنشینەوەیە.

بەباوەڕی ئەو، ئەمریکا رەتکردنەوەی زیندوی ئەشرافیەت‌و سیستمی پاشایەتی کۆنە. سەربەخۆیی ئەمریکا لەمیانەی هەڵوەشاندنەوەی رژێمی کۆندا، یەکەمین هێرشە کەپلەوپایەی تاج‌و تەختی پادشاکان لەنێو زەینیەتی گشتیدا لاواز دەکات‌و، دەبێتە هۆی سستکردنی سیستمی پاشایەتی جۆرجی سێهەم‌و باجەگرانەکانی. بەڵام پین چاوی لەپانتایەکی بەرینتربڕیوە. لەڕوانگەی تۆماس پینەوە، سەربەخۆیی ئەمریکا بایەخی (میتا مێژوویی) هەیەو دەستپێکەری سەردەمێکی نوێی مێژووی جیهانە. لەنامیلکەی (ئەقڵی سەلیم)دا، بێ پەردەیی نوسینەکانی لەلای خوێنەرە بنیاتگەراکان رەنگ‌و بۆیەکی خۆشی هەیە. بەوتەی تۆماس پین سەربەخۆیی ئەو سیانزە کۆچبەرنشینە، روداوێکی ئەوەندە گرنگە کە لەپێشبینیەکانی کتێبی پیرۆز دەچێت. ئەمریکیەکانیش وەکو عیبرانیەکان، پەیامی رزگارییان هەڵگرتووە. تۆماس پین لەپێشەکی نامیلکەی ئەقڵی سەلیمدا دەنوسێت: ئامانجی ئەمریکا، لەپێوانە بەرفراوانەکەیدا، ئامانجی سەرجەم مرۆڤایەتیە. لەکۆتایەکانی ئەو نامیلکەیەدا قسەو وتە ئینجیلەکان بەم شێوەیە دوبارە دەبنەوە: بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، نەوەکانی داهاتووش لەم بەرهەڵستیەدا بەشدران‌و، دەتوانین بڵێین تارۆژی قیامەت کاریگەریی ئەم بەرهەڵستیە دەمێنێتەوە. سەربەخۆی ئەمریکا، ئەو

لافاوە روخێنەرەیە کەمێژوو رادەماڵێت. تۆماس پین دەنوسێت: ئەمریکا ئەوەندە توانای هەیە کەجیهانێکی نوێ دابمەزرێنێت. لەسەردەمی نوحەوە تائێستا بارودۆخێکی لەمجۆرە نەخولقاوە، رۆژی لەدایك بوونی جیهانی نوێیە. ناوەرۆکی ئەندێشەکانی ـ تۆماس پین ـو ئەوبەرداشتەی کە لەپەیامی ئەمریکای دەکات، لەهەندێك شوێندا لەشیعر دەچێت، لەنامیلکی ئەقڵی سەلیمدا لەوبەشەدا کەبەزمانێکی رۆژانە باس لەچارەنوس‌و پەیامی ئەمریکا دەکات، بەشێکی سەرنج راکێشە.

ئەی ئەوانەی مرۆڤایەتیان خۆش دەوێ! ئەی ئەوکەسانەی کەتوانای بەرهەڵستی کردنی ستەمکاریی، بەڵکوتوانای دژایەتی کردنی ستەمکارانتان هەیە، هەستنە سەرپێ! بست بەبستی جیهانی کۆن لەژێرپێی زوڵم‌و ستەم کەوتووە. لەسەرتاسەری جیهان، ئازادیی راودەکرێت. ئاسیاو ئەفریقا هەرلەکۆنەوە ، ئازادیان ـ تۆراندوەو، وەکوشتێکی نامۆ تەماشای دەکەن، بەریتانیا (ئازادیی) دەرکردوە، خەڵکینە پەنابدەنە ئەو هەڵاتوەو لەکاتی خۆیدا سەرپەنایەك بۆمرۆڤایەتی دروست بکەن.

ـ تۆماس پین ـ زۆر بەکەمی قسە لەسەر وردەکاریی گرفتە بێ بایەخەکانی کۆچبەرنشینەکان دەکات‌و، لەماوەی ئەوچواردەمانگەدا کە لەفیلادلفیا ژیانی بردەسەر، کەمتر بواری ناسینی ئەو گرفتانەی هەبوو. هەر لەبەر ئەمەش لەنێو ـ ئەقڵی سەلیم ـ دا هیچ باسی دەستبەسەرداگرتنی دارایەکان‌و، باجی ناعادیلانەو، کوشتارە بەکۆمەڵەکان‌و، پابەند نەبوون بەبەڵێنەکان، نەکراوە. تۆماس پین بەخوێنەرەکانی خۆی دەڵێت: ئەوەی ئێستا گرنگە، جیابونەوەی ئەمریکایە لەبەریتانیا. لەروانگەی تۆماس پینەوە کاتی گلەیی کردن‌و نارەزایی



دەربرین نیە لەبەرامبەر ئەوگرفتانەو، ئێستا سەردەمی پەیامێکی ـ مێژوویی جیهانی ـ یە. چارەنوسی ئەمریکا دەستپێکی سەردەمێکی نوێیە، کەچیتر لەمیانەیدا بەرگ دورێکی داماو ناکەوێتە ژێر گوشاری توندو ستەمکارانەی دامەزراوە ئەشرافیەکان.

نامیلکەی (ئەقڵی سەلیم) تەنها چیروکی خراپەکاریی فەرماندە بەریتانیەکان‌و، پەیامێکی زانایانە لەمەر حکومەتی مەشروتە، یان قسەکردن نیە لەسەر تیۆریی جیهانخۆری بەریتانیا. تۆماس پین خوێنەرەکانی بۆ مەبەستێکی گەورەو بەرهەڵستیەکی هەمەگیر لەدژی جیهانی کۆن‌و بەها رزیوەکانی بانگهێشت دەکات، کە ئەمریکیەکان خۆیان لێ دزیبوەوە.

لەروانگەی تۆماس پینەوە، ئەمریکا پێگەیەکی دیاریکراوو تایبەتی لەنێو سیستمی نوێی جیهاندا هەیەو، هەر لەم روەوە هیچ جێگەی سەرسورمان نیە کەریتمی نامیلکەی ـ ئەقڵی سەلیم ـ لەبەشی یەکەم‌و لەبەشەپەیوەندیدارەکانی چارەنووسی ئەمریکا دەگاتە لوتکەی خۆی، بەپێچەوانەوە، ئەوکاتەی کە باس لەجیابونەوەی ئەمریکا دەکات لەبەریتانیا، ئاوازی نووسینەکانی دەگۆرێت‌و بەزمانی ئەقڵی سەلیم قسەدەکات. روخساری پراکتیکی سەربەخۆیی ئەمریکا زۆر سەرنجراکێشە. پین جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەئەمریکا پێویستی بەدروستکرنی پەیوەندیی بازرگانی لەتەك بەریتانیا هەیە، (مادام خواردن نەریتی ئەوروپیەکانە)، کەواتەبازارێکی باش بۆ فرۆشتنی گەنمەشامی ئەمریکی بوونی هەیە. لەلایەکی ترەوە، ئاشتی لەتەك بەریتاینا دەبێتە هۆی بەستنەوەی ئەمریکا بەسەرجەم ناکۆکی‌و جەنگە ئەوروپیەکانەوە، کەواتە سەربەخۆیی ئەمریکای ئاشتیخواز، کەشێکی پر لەئاسایش بۆ سامان‌و خاوەنداریەتی گەل

فەراهەم دەکات. لەژێر چاودێریی‌و دەسەڵاتی حکومەتی بەریتانیادا، خاوەنداریەتی جێگیرنیەو، وڵاتی دایك كاتێك بایەخ بەهەلومەرجی ئەمریکا دەدات، کە لەبەرژەوەندیی خۆی بێت. ئەو دەمەی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا دەبێتە دژی بەرژەوەندیی کۆچبەرنشینەکان، بەرژەوەندیی بەریتانیا لەپێش پێشکەوتنی ئەمریکا دادەنرێت. ئەگەر لەئەمریکا، خاوەنداریەتی نەپارێزرابێت‌و هەمیشە ئەسیری بەریتانیا بێت، کەواتە کۆچبەرەکانی داهاتوو، لەسەفەرکردن بۆ ئەوکیشوەرە دەترسن.

لەژێرسێبەری ئەم سیستمە لەبەریەك هەڵوەشاوەی ئێستادا، کەس پارێزراو نیەو، بەپێی بیروڕاکانی تۆماس پین، بەریتانیا توانای حکومڕانی کردنی ئەمریکای نیە. مەودای هەزاران فەرسەخیی نێوان بەریتانیاو ئەمریکا، بەڕێوەبردنی کاروبارە ئیداریەکانی حکومەتی بەریتانیای قورس‌و نامومکین کردوە. ئەمە بەڵگەهێنانەوەی ـ ئەقڵی سەلیم ـ ە لەمەڕ سەربەخۆیی ئەمریکا. بەڵام هەندێك جار خۆی لەنووسینی گیروگرفتە بازرگانیەکان دور دەخاتەوەو، بۆلایەنگیریکردن لەسەربەخۆیی، روو لەو بەڵگەنامانە دەکات کە لەسەرووی کاروبارە ئەمرۆیەکانەوە هەیە، بۆنمونە دەڵێت: سەربەخۆیی ئەمریکا ئەوڕوداوەیە، کەدرەنگ یان زوو هەر روودەدات‌و، ئەمەش حوکمی مێژووە. لەشوێنێکی تردا تۆماس پین ئاماژە بەوەدەکات کە وابەستەیی بەردەوامی ئەمریکا بە بەریتانیاوە، لەچاو دانایی‌و سیستمی سروشتی، کارێکی قێزەونە. حکومڕانی دورگەیەك بەسەر کیشوەرێکدا جگەلەوەی سوکایەتی کردنە بەسروشت، لەهەمان کاتدا پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە، کەلەخوداو سروشتەوە سەرچاوە دەگرن.



تۆماس پین- بۆ رازیکرنی ئەو خوێنەرانەی کەبەهۆی نەبوونی سیستمێکی گونجاو لەکاتی جیابونەوە لەبەریتانیا، پێگەی حکومەت بگرێتەوە، ئەم پێشنیارە دەکات: کۆنڤانسیۆنێکی جەماوەریی لەئەنجومەنە هەرێمایەتیەکان دروست دەکرێت، بۆ نوسینەوەی دەستورێك کە لەمیانەیدا ئازادیی چالاکیە ئاینیەکان پارێزراوە. ئەو حکومەتە نوێیە بەکەمترین بودجە بەڕێوە دەچێت. خاوەنداریەتیەکان چیتر پارێزراودەبن، چیتر پادشاو باجە قورسەکان دەست ناخەنە کاروباری تاکەکەسی هاوڵاتیانەوە. چیتر خەڵکی (مەینەتی بینیوو نارازایی) ئازادیەکانی ئەو کیشوەرە بۆخۆیان کۆناکەنەوە. لەئەمریکا (یاسا دەبێتە پادشا).

دواجار پین باس لەتواناییەکانی ئەمریکا لەمەڕ رزگاربوون لەکاریگەریی بەریتانیا دەکات‌و، لەبەرامبەر حکومڕانی بەریتانیا بەرهەڵستی دەکات. تۆماس پین دڵنیایە کەئەمریکا دەتوانێت ببێتە خاوەنی کەشتی جەنگی‌و سوپایەکی بەهێز. هەروەها لەوکاتەدا کەباس لەبەرپرسیاریەتیە نەتەوەییەکان دەکات، دیدگایەکی پەرێشان پێشکەش دەکات: لەبەشێکی نامیلکەی ئەقڵی سەلیمدا تۆماس پین خۆشحاڵە بەوەی ئەمریکا ئەو بەرپرسیاریەتیەی لەئەستۆدانیەو، لەشوێنێکی تردا باس لەوەدەکات گەر ئەمریکا دوچاری شەڕێکی درێژخایەن ببێت، قەرزێکی زۆر داوێنی دەگرێت‌و، دواجار هەرخۆی دەڵێت (هیچ وڵاتێك نیە قەرزار نەبێت). هەروەها دەکرێت بڵێین هاوکێشە بەراوردکاریە ئابوری‌و بازرگانیەکانی ـ تۆماس پین ـ خوێنەری کەمتریان هەیە.

تۆماس پین لەدواهەمین لاپەڕەکانی ئەقڵی سەلیمدا، دەستبەرداری ئەقلی سەلیم دەبێت‌و جارێکی تر بەبەکارهێنانی پەندە ئاشکراکانی، رۆح دەکاتەوە بەبەری نوسینەکەیدا. تۆماس پین کەهێرش دەکاتە سەر بێ ئیرادەیی هاوڕێ کۆیکرەکانی، مەبەستی سەرجەم ئەمریکیەکانەو داوایان لێ دەکات:

دەستەوەستان رامەوەستن‌و، مەبنە رەعیەتی سەربەژێری هەر حکومەتێك کەحکومڕانیتان دەکات. پین - بانگەشەی ئەوە دەکات کە لەسەرکار لابردن‌و دامەزراندنی پادشاو حکومەتەکان مافی سروشتی هاولاتیانە. هیچ چین‌و توێژێك هەر لەئەزەلەوە بەفەرمانرەوای یان کۆیلەی لەدایك نەبووەو، هەیبەتی هیچ مرۆڤێك بەدەسەلاتداری ناکات.

ئەمەش ئەو تۆماس پینە تورەیە کە ئەمریکیەکان تەنها نامیلکەکەی ناخوێنەوە، بەڵکو یەکسەر قوتی دەدەن. نەوەکو ئەقڵی سەلیمی تۆماس پین، بەڵکو ئەوە جۆش‌و خرۆشەکانی تۆماس پین بوو کە لەزستانی ساڵی 1776دا سەدان هەزار ئەمریکاییان خستەوەیادی سەربەخۆیی.

## * رادیکالزمی بورژوازیی ـ ئایدۆلۆژیای تۆماس پین.

(رۆبەرت بیج)ی رۆمانوسی رادیکالی بەریتانی، لەکۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا، لەیەکێك لەرۆژنامەکاندا لەزمانی پالەوانی رۆمانەکەیەوە سەبارەت بەوەسفکردنی دارمانی سیستمی کۆن دەنوسێت: کە گەنج بووم، تراژیدیاو شیعری سیاسی‌و ئەدەبیاتی عاشقانەو ئیلاهیاتم دەخوێندەوە، بەلام ئێستا ـ ئەقڵی سەلیم ـ دەخوێنمەوە.[29]

نامیلکەی ئەقڵی سەلیم بوو بەزمان حالی ئەو سەردەمەی کەسیستمی نەریتگەرای ئەشرافیەت دارماو بەها لیبرالیەکان لەدایك بوون.. بەلام ـ تۆماس پین ـ رادیکالێکی ئاسایی نەبوو. رەنگە رادیکالیزمەکەی تۆماس پین لەچوارچێوەی بوژوازیدا، وێرانکەرترین هێرش بێت بۆسەر سیستمی کۆنی جیهان. برێك دەربارەی (تۆماس پین) دەنوسێت: دەیەوێت لەماوەی چەند



رۆژێکدا ئەوجیهانە فیودالیەی سوارچاکەکان تێك بشکێنێت، کەباوباپیرانمان لەماوەی چەند سەدەیکدا دروستیان کردبوو.

لەڕاستیدا، بەشێك لەدەسکەوتەکانی ـ تۆماس پین ـ سوکایەتی کردنە بەو رابردوەی کە ـ برێك ـ ستایشی دەکرد. بەباوەڕی تۆماس پین- ئەو رابردوە شکۆمەندە، سەردەمی دۆن کشیۆتی‌و شەرانگێزیە گێلانەکانی سوار چاکەکانی بوو. تۆماس پین بەم شێوەیەی خوارەوە سوکایەتی بەبنەماکۆنەکانی کۆمەڵگای بەریتانی‌و، بێ هودەیی سیستمی پاشایەتی دەکات:

لەبەریتانیا، پادشا جگە لەبەرپاکردنی جەنگ‌و بەفیڕۆ دانی زەویەکانی بەریتانیا هیچ کارێکی تری نیە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی هەژارکردنی گەل. ئەمە ئەوکاسبیە زیرەکانەیەی پادشاکانی بەریتانیایە، کەسالانە نزیکەی هەشسەد هەزار سترلینگ سەرف دەکەن‌و، گەلیش دەیان پەرستن!

لەراستیدا مرۆڤێکی چاکەکار، لەلای خودا، لەهەموو خاوەن تەخت‌و تاجە سوکەکانی سەرزەوی، بەنرخترە.

تۆماس پین لەنامیلکەی (مافی مرۆڤ)دا ئەم پرسیارە دەکات: ئایا هیچ بنەمایەك ئەوەندەی بنەمای میراتگریی شانازیەکانی باوباپیران، گالتە جارانەیە؟

لەروانگەی پینەوە، رەچەڵەکی تاکەکان گرنگ نیە، بەڵکو تواناییەکانی تاك جێگەی بایەخ‌و گرنگی پێدانەو، ئەمەش هەمان پەیامی ئادام سیستمە. هەروەها پین، لە(مافی مرۆڤ)دا بەمشێوەیە قسە لەسەر نادروستی قسەکانی برێك دەکات: ئەگەر ئەوەندەی نووسەری کتێبی (سامانی نەتەوەیی) کەسێکی هۆشیارو بەتوانا بوایە، شەرمی لەبیرو باوەڕەکانی خۆی دەکرد. حکومرانیکردن

پێویستی بەشارەزاییو توانایی هەیە، بەڵام (ئەشرافەکان) ئەودەسەڵاتدارنە بوون کە (بەتوانا) نەبوون. ئەشراف، ئەوخەڵکە تەمەڵە مشەخۆرەبوون، کە لەبەری رەنجو ماندوبوونی چینە ژێردەستەکانیان دەخوارد. لەجیهانی تازەی داهاتوودا، کەس یادیان ناکاتەوە.

کەواتە بۆچی جەنابی (برێك) وەکوبڕبڕەی پشتی بەرژەوەندیی خاوەن زەویەکان، باس لەئەنجومەنی ئەشراف دەکات؟ ئەگەر ئەو ئەنجومەنە نەمێنێت، کاروباری مەزراکان راناوەستێتو کێڵانی زەویو بەکارهێنانیان هەر دەمێنێت، ئەشرافەکان جیاوازن لەوجوتیارانەی لەسەر زەویەکانیان کار دەکەن، ئەشرافەکان تەنها بەسەر ئەوانەوە مشەخۆری دەکەنو هیچی تر. لەنێو ئەم جیهاندا، دەکرێت ئەشراف بەو هەنگە نێرانە بەراورد بکەین کە جگە لەوەی هەنگوین کۆناکەنەوەو کەنو دروست ناکەن، بوونیان تەنها لەبەر ئەوەیە دوای چێژەکانیان بکەون.

ئەم یەکسانیخوازیەی ـ تۆماس پین، لەلای کرێکارەکان خۆشەویستی دەکرد. کرێکارە تەکنیکیەکانو ئەنجومەنی چاپخانەکانی لەندەنو کرێکاری کارگەکان، لەساڵی 1790دا بەکۆمەڵ نامیلکەی (مافی مرۆڤ)یان دەکڕیو، ئەویەکسانیخوازیەیان ستایش دەکرد. بەڵام لێکدانەوەی شۆڕشگێرانەی بەرهەمەکانی تۆماس پین، لەبەرژەوەندیی چینی کرێکار نیە. بانگەشەی سزادانی بێرەحمانەو دژایەتی کردنی حکومەتو کۆمەڵگای ئەشرافی، لەبەرژەوەندیی کرێکاراندا بوو، هەرئەوەش روحیەتی کرێکارەکانی بزواندبوو. بەڵام لەوقۆناغەدا ئامانجی کرێکارەکان وێرانکردنی بەریتانیای ئەشرافی، بەدەستی بۆرژوازەکان بوو، ئەوەش ئەو ئامانجە بوو کە لەنامیلکەی (مافی



مرۆڤ)دا بەدرێژایی تەمەنی نووسەربوونی، بیروهزری تۆماس پینی داگیر کردبوو.

بەڵام لەراستیدا، دیدگا یەکسانیخوازانەکانی تۆماس پینی بنیاتگەرا، لەتەك بەرگریکردن لەبازرگانیو ئابوری، رێك ناکەوێت. تەنانەت لەئەمریکاش، تۆماس پین ئەو بەریتانیە بنیاتگەرایە بوو کە لەنێوان کۆمەڵگایەکی ئەشرافیدا پەروەردە ببوو. بەباوەڕی پین، ئامانجەکانی بورژوازیی پەیوەندیەکی ئاڵۆزو لێك دانەپساوایان لەتەك یەکسانیخوازیدا هەیە. ئەو کۆمەڵگا چینایەتیەی لەسەر بنەڕەتی مافی داگیرکردنی دەسەڵاتداریی بەپێی میراتگری بەڕێوە دەچوو، گۆڕا بۆئەو جیهانە بورژوازیەی کە پلەو پایەکانی دەسەڵات بەپێی توانایەکانی تاکەکان دابەش دەکرا. لەو سەردەمەدا، لەبەریتانیا یەکسانیخوازییو دژایەتیکردنی نادادپەروەریەکان، لەتەك بورژوازیی ناکۆك نەبوە. بەڵام لەئەمریکاو لەو کۆمەڵگایانەی کەڕابردویەکی ستەمکارانەیان نەبووەو، تەنها بەپێی کاروبارە ئیستبدادیەکان بەڕێوەبران، بۆرژوازیەت لەتەك یەکسانیخوازیدا نەدەگونجا. بەڵام ئەو دوو رێبازە (بورژوازییو یەکسانی خوازیی) یەکتری بەتەواوەتی رەت ناکەنەوە، لەبەر ئەوەی لیبراڵێکی یەکسانیخواز، جەختی لەسەر یەکسانی هەلومەرجەکان نەدەکردەوە، بەڵکو جەختی لەسەر یەکسانی (بوارەکان) دەکردەوە.

گرنگیدان بەڕەهەندە بورژوازیەکانی بیروراکانی تۆماس پین، بەهیچ شێوەیەك نابێتە هۆی کەمکردنەوەی ئاستی مرۆییو پێشکەوتنخوازیی رەخنەکانی لەدژی سیستمی کۆن. لەراستیدا، لەوقۆناغە مێژوویەدا ئەوجۆرە هێرشکردنەی پین ناچاریی بوو. لەمیانەی ئەم وتارانەدا کە تۆماس پین بۆ

بەرگریکردن لەجەنگی پێنسیلڤانیا نووسی: بنەرەتی کۆماریی، دابینکردنی ئاسایشە بۆ دەوڵەمەندەکانو فەراهەم کردنی ئاسودەییە بۆهەژارەکانو، هیچ حکومەتێکی موستەبید ناتوانێت دەست بەسەر سەروەتو سامانی تاکەکان بگرێت. هەرگیز دەستبەرداری بیروباوەڕە بنیاتگەرایەکانی نەبوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا نابێت ئەوە فەرامۆش بکەین کەپێشنیارە کۆمەڵایەتیە بنیاتگەراییەکانی تۆماس پین، لەوانەش ئەوپێشنیارەی کە لەوتاری (دادپەروەریی زەویوزار)دا ئاماژە بەوەدەکات کە هەموو تاکێك لەتەمەنی بیستو یەك ساڵیەوە پانزە پۆندو، لەتەمەنە گەورەکانی تریشدا، دە پۆند وەربگرێت، زیاتر ئامانجێکی دژە ئەشرافیان هەبووە، تادژە بۆرژواز. تۆماس پین هەر لەو وتارەدا ئاماژە بەئیشتراکی بوونی یەکەمین زەوی دەکات، کە (جۆن لۆکش) هەمان باوەڕی هەبووە. ئەوەی دەبووە هۆی تورەیی تۆماس پین، ئەوەبوو کەکۆماریەك لەسەر بنەڕەتی دەسەڵاتداریی وردەخاوەن زەویە سەربەخۆکان پێك نەهێنرا، بەڵکو کۆمەڵگایەکی ئەشرافی لەسەر بنەڕەتی خاوەنداریەتیەکانی داگیرکردنی میراتی سروشتی تاکەکان لەو سەردەمی ئەوەدا، داواکاریەکی پێشکەوتوخوازانە نەبوو، کەدواتر بنەڕەتی وویستی سۆسیالستو رادیکاڵەکانی پێکهێنا. بەڵام پێشنیارەکەی تۆماس پین ـ لەسەر بنەڕەتی (لەسەدا دە) باجی میراتو، بەخشینی راستەوخۆی قەرزی بێسود، لەبەرامبەر نارەزایی دەربڕین سەبارەت بەسیستمی ماڵوێرانکەری ئەشرافیەت بوو. دوائامانجی ئەو پێشنیارەی تۆماس پین ئەوەبوو کەجارێکی تر سەروەتو سامانو دەسەڵاتی کۆمەڵگا بەپێی یەکسانی (بوارەکان)ی کارکردن لەنێوان خەڵکەبەتواناکانیتردا بەش بکرێتەوەو، ئەشرافەبێ کەڵکەکانیش لەوهاوکێشەیە دەربکرێن. هەروەها



لەنامیلکەی (مافی مرۆڤ)دا بەهەمان شێوە داوای دابەشکردنەوەی پارەی فرۆشتنی ئامێرە جەنگیە لەکار کەوتوەکان دەکاتەوەو، ئەمەش دەیکاتە تۆماس پین ـ ی خۆشەویستی هەژارەکان، کەدواجار داوای هەڵوەشاندنەوەی دامو دەزگا زیادەکانی دەوڵەت دەکات. تۆماس پین گەلێك جار جەخت لەسەر سودی پێشنیارەکانی دەکاتەوە. بەباوەڕی ئەو جێبەجێکردنی ئەو پێشنیارانەی، چینی ناوەڕاست لەژێر باری قورسی باجەکانی دەوڵەت رزگار دەکات.

تۆماس پین - یەکێك بوو لەنایابترین ووتەبێژەکانی ئایدۆلۆژیای چینی بۆرژوازو، هەر لەبەر ئەمەش ئەوانی بۆدەسەڵاتداریی حکومەت هان دەدا، ئەو بەزمانی جەبری ئابوریی، ئەو چینەی بۆ ئەو مەبەستە هان دەداو، جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کەسیستمی سیاسی دەبێت دەرئەنجامی دۆخەکانی دەسەڵاتی ئابووریی بێت.

ئێمە لێرەدا نامانەوێت قسەلەسەر ئەوەبکەین کەوێنەو بنەما بنبەڕەتیەکانی حکومەتەکان هەمان شتەکۆنەکانی رابردوونو، هەلومەرجەکانی ئەمڕۆ جێگەی باسی ئێمە نیە. تاحکومەتێك، کۆنتربێت کەمتر لەتەك بارودۆخەکانی ئەمڕۆدا دەگونجێت. سەردەمی گۆڕانکاریی بارودۆخەکانو بیروباوەڕەکان، هەمان کاریگەریان لەسەر پیربوونو بێ کەڵك بوونی شێوەی حکومەتەکان هەیە، کە لەسەر دابو نەریتەکان هەیانە. جوتیاریی‌و بازرگانی‌و بەرهەمهێنانو ئەو پیشانەی لەخزمەتی ئاشتی‌و ئارامیدانو، لەرێگەیانەوە خۆشبەختی گەل پەرەدەسێنێت، خوازیاری بنیات نانی سیستمێکی حکومی جیاوازترنو، ئەمەش پێویستی بە فێربوونی ئەو زانیاریانەیە هەیە، کە لەرۆژگارە کۆنەکاندا بوونیان نەبووە.

ئەودەمەی بورژوازیی حکومەت کۆنترۆڵ دەکات، هەوڵ دەدات دامودەزگایەکی سادەو چالاك دابمەزرێنێت. هەر لەبەر ئەمەش دامو دەزگاکانی حکومەت بچوکن‌و بودجەکانیشیان هەرزانە.

( حکوموت لەبنەڕەتدا بریتیە لەئەنجومەنی نەتەوەیی‌و، ئامانجی دابینکردنی خێرو بەرژەوەندیی گشتیە. ئەوەی مرۆڤ دەیەوێت ئەوەیە دوای کارو کاسبیە تایبەتیەکەی خۆی بکەوێت‌و لەوپەڕی ئاسایش‌و ئارامیدا لەبەری رەنج‌و دەسکەوتە ئابوریەکەی خۆی بخوات‌و، بۆ ئەمەش کەمترین پارەی لێ وەربگرێت. ئەودەمەی سەرجەم ئەوشتانەمان جێبەجێکرد ، ئەوا ئامانجەکانی ئەو حکومەتەی بۆ ئەو مەبەستانە دروستکراوە، دێتە دی).

بەپێی بیرو ڕای تۆماس پین، کۆمەڵگای لیبراڵ هیچ یەکیەتی‌و کۆبونەوەیەکی تێدا بەدی ناکرێت. هاوکاریی‌و دۆستایەتی تایبەتمەندیی ئەو کۆمەڵگایە نین. تۆماس پین وەکو ئادام سمیت‌و مەدیسۆن‌و، وەکو ئەو دوای لایەنگرانی کۆمەڵگای لیبراڵ، تائێستا ستایشی ئەو ململانێ نهێنیانەی نێو جەرگەی لیبرالیزم دەکات. ئەم دەقەی خوارەوە لەلایەن ئەو فرەگەرایەوە نوسراوە کە بەرگریی لە گەلسالاریی لیبڕاڵی دەکات لەسەدەی بیستەمدا: گەل لەوتاکە دابڕاوانە درووست بووە، کەهەریەکەو پیشەیەکی دیاری کراویان هەیەو، بەپێی بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ یەکتردا پەیوەندیی دروست دەکەن‌و، یەکدەگرن‌و لەیەکتر جیادەبنەوەو، ناڕەزایی دەردەبڕن.

حکومەت هۆکارێکی گرنگە لەمەڕ دروستکردنی ئەو کۆمەڵگایەی لەسەر بنەمای دادپەروەریی‌و چاکەکاریی دامەزرابێت. هەروەها هۆکارێکی گرنگی



دامەزراندنی خۆشگوزەرانیە. تاکە ڕۆڵی حکومەت فەراهەمکردنی جێگیریی‌و ئاسایشە لەمەڕ پراکتیزەکردنی کۆمەڵگای بازرگانی.

تۆماس پین لەدرێژەی نامیلکەی (ئەقڵی سەلیم)دا باس لەئاکامەکانی بەردەوامیی دەسەڵاتی بەڕیتانیا دەکات لەئەمریکاو دەنوسێت: بەردەوامیی ئەودەسەڵاتە بەناچاریی دەبێتە هۆی بەرپاکردنی بارگرژی‌و کارەسات لەنێو پێکهاتە ئابوریەکانی کۆمەڵگا.

کۆچبەرە دەوڵەمەندەکان روو لە وڵاتێك ناکەن کە چارەنووسی سیستمی حوکمڕانی ئەو وڵاتە بەتاڵێك موی باریکەوە گرێ درابێت، و هەر رۆژەو مەترسی بارگرژی‌و قەیران لەو وڵاتەدا بەدی بکرێت. لە بارودۆخێکی لەو جۆرەدا ، دانیشتوانی ئەمریکا بۆ خۆیان بیر لەوە دەکەنەوە بارگەو بنەیان لەکۆڵ بنێن‌و بە نائومێدیەوە دەست لە خێرو بێری وڵاتەکەیان هەڵبگرن‌و هەڵبێن. حکومەت لە چوارچێوەی تیمی کۆنی پاشایەتیدا ، سەرباری کەم‌و کوڕیە بەرچاوەکانیان فەراهەم بکات‌و، جگە لەوەش خودی حکومەت هۆکاری سەرەکی تێکدانی ئاشتی‌و ئاسایشی هاوڵاتیان بوو، هەروەها بەهۆی وەرگرتنی باجی زۆر قورس، سامان‌و دارایی مرۆڤەکانی ژێردەستی خۆی تالآن دەکرد.

تۆماس پین لەمافەکاندا دەنوسێت: ئەودەمەی بارودۆخی مەینەتباری مرۆڤەکانی ژێر دەسەڵاتی پاشایەتی لێك دەدەینەوە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کەهێزێکی دیاریکراو سەروماڵیان وێران دەکات‌و، دەسەڵاتێکی تریش بەرەو لایەکی تر پاڵیان پێوە دەنێت‌و، ئەوەندە باجی قورسیان لەسەر دادەنرێت، کەداگیرکەری وڵاتان لەسەر دیلەکانی خۆی داینەنێت. بەمشێوەیە

دەتوانین بڵێین کەسەرجەم ئەو سیستمانە فاسیدو بێ کەڵکن‌و پێویستە شۆڕشێکی هەمەگیر، بنەماو پێکهاتەی ئەو حکومەتانە بگۆڕێت.

لەڕوانگەی ـ تۆماس پین ـ ەوە، وەرگرتنی ئەو باجانە کارێکی ستەمکارانە بوو، چەندین جار لەنوسینەکانیدا جەخت لەسەر ئەو بابەتەدەکاتەوە. لەووتارێکدا بەناونیشانی (روانگەی رێگەی بێگەڕانەوە)[73] کە لەساڵی 1787دا نووسی، خۆی بە برگریکەری (هەژارەکان‌و بەرهەم هێنەرەکان‌و بازرگان‌و جوتیارو سەرجەم ئەو کەسانە دەزانێت کەباری قورسی باجەکانیان هەڵگرتووە...)

لەڕوانگەی پینەوە، پاشایەتی‌و ئەشرافیەت‌و باج، یەك مانایان هەبوو. تۆماس پین لە (نامیلکە دژە پاشایەتیەکەیدا) کە لەساڵی 1792دا بڵاوی کردەوە، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە: ئەوکەسەی پادشای دەوێت بەهەمان شێوە خوازیاری بەخشینی باجی سێ ملیۆن لیرەی سترلینگە، پین دڵنیابوو کە (پاشایەتی تەنها بۆ کۆکردنەوەی باج دامەزراوە).

لەڕاستیدا شۆڕش دەرئەنجامی یاخی بوونی باجدەرەکان بوو، کە چیتر رۆحیان گەیشتبووەسەر لێویان.

73 - ناونیشانی ئەو وتارەی بریتی یە لە (Prospects of The Rubicon) رۆبیکۆن ناوی روبارێکی بچوکی ناوچەی باشوری رۆژهەڵاتی ئیتالیایە کە دەڕژێتە دەریای ئادریاتیکەوە. لە ساڵی 49 ی پێش زایین، سوپای سیزار بەشێوەیەکی نا یاسایی لەو روبارە پەڕیەوە بەرەو ئیتالیا. لە زمانی ئینگلیزیدا، بەشێوەیەکی مەجازی بۆ ئەو کارانەی هەڕەمەکی‌و بە پەلە ئەنجام دەدرێن ووشەی رۆبیکۆن بەکار دەهێنرێت.



تۆماس پین لەساڵی 1792نووسی: لەولاتی بەریتانیا دووچین بوونیان هەیە، ئەو کەسانەی باج دەدەن‌و ئەوکەسانەی بەهۆی ئەو باجانەوە بەخۆشی دەژین... ئەوکاتەی رێژەی ئەو باجانە دەگاتە ئاستێکی بەرز، ئەو دووچینە بەشێوەیەکی توند لەیەکتر جیا دەبنەوەو ئێستا ئەو جیابونەوەیە سەری هەڵداوە. شۆڕش بۆ دامەزراندنی ئەو حکومەتانەی کە (بودجەیەکی کەمتریان دەویست‌و دەبونە بەرهەمهێنەری خۆشبەختیی گشتی)و( جێگیریی ئاشتی‌و شارستانیەت‌و بازرگانی) گرنگ‌و پێویست بوو. بەباوەڕی پین وابەستەیی نەریتگەرایانە بەفۆرمە کۆنەکانی حکومەتەوە، لەبەرامبەر (سەنگی مەحەکی ئەقڵ) هەڵدەوەشایەوە. پین لەو بارەیەوە دەنوسێت: رەگەزپەرستی بێ هودەیەو، دانایی وەکو کات، رێگەی خۆی ئاوەڵا دەکات‌و، بڕیارە لەپێشینەکان لەبەرامبەر بەرژەوەندیەکان، دەدۆڕێت. لێرەدا مەبەست لەدانایی، ئەقڵی بورژوازیی کەسە بەرژەوەندیی خوازەکانە. بەباوەڕی تۆماس پین: گەشەسەندن‌و پێشکەوتنی بەریتانیا بەبێ ئامادەبوونی حکومەت‌و، تەنها بەهۆی هەوڵ‌و ماندوبونی خەڵکانی درووست بووە:

پێشکەوتنە ئابوریەکان دەرئەنجامی کۆششی تاك‌و ئەنجومەنە جیاوازە پێشەیەکانەو لەم میانەیەدا گەر زۆر بازاڕیانە قسە بکەین، حکومەت نەسەری پیازە نەقنچکی پیاز. ئەوکاتەی ئەو لایەنانە بیریان لەداڕشتنی بەرنامەی کارەکان دەکردەوە، حکومەت لەبنەرەتدا بوونی نەبوو، بەلای ئەوانەوە گرنگ نەبوو کێ لەسەرکار دابنێت کێ لەسەر کار لابداو، تەنها هیوایان ئەوە بوو کەحکومەت دەست لەکارەکانیان وەرنەدات.

بەڵام گەر حکومەت دەست لەکارو باری کاسبکارەکان وەرنەدات، ئەوکات کۆمەڵگایەك دروست نابێت کە لەڕووی پێکهاتەوە تەواو یەکسانو بەرابەربێت. تۆماس پین کە بورژوازیەکی لیبراڵ بوو، سیتمی پاش شۆڕشی بەسیستمێکی دابڕاو لەئەشرافیەت دەزانی، کەهێشتا جیاوازییە ئابوریەکانی تێدا بەدی دەکرێت. ئەو لەساڵی 1792دا دەنوسێت: بەدڵنیایەوە لەرێژەی خاوەنداریەتی تاکەکاندا جیاوازیی ئاست بەدی دەکرێتو، ئەمەش پەیوەندیی بە ئامادەیی زیاترو شارەزایی بەڕێوەبردنو کۆششی زیاترو کەڵك وەرگرتنی زیاتر لەدەرفەتەکان هەیە لەلایەن تاکەکانەوە.

پینی شۆڕشگێڕ، داهاتووی لەئەمریکادا بەدی کردبوو. ئەوەی لەئەمریکا روی دەدا، دەبوە ئەستێرەی گەشی شۆڕشی بورژوازیی ئەوروپا. ئەمریکا ئەسینای نوێ بوو، ئەمریکا بە (نمونەی ستایشکراوی سەردەمی نوێ) لەقەڵەم دەدرا. ئەمریکا لەمێژوودا سەردەمێکی نوێی دەست پێکرد: رۆژی لەدایك بوونی جیهانی نوێ، ئەو جیهانەی لەژێر فەرمانڕەوایی بنەما کۆماریيو ئامانجە بورژوازیەکاندا بوو.

زمانی تۆماس پین، دەربڕینەکانی یوحەنای پەیامبەرمان[74] بیر دەهێنێتەوە، کەبەزمانی زانستی میکانیکی پێشکەش دەکرێتو تۆماس پینی ئەندازیار، چارەنووسی ئەمریکا بەم باسە گرنگەی ئەرەشمیدۆسەوە دەبەستێتەوە: ئەگەر شوێن پێیەکم هەبوایە، جیهانم لەشوێنی خۆی بەرزدەکردەوە.

---

74 - لە بنەڕەتدا ووشەی Millenariam بەکارهاتووە کە ئاماژە بۆ سەردەمی هەزار ساڵەی پاشایەتی مەسیح دەکاتو لەو هەزار ساڵەدا شەیتان ناتوانێت _ئیمتیها_ فریو بدات.



شۆڕشی ئەمریکا لەسیاسەتدا ئەوشتانەی ئەنجامدا کە لەچوارچێوەی زانستی میکانیکدا تەنها تیۆری بوون. حکومەتی ئەمریکا، بودجەی کەمی دەویست. بودجەی ژیانی تایبەتی پادشای بەریتانیا (هەشت ئەوەندەی سەرجەم بودجەی حکومەتی فیدراڵی ئەمریکایە).

حکومەتی ئەمریکا چوارچێوەی سادەو ساکاری هەیە، ئەمریکیەکان بەدڵو گیان گوێیان لەم ئامۆژگاریەی پین گرتو جێبەجێشیان کرد: کۆی سەرجەم بودجە گرنگەکانی حکومەت، کەمترە لەوەی کەهەموان تەسەوری دەکەن: لەچوارچێوەی چالاکیەکانی حکومەتی ئەمریکا، شوێنێك بۆ تەڵەکەبازیو کارە نهێنیەکانی دەربار نەماوەتەوە، لەئەمریکا هەموان بەجوانی لەکاروبارەکانی حکومەت تێدەگەنو، هیچ بڕیارێکی حکومی بەشێوەیەکی ئاڵۆزو پەردەدارانە پێش کەش ناکرێت. شوێنێك بۆ نهێنیەکانو بۆ شاردنەوەی راستیەکان نەمابوو. تۆماس پین لە ئەقڵی سەلیمدا۔ ستایشی سادەیی حکومەتی ئەمریکا دەکاتو دەڵێت: ئەو حکومەتە لەبەرامبەر بارگرژیەکاندا زیاتر خۆی رادەگرێت. بەباوەڕی تۆماس پین سیستمی حکومڕانی بەریتانیا ئەوەندە ئاڵۆزە، کە تەنانەت لەپاش چارەسەرکردنی کەموکوڕیەکانی، تاماوەیەکی زۆر ئەو عەیبانە کاریگەریی خراپی خۆیان بەجێ دەهێڵن. سودی حکومەتی ئەمریکا فرەلایەنو پێکەوە گرێدراوە: تەنها کاتێك دەکرێت دزیی لەگەل بکرێت، کەپێیان بسەلێندرێت حکومەت شتێکی زۆر قوڵو ئاڵۆزە.

دواجار تۆماس پین دەگاتە ئەو ئەنجامەی کەحکومەتی ئەمریکا بەزوترین کات دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ جیهانو، بەشێوەی نوێنەرایەتی بەڕێوە دەچێتو، بەردەوام بوونی، پێویستیی بەڕەزامەندی گەل هەیە. بەهۆی ئەم باوەڕەوە

جارێکی تر تۆماس پینی رادیکاڵ، بۆرژوازیەتی خۆی دوپات دەکاتەوە. تۆماس پین جگەلەوەی حکومەتی ئەمریکا وەکو نوسینگەیەکی کاروباری بازرگانی وێنە دەکات، رەزامەندییو مافی نوێنەرایەتی گەلیش بەزمانی بیرکارییو بەمامەڵەی بازرگانی وێنە دەکاتو بەم شێوەیە وێنەی ئەمریکای ئازاد دەکێشێت:

هەموو کەسێك حکومەتدا خاوەن پلەو بەشدارەو، بەپێویستی دەزانێت بەپێی ئەو بەشداریەی خۆی سەر لەکاروبارەکانی حکومەت دەربکات، کاروباری بازرگانی حکومەت بۆ هەموو کەسێك گرنگە، لەبەر ئەوەی ئەوکارو بارە کاریگەریی لەسەر سامانو دارایەکانی تاك بەجێ دەهێڵێت. ئەوتاکە، بودجەکانی حکومەت هەڵدەسەنگێنیو سودو زیانەکانی لێك دەداتەوە، لەمانەش گرنگتر وەکو ئەوەی کە لەحکومەتەکانی تردا بەدی دەکرێت، نابێتە کۆیلەی (رابەر)ێکی دیاری کراو.

تۆماس پین دەنوسێت: حکومەتی ئەمریکا لەسەر بنەمای ئەو تیۆریەتی ئەخلاقییە دامەزرا، کەلەسایەیدا رێز لەمافەکانی مرۆڤ دەگیراو، هەر ئەو بنەمایەش (مافی مرۆڤ) رۆژهەڵاتی جیهانی بەرۆژئاواوە دەبەستەوە. ئەو حکومەتەی لەسەر بنەمای ئەو تیۆریە ئەخلاقیە دادەمەزرا، گەلێك، کاریگەریی کۆمەڵایەتیو ئابوریی گەورەی بەجێ دەهێشت.

تۆماس پین لەکتێبی (مافی مرۆڤ)دا باس لەوەدەکات کە ئەوکاریگەریانە بەزوترین کات لەئۆقیانوسی ئەتڵەسی دەپەڕێنەوە بۆجیهانی ئەوبەر،

(لەئەمریکا زوڵم لەهەژارەکان ناکرێتو، دەوڵەمەندەکانیش بەچینی باڵادەستی کۆمەڵ لەقەڵەم نادرێن. دەربار بوونی نیە، تاوەکو لەکیسەی گەل



بۆکارو بارە بێ کەڵکەکانی خەرج بکات. لەوێ لەوجۆرە ستەم کاریانەی دەربار بەدی ناکرێت، لەبەر ئەوەی حکومەت دادپەروەرە).

بەباوەڕی تۆماس پین، بەریتانیەکان پەیامی شۆڕشێکی ئاماژەپێکراویان وەردەگرت. لەساڵی 1792دا نوسی: دەنگی ئەم گۆڕانکاریانە بەزوویی دەگاتە بەریتانیا (ئەوەندە خێرا ئەم گۆڕانکاریانە دەگوێزرێنەوە بەریتانیا، کەکەس باوەڕناکات. رۆژ بەرۆژو کاتژمێر لەدوای کاتژمێر دەنگی شۆڕش بەرزو بەرزتر دەبێتەوە.... بودجەی لەرادەبەدەری حکومەت، گەلی نیگەران کردوە) نەقێزەونی ئەخلاقیو، نەگوشاری جەستەیی، ئەوەندەی باجو بودجە قورسەکانی حکومەت، گەلیان بەرەو شۆڕش هان نەدا.

لێرەدا بەجەختکردنەوە لەسەر روخسارە بورژوازیەکانی بیروراکانی تۆماس پین، نامانەوێت لەوەش بێئاگابین[75] کەدواتر ئەو دەبێتە پاڵەوانی چارتیستو یەکەمین یەکیەتی کرێکاری، ئێمە تەنها دەمانەوێت ئەوە بسەلێنین کەبنیاتگەریی (رادیکالیزمی) تۆماس پین، ئاوێتەی بورژوازیی بووە. بەڵام دەبێت لێرەدا ئاماژە بەوەبکەین، هیچ کەس لەوبورژوا رادیکاڵانەی کەهێرشیان کردە سەر ئەشرافیەت، ئەوەندەی تۆماس پین بیریان لەخەڵکی هەژار نەدەکردەوە. هاودەردیی تۆماس پین لەگەڵ هەژارەکان بەڕوونی لەنێو بەرهەمەکانیدا دیارە، لەگەڵ هەموو ئامانەشدا، گوێگرتنی تۆماس پین لەئازارو مەینەتیەکانی هەژارەکانو جەختکردنەوەی لەسەر ئەو کاروبارانە،

75 - لایەنگرانی حیزبی ریفۆرم خواز کە زۆربەیان کرێکار بوونو لە ساڵەکانی (1838-1848) لە بەریتانیا زۆبەی چالاکیەکانیان ئەنجام دا.

دەرخەری خواستی ریفۆرم خوازانەی زێڕنی تۆماس پینە، کە لەسەدەی بیستەمدا بووە دەستپێکی زۆربەی یاساکانی بیمەی کۆمەڵایەتی.

کەواتە هیچ گومانێك لەوەدا نیە کە ـ تۆماس پین ـ تادواپلە پەرەی بەرادیکاڵ بورژوازیی داو هەر لەو ڕوانگەیەوە موحافیزکارەکان ئەو سەردەمەیان بەسەردەمێکی مەترسیدار لەقەڵەم دەدا، بۆنمونە جۆن ئادامزی دوهەمین سەرۆك کۆماری ئەمریکا بەشێوەیەکی جوان باسی مەترسی تۆماس پین دەکات. جۆن ئادامز کەڕابەرایەتی بەرهەڵستی کۆچبەرنشینەکانی دەکرد لەدژی بەریتانیاو، بەرگریی لەسەر بەخۆیی دەکرد، هەرگیز دەستی لەئامانجە موحافیزکارانەکانی هەڵنەگرتبوو.

دیدگای یەکسانیخوازانەو رادیکالزمی تۆماس پین لەلای جۆن ئادامز، کە ئامادەبوونی چینو توێژەکانی بۆ ڕێکخستنی سیستمی کۆمەڵایەتی بەپێویست دەزانی، دیدگایەکی ناپەسەند بوو. جۆن ئادامز تەنانەت (ئەقلی سەلیم) بەشەڕئەنگێزانە لەقەڵەم دەداتو لەوبارەیەوە دەنوسێت: کورتبینانەو نائاگایانەو بێ بایەخەو زۆربلێیە.

جۆن ئادامز لەنامەیەکدا لەساڵی 1805دا نووسی:

باوەڕناکەم لەسی ساڵ پێش ئێستاوە کەسێك هەبوبێت ئەوەندەی ـ تۆماس پین ـ کاریگەریی لەسەر دانیشتوانی زەوی بەجێ هێشتبێت. لەم سەردەمەدا لەتۆماس پین دیۆئاساتر[76]، کەسی تر بوونی نیە. تۆماس پین کەئاستی نێوەندی نێوان سەگو بەرازە ، دەرئەنجامی تێکەڵاو بوونی بەرازێکی وەحشیو

76 - لە دەقەکەدا "Satyr" لەکارهاتووە، کە بەپێی ئەفسانەیەکی یۆنانی ناوی بونەوەرێکی نێرە کە نیوەی لەشی وێنەی خوداوەندی دارستانو گوندە.



گورگێکی مێ یەو، تائێستاش مرۆڤ لەهیچ سەردەمێکدا بواری جێبەجێکردنی ئەم بیرورا ناڕەسەنانەی تۆماس پینیان فەراهەم نەکردوە. کەواتە دەبێت بەم سەردەمە بوترێت: سەردەمی تۆماس پین.

## ـ تۆماس پین و دووسەد هەمین ساڵڕۆژی ئەمریکا ـ

تۆماس پین لەسەردەمی ژیانیدا ناوبانگێکی باشی نەبوو، لەنێو نەوەکانی دواتریشدا هەر بەوجۆرەمایەوە. لەڕوانگەی بورژوازیەتی جیهانی بەریتانی ئەمریکیەوە، کە وەکوچینی بورژواز سەرکەوتنی بەدەست هێناو دەسەڵاتی گرتە دەست، بەڵام تۆماس پین بەکەسێکی لەڕادە بەدەر بنیاتگەرا، لەقەڵەم دەدرا.

ئەوکاتەی کەبورژوازیەت لەبەرامبەر ململانێکانی لەتەك چەپەکاندا، بووبە چینی باڵادەست، یەکسانی خوازیەکانی تۆماس پینو هێرشەکانی بۆسەر چینی باڵادەست بەکارێکی خراپ لەقەڵەم دراو، خراپەکەرێکی تری ناوبانگی تۆماس پین، ئەوکاردانەوەی دژە ئازادبیریەبوو کەتایبەتمەندیی پۆست رۆشنگەریی بەریتانیاو ئەمریکا بوو. تۆماس پین بەنەفرەت کرا. لەبەر ئەوەی دەجاڵی سەردەمی دانایی بوو. تۆماس پین لەنێو بزوتنەوەی سەدەی نۆزدەهەمی چینی کرێکاریدا ژیاو، یەکێك بوو لەتیۆرسەنەکانی یەکسانی خوازییو، هیچ پلەو پایەکی چینایەتی نەبوە، بەڵام لەلای ئەوداماوانەی پەنایان بۆ کلێسا دەبرد ناوبانگێکی باشی بەجێ نەهێشت.

وردەوەردە لەسەدەی بیستەمدا تۆماس پین گرنگی پێدرا. جارێکی تر کتێبەکانی چاپکرانەوەو ناوناوبانگی بۆ گەڕایەوە. پاش تێپەڕینی 120ساڵ لەنووسینی خراپەکاریەکانو ئیلحادو مەشروبخۆرییەکانی تۆماس پین، دواجار لەمرۆدا چاومان بەوژیان نامانەی دەکەوێت کە ژیانی پڕ لەبەرهەمو نهێنیە وردو سەرسوڕهێنەرەکانی بیروڕاکانی تۆماس پین یان تێدا نوسراوە. ئێستا لە لەبەریتانیاو ئەمریکا گەلێك ئەنجومەن بەناوی تۆماس پینەوە بوونیان هەیە.

لەساڵی 1964دا لە سێدفۆرد، پەیکەرێك بۆ تۆماس پین دروستکرا، لەساڵی 1968دا لەسەر گەورە جادەی سێرد فۆرد، مەیخانەیك بەناوی (مافی مرۆڤ) دروستکرا، کەهەر لەپاڵیدا هۆڵێکی حەوانەوە بەناوی (هۆڵی حەوانەوەی تۆماس پین) دروستکراوە. دیوارەکانی ئەو هۆڵە بەپۆستەری گەورەی بەرگی بەرهەمە سەرەتایەکانی رازاوەتەوە. رەنگە رۆحی تۆماس پین بەوکارانە خۆش بێت. لەساڵی 1978دا وێنەیەکی - تۆماس پین - لەسەر پول چاپکرا. ماڵەکەی لە(نێو راچلچاك) کرایەوە، بۆئاگادارکردنەوەی ئەو گەشتیارو خوێنکارانەی سەردانی دەکەن. لەسەردەمی دووسەدهەمین ساڵڕۆژی سەربەخۆیی ئەمریکاو، لەدواهەمین ساتەکانی تەمەنیداو لەسەرەمەرگدا، دەرمانێك بۆ برینە رۆحیەکانی تۆماس پین دروستکرا. هەر لەو سەردەمەدا گەلێك ووتارو کتێب لەمەڕ ستایشکردنی ژیانو بەرهەمەکانی - تۆماس پین - بڵاوکرانەوە، ئەمەش شایەتێکە بۆ (رێزگرتنی ئەمریکیەکان لەتۆماس پین). بەڵام لەپاش هەموو ئەو رێزگرتنو ستایش کردنە، جێبە جێکردنی بنەما سەرەکیەکانی ئەو، واتە روخاندنی پلەو پایە چینایەتیەکان، زیاتر رۆحی ئەو خۆشتر دەکات. ئەقڵی سەلیم لەساڵی 1776دا روولەئەمریکا دەکاتو، لەساڵڕۆژی سەربەخۆیی



ئەوولاتەشدا (لە 1976) بەمشێوەیە روو لەگەلی ئەمریکاو جیهان دەکاتو دەڵێت:

خەڵکینە، پێشوازیی لەئازادیی بکەنو پەنایەك بۆ ئەو ئاوارەیە بدوزنەوەو، بەم کارەیشتان بەتێپەڕینی کات سەرپەنایەکی پڕ لەئاسایش بۆمرۆڤایەتی درووست دەکەن.